




# بانە

# یادێک لە د. برایم یونسی

## وەرگێڕ و نووسەری پڕ بەرهەم و بێدەنگ

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ڕحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- کۆچی دوایی برایم یونسی، کۆتایی دەورەیەکی پڕشنگداری وەرگێڕان.............
................................ نازی عەزیما......... وەرگێڕان لە فارسییەوە: کەمال حەسەنپوور ..... ٣
٢- گۆشەگیریی مەدەنی؛ لەپەراوێزی مەرگی برایم یونسی دا ........................ رزگار ئەمین نژاد ..... ٢٢
٣- وتووێژی شەپۆل عەبباسی لەگەڵ "برایم یونسی"............................................... ٢٨
٤- ئیبراهیم یوونسی .............................................. سیروانی ئازاد ..... ٤٤
٥- ئیبراهیم یوونسی؛ زمانزان و زەماناناس ................................ دوکتۆر ئومێد وەرزەندە ..... ٤٨
٦- ئیبراهیم یونسی و خەونێکی گەورە بۆ گۆڕانی کولتووری ........................... عادل قادری ..... ٥٢
٧- ژیان و بەرهەمەکانی ئیبراهیم یونسی ..................................... ئا: محەمەد حەسەن ..... ٥٩
٨- وتاری د. ڕەهبەر مەحموود زادە لە ڕێورەسمی خەڵاتی دوکتۆر ئیبراهیم یونسی ........................ ٦٢
٩- زمان و گەمەی ناسێنە لە بەر تیشکی بیر و بەرهەمی ئیبراهیمی یونسیدا ............ ڕێبوار کەریمی ..... ٧٠
١٠- ئیبراهیم یونسی ................................................................. ٨٦
١١- ئەو دەریا خوێنەی قەت هەڵناچۆڕێ............................ برایم یونسی - و: ڕەسووڵ سوڵتانی ..... ٩٢
١٢- دیمەنی شینگێڕیی "بەهار" بۆ "سولەیمان"ی برای............................ ڕەسووڵ سوڵتانی ..... ٩٦
١٣- بۆچی ڕۆمانەکانی برایمخانی یونسی بخوێنینەوە؟................................ ڕەسووڵ سوڵتانی ..... ٩٩



سەرچاوە
Serchawe

یادێک لە برایم یونسی، وەرگێڕ و نووسەری پڕ بەرهەم و بێدەنگ

# کۆچی دوایی برایم یونسی، کۆتایی دەورەیەکی پڕشنگداری وەرگێڕان

## نازی عەزیما

**وەرگێڕان لە فارسییەوە: کەمال حەسەنپوور**



برایم یونسی، وەرگێڕ و نووسەری پـڕ بەرهەم و بێـدەنگ، ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی ڕێبەرنـدانی ١٣٩٠ی کـۆچی لە تـاران کـۆچی دوایی کرد. برایم یونسی لەو تاقمە ڕۆشنبیرە ئەرکدارانە بوو کە دەیهەویست دنیـا بـۆ هەموو کەس بکـاتە شوێنێکی بـاشتر. هەر بۆیە لە سەرەتا ڕووی کردە مەیـدانی خەبـاتی سیاسی. خەبـاتێکی بێ ئاکـام. نسکۆی سیاسی، نـاوبراوی لە ڕێگـاکەی نەپرینگانـدەوە و ئەوی پەلکێشـی هەڵبژاردنێکـی دژوارتـر و درێژمەوداتـر، بەڵام قـووڵتر و هەرمـانتر کـرد. بڕیـاری دا لە ڕێگای بەرزتر کردنەوەی ئاستی فەرهەنگی گەلەکەی، دەوری خۆی لە گەشە کردنی کۆمەڵگادا ببینێ. لەجیـاتی بە وتەیەکی پێشینیان و وەکو سیاسەتکار و دەسەڵاتداران، ماسی بـدا بە برسییەکان تـا بـۆ ڕۆژێک تێریـان بکـات، ئەوان فێری ماسی

گـرتن بکـات تـا یەک تەمەن بحەسـێنەوە. زیـاتر لە هەشـتا کتێـب کە نـاوی ئەویـان وەک وەرگێـڕ و نووسـەر بە سـەر بەرگەکەیەوەیە، لە مـاوەی تەمەنـی هەشتا و پێـنج سـاڵەیدا، بەڵـگەی تێکۆشـانی بەردەوامـی نـاوبراون. بـرایم یونسـی، لە هەڵبژاردنی کتێب بۆ ورگێڕان گەلێک بە مشوور بـوو تـا لەگەڵ ئەو ئەرکەی کە وەک پیـاوێکی فەرهەنگی گرتبـوویە ئەستۆ، تەبا بێ. بەرهەمی نووسەرانی وەک ویکتـۆر هوگـۆ، چـارلز دیکنـز، شەیکسـپیر، هـاوارد فاوسـت، داستایەفسکی، ئەی. ئێم. فورستر، بەرتراند ڕاسڵ، جۆرج ئەلیۆت، توماس هاردی، ماکسیم گورکی و چخۆفی وەرگێـڕانەوە. لە بـواری مێـژوو و ڕەخنەی وێژەیـی، کتێبەکـانی سـەرچاوە وەک گەشـتێک بە نـاو وێـژەی خـۆراوادا، گەشـتێک بە نـاو ڕەخنەی وێـژەی ڕووسیە، وێـژەی ئەفریقا و مێژووی وێژەی یونـان و لە هەموویـان گرینگتر، کۆی چـوار بەرگـی مێـژووی کۆمەڵایەتی هونەری وەرگێـڕانەوە کە ئاکامی کارێکی تاقەتپڕووکێن، خـۆڕاگری و پشـوودرێژییەکی لە ڕادەبەدەر بـوون. وەرگێـڕان و نووسـین بـۆ نـاوبراو ئەرکێکی پڕ لە مشوور بوو نەوەک کارێک بۆ ڕابواردن. حەنبەڵی بوونی نـاوبراو تـا ئاسـتێک بـوو کە کاتێـک وەرگێڕانـی کتێبێکـی ٧٠٠ لاپەڕی بە نـاوی شێرلی لە نووسینی شـارلۆت بـرۆنتەی تەواو کـرد، چـونکە بـۆی دەرکەوت دژی کرێکـارییە، چـاپی نەکـرد. بۆخۆی دەڵێ: " بۆ ئەوەی کە کەڵکەڵەی چاپ کردنەکەی نەچێتە مێشکمەوە، دڕاندم".

## سەردەمی منداڵی لە بانە

بـرایم یونسـی لە سـاڵی ١٣٠٥ لە شـاری بـانە کە ئەو کـات شـارەدێیەک بـوو، لە پـارێزگـای کوردسـتان لە دایکبـوو. لەبـارەی سـاڵی لەدایکبـوونییەوە دەڵـێ:" وێـدەچێ ئەو بەرواره دروست نەبێ. بەڵـگەی پێنـاس درەنـگ هـاتە کوردسـتان. وەک هەمـوو شتێکی دیکە. سـاڵی ١٣١٠ یان ١٣١١ بوو کە بەڵگەی پێناسیان بـۆ من وەرگرت. لەبیرمە لەسەر تەمەنـی من بـابم و نەنکم هـاوڕا نەبـوون. نەنکم دەیگـوت تەمەنەکەیت زۆر نووسیوە و بـابم دەیگـوت دروسـتم نووسیوە. نەنکم لە سەربـازیی زۆرەملی دەترسا و دەیهەویست چوون بۆ سەربازیی وەدوا بخات، بۆیە هەوڵی دەدا من کەم تەمەنتر بنوێنێ." بە پێچەوانەی ئەوانەی ئەوە دەکەنە بیـانوویەک تـا تەمەنـی خۆیـان کەمتـر لەوەی لە بەڵـگەی پێنەسـەکەیاندا نووسـراوە بنـوێنن، ئەو دەڵـێ:" بە لەبەر چـاو گرتنـی ئەو ڕووداوانەی لە بیـرم مـاون، وای بـۆ دەچم دوو یـان سێ سـاڵ لەوە بەتەمەنتـر بـم کە لە بەڵـگەی پێناسەکەمدا نووسراوە."

برایم یونسی تەمەنی دوو ساڵ بوو کە دایکی کۆچی دوایی کرد و لەو کاتەوە لە لای نەنک و باپیری گەورە بـوو. بە گـوتەی خۆی: "ئەو دوو مرۆڤە گەلێک قانع و زەحمەتکێش و هەڵبەت هەژار بـوون." بـاپیری بەو پیشە جۆراجۆرانەی دەیزانـی وەک دارتـاشی، کرێکاری، بەرگدروون و کاری دیکە خۆی بەخێو دەکرد. "ئەو پیاوێک بوو کە هاوکات مرۆڤێکی قسەخۆش، دڵخۆش و ڕازێنـەرەوەی مەجلیسـان بـوو". و لە بـارەی دایـک و باوکیدا:" دایکم کچـی ڕەعیەت بـوو و بـاوکم بەگـزادە، یەکێک لە



سەرچاوە
Serchawe

ملّکدارانی ناوچە. سلێمان خان، نەوەی یونس خان، حاکمی بانە. ماڵەکەی، ماڵی باوکم، ماڵێکی شێواو بوو. پێنج خوشکی هەبوون و سێ زڕدایک، سێ برا و برازایەک و کۆڵێک خزمەتکار ... هەر کامیان بۆخۆیان حوکوومەتێک و هەرکام تێگەیشتنی تایبەت بە خۆیان لە سەر خۆیان و بنەماڵە مەزنەکەیان هەبوو. بنەماڵەی باوکم هەموویان بەر و پشت ئەتڵەسی بوون (لە هەردوو لاوە بەگزادە بوون) بێجگە لە من و دوو مامم، ئێمە بەرێکمان ئەتڵەسی و بەرەکەی دیکەمان خام بوو. من لە پازدە ساڵییەوە مەگەر بە هەڵکەوت دەنا نەچوومە ماڵی باوکم و هەر جار دەچووم دەیانشکاندم. نەنکم نەیدەهێشت بچم."

## تازەلاویی و خوێندن

برایم لە تەمەنی دوازدە ساڵەییدا خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی دەوڵەتیی پەهلەوی تێپەڕ دەکات. بەڵام دەیهەویست درێژە بە خوێندن بدا. ئەوکات بانە قوتابخانەی ئامادەیی نەبوو. باوکی ناوبراو بۆ درێژە پێدان بە خوێندن دەینێرێتە سەقز کە شەست کیلۆمیتر لە بانە دوورە. لە سەقز لەگەڵ عەبدولقدر بەهرامی و ئەحمەد تەوەکولی دەبێتە هەڤاڵ و ئەو دۆستایەتییە تا کۆتایی تەمەن دەپارێزێ. لە ١٣٢٠ دەورەی سیکل، یان سێ ساڵی یەکەمی ئامادەیی لە سەقز تەواو دەکات. ئەوە، هاوکاتە لەگەڵ داگیرکرانی وڵات لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمان. ئەو دەڵێ:" لەگەڵ داگیرکرانی وڵات ناوچە شێوا و بوو بە خێڵەکی. ئیتر قوتابخانەیەک نەما و من تا ساڵی ١٣٢٢ بێکار بووم". لەو ساڵەدا، هێزی سەربازیی لە بڕیارنامەیەکدا بنەماڵە خێڵەکییەکان هان دەدا ئەو منداڵانەیان کە مەرجەکانی پێویستیان هەیە لە قوتابخانەی سەربازییدا ناونووس بکەن. ناوبراو مەرجەکانی هەبوو، بۆیە دێتە تاران و لە ١٣٢٢ لە قوتابخانەی ئامادەیی سەربازیدا خۆی ناونووس دەکات.

لە قوتابخانەی سەربازییدا لەگەڵ هەڤاڵی تاهەتایی ژیانی، دوکتور روحوڵڵا عەبباسی ئاشنا دەبێ. لەبارەی ناوبراوەوە نووسیویەتی:" چاکم لەبیر ماوە کاتێک بۆ یەکەم جار تووشی یەکتر بووین. ئێمە تەنیا تازەلاو بووین، هەردووکمان لە شاری دیکە ڕا هاتبووین بۆ تاران، ئەو لە ئابادە ڕا و من لە بانە. هەردووکمان هاتبووینە قوتابخانەی ئامادەیی سەربازی. تا ئەو جێیەی ئێمە ئاگادار بووین ئەو کاتی تەنیا دوو ناوەندی فێرکاریی شەوانەڕۆژ لە وڵاتدا هەبوون:

یەکیان قوتابخانەی ئامادەیی سەربازیی و ئەویدیکە زانینگەی سەرەتایی بوو، ئێمە هاتبووین بۆ قوتابخانەی ئامادەیی سەربازی. ساڵی ١٣٢٢ بوو، هەردووکمان دوو ساڵ دەستمان لە خوێندن هەڵگرتبوو. ئەو کاتی حەوشەی ئەو قوتابخانەیە تەنیا بە گڵۆپێکی لاواز ڕووناک دەکرایەوە. لەبیرمە لە یەکەم شەوی هاتنمان، وەک غەریبان لە حەوشەکەدا دەگەڕام و

بیرم لە غوربەت، دوور بوون و داهاتووی خوێندن و ئەو جۆرە بابەتانە دەکردەوە ... کە یەکێک لە ناو تاریکییەوە بەرەو ڕووم هات. سڵاوی کرد و پرسیاری کرد ناوم چییە و زێدم کوێیە. منیش پێیم گوت. ئەو خۆی ناساند و گوتی کێیە و لە



کوێ ڕا هاتووە ... دوای ئەو قسانە، دەستبەجێ گوتی:" برایم، وەرە هەڤاڵی یەکتر بین" ... بووینە هەڤاڵ، ئێستاش هەڤاڵین، وەک دوو هەڤاڵ ماوینەوە، سەرەڕای هەموو بەرز و نەوی و پێچ و گەوەکان، زویر بوون و ئاشت بوونەوەکانی جاروبار ..." (بە یارمەتی ئەو هەڤاڵەیە کە دواتر لە قوتابخانەی ئابووری خۆی ناونووس دەکات. بەکالۆریۆس وەردەگرێ و دواتر دیسان بە یارمەتی ناوبراو کە لە فەڕانسە مامۆستای زانکۆیە، بۆ تەواو کردنی خوێندن دەچێتە پاریس و تا وەرگرتنی پلەی دوکتۆرا، درێژە بە خوێندن دەدا).

### لاوەتی، ئەفسەرێکی توودەیی

برایم یونسی لەساڵی ١٣٢٤ دیپلۆم وەردەگرێ و دەچێتە زانینگەی ئەفسەری. لە ساڵی ١٣٢٧ بە پلەی جێدار (ستوان دووهەم) لە هێزی سوارە زانینگەی ئەفسەری تەواو دەکات و بە مەئموورییەت دەچێتە ورمێ یان ڕەزاییەی ئەوکات. لەوێ لە ساڵی ١٣٢٨ ژن دێنێ. ئاکامەکەی سێ کچ و کوڕێک بوون. لە ڕەزاییە سەردەمێکی دژوار تێپەڕ دەکات. کچە چل ڕۆژەکەی نەخۆشی هەو کردنی پەردەی مێشکی گرت. هەر لەوێ و لە کاتی خزمەت کردندا فیشەکی بەر کەوت و لاقێکیان بڕیەوە. "بەفرێکی زۆر دەباری. لاقێکیان بڕیمەوە". ئەرتش ئەوی بۆ لاقی دەستکرد ناردە ئاڵمان و فەڕانسە.

دوای گەڕانەوە بۆ تاران لە بەشی چەکوچۆڵی ئەرتەش لە شەقامی سپە خەریکی کار بوو. لە ساڵی ١٣٣٢ بوو بە ئەندامی حیزبی تودەی ئێران کە ئەو کاتی حیزبێکی مەزن بوو و زۆرتر لاوانێک کە خولیای گۆڕین لە مێشکیاندا دابوو، دەبوونە

ئەندامی. بە گوتەی خۆی "ئەو ساڵانە، سەردەمی سۆز و لەخۆبایی بوون بوو ...". دەبێتە ئەندامی بەشی سەربازیی حیزبی توودە. لە ساڵی ١٣٣٣، نزیکەی ساڵێک پاش ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢، ڕێکخراوی سەربازیی سەر بە حیزبی توودە ئاشکرا دەبێ. "ڕێکخراوی سەربازیی ئاشکرا بوو و ئێمەی ئەفسەران هەموومان، کەم و زۆر، مەحکووم کراین و ناردیانینە بەندیخانە". ئەفسەرانی ئەندامی ڕێکخراوی سەربازیی، دەستە دەستە دەستبەسەر و دادگایی دەکران. یونسی لەگەڵ دەستەی دووهەمە کە هەموویان حوکمی ئیعدامیان دراوەتێ. چاوەڕوانی جێبەجێ کردنی حوکمەکەیەتی کە لەکیس دانی لاق لە خزمەتدا دەفریای دەکەوێ و لە کوژران ڕزگاری دەکات. " تا ساڵی ١٣٣٣ لە بەشی پاشەکەوتی ئەرتەش دابووم. لەو ساڵەدا، پاش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ بوو کە ڕێکخراوی سەربازیی سەر بە حیزبی توودە ئاشکرا بوو و ڕێژەیەکی زۆر لە ئەفسەران دەستبەسەر کران. منیش یەکێک لە دەستبەسەر کراوەکان بووم. کەوابوو خێرا ئێمەیان لە تاقمی دوازدە کەسیدا دەدایە دەست دادگای لە ڕادەبەدەر سەربازیی. من لەگەڵ تاقمی دووهەم بووم و لە بیست و دووهەمی ڕەزبەری ١٣٣٣ دادگایی کرام. لە دادگای سەرەتاییدا بە کۆی دەنگ هەر دوازدە کەسەکەمان حوکمی ئیعداممان پێدرا. لە پێش ئێمەدا، تاقمی یەکەم حوکمی ئیعدامیان پێ درابوو. لە دوایین چرکەساتەکان، کاتی جێبەجێ کردنی حوکمەکە، پێیان ڕاگەیاندم لەبەر لەکیس دانی ئەندامێکی جەستە لە کاتی خزمەتکردندا، پلەیەک لێخۆشبوون، یان لێخۆشبوونی ملوکانەم، پێدرا".

## بەندیخانە، شوێنێک بۆ خۆ فێر کردن و خۆ دروست کردن

برایم یونسی حوکمی زیندانی تا هەتایی بە کاری دژواری پێ دەدرێ. تا ئەو کاتی نە بەتەمای نووسینە و نە تەنانەت زمانێکی بیانی دەزانێ. لە بەندیخانەی لەشکری زرێپۆش، لە عەبباس ئاباد، دەگوازرێتەوە بۆ بەندیخانەی قەسر. لە ساڵی یەکەمی زیندانی تاکە کەسیدا، هەوڵ دەدا بە یارمەتی فەرهەنگی وشە، فەڕانسەییە لاوازەکەی خۆی بەهێز بکات. کاتێک هەلی دیتنی بەندییەکانی دیکەی بۆ دەڕەخسێ، بۆی دەر دەکەوێ کە هاوبەندییەکانی خوێندەوارن. بەشێکیان لە دەرەوەی وڵات خوێندوویانە و بێجگە لە پسپۆڕییەکەیان، شارەزای زمانی دیکەشن. بەندیخانە بۆی دەبێتە زانکۆ. بەشێکی زۆر لە بەندییەکانی ئەوکاتی، کاتێک لە بەندیخانە هاتنە دەر، فێری یەک دوو زمانی بیانی ببوون. بەشێکیشیان لە لقە جۆراجۆرەکانی زانستیدا خولی لقە جۆراجۆرەکانی زانستییان خوێندبوو. زۆربەیان لە ناو بەندیخانەدا دەستیان بە وەرگێڕان و نووسینی کتێبی بە نرخ کرد. برایم یونسی بە هاوکاریی هاوبەندییەکانی فێری زمانی فەڕانسەیی دەبێ. و بە هۆی ئەوانەوە لەگەڵ وێژە و نوسەریی ئاشنا دەبێ و حەزی بۆی دەبزوێ. سۆزی فێر بوون و نووسین تێیدا چەکەرە دەکات. بە یارمەتی هاوبەندییان و دۆستانی دەرەوەی بەندیخانە، لە بەندیخانەوە لەگەڵ ئورووپا و یەکیەتی سۆڤیەت بۆ کۆ کردنەوەی زانیاریی و بنەماکانی نووسەریی خەریکی نامە گۆڕینەوە دەبێ. لە ڕێگای "فێرکاریی نامەییەوە" ڕوو دەکاتە خوێندن لە قوتابخانەی نووسەریی ئینگلیز. لە بەندیخانە کتێبە دەرسییەکان دەخوێنێ، وانەکان جێبەجێ دەکات و یادداشت

هەڵدەگرێتەوە. یادداشتەکانی پەرە پێدەدا و دەیکاتە کتێبی 'هونەری چیرۆکنووسی'. هەر کاتێک سیاوەش کەسرایی دەچێتە سەردانی، بەشێکی کتێبەکەی دەداتێ. سیاوەشیش ئەوان دەداتە ناوەندی بڵاو کردنەوە و چاپی دەکات. لە بەندیخانە درێژە بە کار کردن دەدا ...

## لە دایکبوونی وەرگێڕێک لە بەندیخانە

لێرەوە، ئیتر ڕێگای خۆی دۆزیوەتەوە. ڕێگایەک کە تا کۆتایی تەمەنی درێژەی دەدا. بەندیخانە دەبێتە ڕێگایەک بەرەو ئازادی. لە بەندیخانە 'ئاواتە مەزنەکان'ی چارلز دیکنز وەردەگێڕێتەوە. سەبارەت بەو کتێبە گوتوویەتی ئەوکاتی لە بەندیخانە بووە، لە سیاوەش کە برایەکی لە بەندیخانە بوو و بەردەوام سەردانی دەکرد، لە بارەی وەرگێڕانی 'ئاواتە مەزنەکان'ی چارلز دیکنز دەپرسێ. سیاوەش ناوبراو هان دەدا ئەو بەرهەمە وەرگێڕێتەوە. یونسی ئەو کارە دەکات. کتێبەکە، لە ژێر چاودێریی سیروس پەرهام بڵاو دەبێتەوە و لە ١٣٣٦، کاتێک وەرگێڕ لە بەندیخانە بووە، زانکۆی تاران وەک باشترین وەرگێڕانی ساڵ دەستنیشانی دەکات. 'جادوو کراو'، نووسراوەی سالۆمۆن راببینۆڤیچ (١٨٥٩ - ١٩١٦) نووسەری جوولەکەی ڕووسیەیی، 'خانووی یاسا لێدراو'ی دیکنز و 'سپارتاکوس'ی هاوارد فاوست لە وەرگێڕانەکانی دیکەی یونسی لە بەندیخانە بوون.

## نووسەری پرۆفێشناڵ

پاش هەشت ساڵ، لە ساڵی ١٣٤١ برایم یونسی لە بەندیخانە ئازاد دەکرێ. ئەوسا سەردەمی هەژاری و بێکاری دەست پێدەکات. کار کردن لە ناوبراو قاچاغ دەکرێ، بە گوتی خۆی "سەردەمی بێ بازاڕی و بێکاری بوو".

دوای هاتنە دەر لە بەندیخانە، سێ ساڵ بێکار دەبێ. تا لەگەڵ محەممەد قازی و بیهئازین، کە هەمان چارەنووسیان هەیە، لە لایەن بەشی ورگێڕانی کۆمپانیای دانمارکیی کامپساکس، کە هێڵی ئاسنی ئێرانی دروست دەکرد، دادەمەزرێ. (ئەو تووده‌ییانەی لە بەندیخانە هاتبوونە دەر، ئەگەر تۆبە نامەیان واژۆ نەکردبا لە دامەزراوەکانی دەوڵەتیدا دانەدەمەزران و ناچار بوون ڕوو لە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و نادەوڵەتی بکەن). دۆستایەتییەکەی لەگەڵ قازی لەوێوە دەست پێدەکات و قووڵتر دەبێتەوە. قازیش کوردە و لە ساڵەکانی قوتابخانەی سەربازییەوە دەیناسێ. قازی یاسای خوێندبوو، کارمەندی وەزارەتی دارایی و وەرگێڕ بوو. ساڵێک لەگەڵ محەممەد قازی لە کۆمپانیای کامپساکس هاوکار بوو و پێنج شەش ساڵ دۆستی گیانی بە گیانی یەکترن. یان لەگەڵ بنەماڵەکانیان لە ماڵەوە، یان لە دەروە لەگەڵ هەڤاڵەکانیان لە



سەرچاوە
Serchawe

کافەتریـا و کۆڵانەکانـدا. ئەنـدازیار عیزەتـوڵڵا راسـتکار، بـرای فەهـیمە ڕاسـتکار، ژنـی نەجەف دەریابەنـدەری، کە لە بەڕێـوەبەرایەتی بەرنـامەدا دەسـتی دەڕۆیشت، لە ناوەنـدی ئـاماری ئێـران، سـەر بە بەڕێـوەبەرایەتی بەرنـامە کـارێکی بـۆ دەدۆزێتەوە. لە پێشدا وەک توێژەر و پاشان وەک وەرگێڕ و پاشتر دەبێتە سەرۆکی ناوەندی وەرگێڕان. پیشەیەک کە لە هیچ دامەزراوەیەکـدا نەیخوێنـدووە و بەڵگەنامەیەکیشـی بـۆ ئەو پیشـەیە نیـیە، ئەگەرچـی لە زۆرێـک لە ئەوانەی چووبـوونە قوتـابخانە، باشتر فێر ببوو: "هەر سەرۆکێکی نوێ کە دەهات، کاتێک لە لقی خوێندنی من پرسیاریان دەکرد سەریان سوڕ دەما و کەمێکیش دڵگیر دەبوون، چونکە سـەرۆکی ناوەنـدی وەرگێـڕان بـووم، ئەو کـاتی ناچـار بـووم کەمێک لە تواناییەکـانی خۆم دەرخەم تا سەرۆکی نوێ من وەک سەرۆکی ناوەندی وەرگێڕان قبووڵ بکات و پێی وانەبێ لە شوێنێکەوە داسەپێنراوم".

برایم یونسی لە ۱۳۵۰ بۆ درێژەدان بە خوێندن چوو بۆ پاریس و لە ۱۳٥٦، دوای وەرگرتنی دوکتۆرا لە بەشی ئـابووری گەشـە پێدان لە زانستگای سوربۆنی فەڕانسە، گەڕاوە بۆ تاران.

## یەکەم پارێزگاری کوردستان دوای شۆڕش و دەست لە کار کێشانەوە

دوای شۆڕش، بۆ ماوەیەکی کورت، پێش ئەوەی سادق خەڵخاڵی بنێردرێتە کوردسـتان، پارێزگـاری کوردسـتان بـوو. بەڵام بەو جۆرەی بە ڕۆژنامەی کەیهـان-ی ئەوکـاتی گوتبوو بە هـۆی ناتەبـایی لەگەڵ سیاسـەتەکانی دەوڵەت لە بەرانـبەر کوردسـتاندا وازی هێنـا. ڕۆژنـامەی کەیهـان نووسـی:" دوکتـور بـرایم یونسـی پارێزگـاری دەسـت لە کـار کێشـاوەی کوردسـتان ئەمـڕۆ دەسـتێوەردانەکانی بەرپرسـانی دەرەکی لە کوردسـتانی ئیـدانە کـرد و بەرپرسـیاریی ڕووداوی مەریـوانی خسـتە ئەسـتۆی ئەو کەسانە کە بە بێ لەبەر چاو گرتنی هەلومەرجی ناوچە، پاسداریان بۆ ئەوێ ناردووە".



کەیهان بەردەوام دەبێ و دەنووسێ:" دوکتور یونسی کە ۲۱ ڕۆژ لەوە پێشەوە دەست لە کار کێشانەوەی خۆی بە وەزیری ناوخۆ



سەرچاوە
Serchawe

ڕاگەیاند، هاوکات لەگەڵ ئەو گوتانە لە وتووێژێکدا ئەوەشی زیاد کرد کە گیروگرفتەکانی خەڵکی کوردستان گەلێک زۆرن. زۆرترین پرسەکانی خەڵکی ئەو ناوچەیە دەگەڕێنەوە بۆ هەڵسوکەوتی ڕابردووەکان و ئێستاش هێندێک کۆمیتە و کاربەدەستانی نابەرپرسیار درێژە بەو دۆخە دەدەن. من لە سەرەتای کارەکەمدا هەوڵم دا لە نێوان تاقمە جیاوازەکاندا لێک تێگەیشتن و ڕەزامەندی دروست بکەم و بە گوێرەی ئەو لێک تێگەیشتنە، هێمنی لە ناوچەکەدا دروست بێ. بۆ ئەو مەبەستە دەبوو لە پێش هەموو شتێکدا کۆمیتەکان و پاسدارەکان وەلا نێم. پاشان دەبوو بە پرسی کۆمیتەکان ڕابگەم. یەکێک لەو کۆمیتانە کە ئەحمەد موفتی زادە بەڕێوەی دەبرد، بووە هۆی گیروگرفت و دڵگرانیی زۆر لە ناوچەدا. ئەو کۆمیتەیە پاش وتووێژ لەگەڵ جەنابی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی هەڵوەسێنرایەوە، بەڵام بەڕێز موفتی زادە ملکەچی ئەو هەڵوەشاندنەوە نەبوو". دواتر برایم یونسی ئاماژەی بە وازهێنانەکەی کرد و گوتی:" ئەگەرچی توانیم لە ماوەی سێ مانگدا هێمنی لە نەوچەکەدا دروست بکەم، بەڵام کۆی پرسەکانی ئاماژە پێکراو لە سەرەوە و بێ ئاکام مانەوەی داواکارییەکان، منی لەو مەسەلە حاڵی کرد کە یەکەم، دامودەزگای بڕیاردەر یەک نییە و دووهەم، لە بڕیاردانەکان نیاز پاکییەک بوونی نییە. بۆ وێنە ئێمە کۆمیتەی کابرایەکی مەلامان هەڵوەشاندووە، پاشان کوڕەکەی لە کۆمیتەی ناوەندیی تاران بڕیار وەردەگرێ و لەگەڵ خۆی پاسداران دێنێتە ناوچە. هەر ئەو پاسدارانە ئەمڕۆ لە بیجاڕ لەگەڵ خەڵک تێکهەڵچوونیان هەبووە و ٤ کەس کوژراون ... ئەمجۆرە بێ یاساییە و زۆر بوونی بڕیاردەران کاری پارێزگاریی تێک دەدا، تا کابینەی دەوڵەت ئاڵوگۆڕی تێدا پێکهات و من هەستم کرد بۆچوونی بەرپرسانی نوێ لە ناوچەکە خەیاڵییە و پەیوەندییەکی بە ڕاستییەوە نییە. کەوابوو هاتمە تاران و پێشنیارەکانم بۆ باشتر کردنی دۆخی کوردستان پێشکەشی دەوڵەت کردن. لە کۆتاییدا بەو ئاکامە گەیشتم کە دەوڵەت تەنانەت ئەگەر بیهەوێ دەستێوەردانیش نەکات، لە دۆخێکدا نییە بتوانێ دەستێوەردانەکان کەم بکاتەوە یان ئیزنی ئەو کارە بە من بدا. لە ڕاستیدا دەوڵەت بە وەرگرتنی کارتێکەریی لە لایەن ناوەندی دیکەوە دەیهەوێ کەسانێک بەسەر خەڵکی ناوچەدا بسەپێنێ کە پێشینەیەکیان لەو ناوچەدا نییە. بە داخەوە ئەو هەڵوێستە لە مەریوان وەڕاست گەڕا و ئاکامی نەخوازراوی لێکەوتەوە".

دوکتور یونسی ئەوەشی زیاد کرد:" کەسانێک لە ناوچەکەدا دەستێوەردان دەکەن یان سەبارەت بە کوردستان بڕیار دەدەن کە لە بنەڕەتدا ناوچەکە ناناسن. ئەوان نازانن کە ناوچەکە چەکدارە و بە گوێرەی بۆچوونی زەینی خۆیان کار دەکەن." پارێزگارە دەست لە کار کێشاوەکەی کوردستان لەو وتووێژەدا هەروەها ڕایگەیاند کە "دژە شۆڕش دەوری گرینگ لە ڕووداوەکانی کوردستاندا ناگێڕێ و زۆرتری پرسەکان دەگەڕێنەوە بۆ کاڵفامی و حەزی بە دەسەڵاتگەیشتنی تاکەکەسی". ئەو گوتی "ئەو کەمایەسییە تاکەکەسییانە دەبنە هۆی زیانی قەرەبوو نەکراو ... بەڕێز سەدر حاج سەید جەوادی ئەو تایبەتمەندییانەی دەناسی و هەروەها شارەزای دۆخی کوردستان بوو. بەڵام وەزیری ناوخۆی ئێستا (هاشم سەبباغیان) ناوچەکە ناناسێ و زانیاریی شێواوی هەلومەرجی ناوچەکەی دەدرێتێ و بە گوێرەی ئەو زانیارییانە دادوەریی دەکات. منیش



سەرچاوە
Serchawe

ئامادە نیم گێرەشێوێنییەکانی ئەو خەڵکانەی لەدەرەوەی ناوچە ڕا دەستیوەردان دەکەن قبووڵ بکەم. من ٨ کاتژمێر بۆ دانی ڕاپۆرت لە پشت دەرگای ژووری جەنابی وەزیر چاوەڕوان بووم لە کاتێکدا بەرپرسیان خەریکی کارەکانی ئاسایی ڕۆژانە وەک واژۆ کردنی لاپەڕەی کاری زیادی بوو، لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کار کردن مەحاڵە".

ئەوسا یونسی ئاماژەی بە ڕووداوی مەریوان کرد و گوتی:" ئەندامانی کۆمیتەی هەڵوەشاوی بەڕێز موفتی زادە دوێنێ فەرمانداری مەریوانیان ڕفاند و بە خەستی کوتایان، ئەمڕۆ لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پرسیاری هۆیەکەیم کرد، فەرماندار گوتی: هێندێک پاسدار لەبەر ڕەت کردنەوە دەستێوەردانی حیزبی دێموکرات لە ڕووداوی مەریوان، بە مەبەستی کوشتن لە منیان دا". پارێزگاری کوردستان لەو وتووێژەدا پێداگر بوو کە خەڵکی کوردستان بە هیچ شێوەیەک جیاییخواز نین و، تەنیا خودموختارییان دەوێ، ئەوان دەیانهەوێ بۆخۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە بەرن. یونسی لە کۆتایی ئەو وتووێژەدا جەختی کردەوە کە بە بۆچوونی ناوبراو لایەنگری لە کەسانێک کە بەستێنێکیان لە ناوچەدا نییە و دەستیوەردانەکانی ناڕەوا، لەخۆیدا ڕەت کردنەوەی ئامانجەکانی ئیسلامین. (کەیهان ٢٦ - ٤ - ١٣٥٨)

دەست لە کار کێشانەوەی یونسی بووە هۆی ناڕەزایەتی زۆرینەی کوردان. ئەنجومەنی کوردەکانی ناوەند داوای لە یونسی کرد دەست لەکار نەکێشێتەوە. وتەبێژەکەیان گوتی:" بە لەبەر چاو گرتنی ئەو تەلەگرافانەی بە مەبەستی پشتگیریی لە دوکتور یونسی لە شارە جیاجیاکانەوە بە نووسینگەی ئەنجومەنەکە گەیشتووە، ناوبراو تەنیا کەسێکە کە خەڵکی کوردستان قبووڵیەتی و پشتگیریی لێ دەکەن ... ناردنی هەر پارێزگارێک، بێجگە لە دوکتور یونسی، لەگەڵ ناڕەزایەتی توندی خەڵکی کورد بەرەوڕوو دەبێ". (ئایەندەگان ٢١ - ٤- ١٣٥٨)

دوکتور یونسی لە پێنجی پووشپەڕی ١٣٥٨ دەست لە کار کێشانەوەی خۆی لە پارێزگاریی کوردستان ڕاگەیاند و گەڕایەوە تاران. ناوبراو هۆی دەست لە کار کێشانەوەکەی بڕیاراتێک زانی کە " لە تاران بە بێ ڕاوێژ لەگەڵ پارێزگار و بێ ناسینی بابەتییانەی ناوچەی کوردستان، سەبارەت بە پارێزگاکە دەگیرێن و جێبەجێ دەکرێن".

یونسی لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی ئایەندەگان، جەختی لەسەر پێویستیی هێمنی لە ناوچەی کوردستان کردەوە و گوتی:" کاتێک لە کوردستان هێمنی نەبێ، پرسە ئابووری و ئاوەدان کردنەوەکان چارە سەر نابن". ئەو هەروەها گوتی:" ئەو هەنگاوانەی لەناوەندە جیاوازەکانی بڕیار دان لە تاران بڕیاریان لەسەر دەدرێ، دەبێ بە گوێرەی یاسا، تایبەتمەندیی دەروونی و هەلومەرجی ناوچەکە بزانن، بەڵام چونکە بڕیاردەرەکان ئەو زانیارییەیان نییە، نە تەنیا ناتوانن ناوچەکە ئارام بکەنەوە، بەڵکو دەبنە هۆی دروست بوونی ناڕەزایەتی بەربلاو لە ناوچەدا".

بە گوێرەی ئایەندەگان، یونسی لەبارەی پەسەند کرانی دەست لە کار کێشانەوەکەی لە لایەن دەوڵەتەوە گوتی:" کاتێک دەمهەویست دەست لە کار بکێشمەوە، بەڕێز سەبباغیان تازە ببوو بە وەزیری ناوخۆ و داوای لێکردم ماوەیەک ڕاوەستم. هێندێک قسە لە نێوان من و دەوڵەت هاتنە گۆڕێ، بەڵام بێ ئاکام بوون. منیش پێموابوو درێژەدان بە کار دژوارە و هاتمە تاران. هەڵبەت تا ئێستا دەوڵەت سەبارەت بە دەست لە کار کێشانەوەکەی من بۆچوونێکی نەبووە و تا ئێستاش باسێک لەو پەیوەندییەدا نەکراوە و وێدەچێ کە لە نێوان من و دەوڵەتدا، زمانێکی هاوبەش نەدۆزراوەتەوە و نەمانتوانیوە پێکەوە وتووێژ بکەین". (ئایەندەگان ٢٨ - ٤ - ١٣٥٨)

ئەو لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردیی هیوا، هەژاریی و بێکاریی لاوان و توندوتیژیی سەربازیی بە گرینگترین گیروگرفتەکانی پارێزگاکە دەزانێ:" گیروگرفتی ئێمە چەکە کە لە دەست هەموو کەسدایە، ئەوی دیکە بێکاری و نەبوونی دراوە، بێکارەکانی ئێمە، سەربازی دیپلۆمن. ئەو کەسانەی دیپلۆمیان هەیە و نەچوونە خزمەتی سەربازیی یان کەڵکیان لە یاسای لێبوردن وەرگرتووە، یان لە گوندەوە کۆچیان کردووە بۆ شار، یان کەسانێکن کە لە شارەکانی دیکە کاریان هەبووە بەڵام کارەکەیان لەکیس داوە و گەڕاونەوە ئێرە".

مانگێک دواتر سادق خەڵخاڵی بە حوکمی ئایەتوڵڵا خومەینی چوو بۆ کوردستان و بە ئیعدامی بەکۆمەڵی توندوتیژانە و خێرا لە شارە جیاجیاکانی کوردستان لەو کاتییەوە بناغەکانی حکوومەتی تۆقێنەر و نەفرەت لە کۆماری ئیسلامی لەو بەشەی ئێران پتەو کرد.

برایم یونسی لە کاتی پارێزگارییەکەیدا بەرهەمێکی توماس هاردی بە وەرگێڕانی سیروان ئازاد بڵاو کردەوە. بەڵام چونکە وەک پارێزگاری کوردستان گوایە "وێندێک بەربەست" بۆ چاپ کردنی کتێبەکە بە نێوی خۆی هەبوون، کتێبەکەی بە نێوی کچەکەی سیروان و کوڕەکەی ئازاد بڵاو کردەوە.

## بۆچوونەکانی ویژەیی و کۆمەڵایەتی

برایم یونسی سەر بە جیلێک لە نووسەر و ڕووناکبیری ئێران بوو کە گەشەی فکری و داهێنانیان لە داوێنی حیزبی توودەدا بوو و لەوێوە شێوە و ئاراستەی وەرگرت. لە بواری وێژە و هەروەها کۆمەڵناسیدا، وانەکانی حیزب کاریگەریی لەسەر بەرهەم و کرداریان هەبوو. هێندێک دوای نسکۆی کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ و نسکۆکانی دوای ئەو ڕووداوە، جارز بوون و ڕێگای خۆیان جوێ کردەوە. حیزبی توودەیان پێ خیانەتکار بوو و دەستیان کرد بە دوژمنایەتی حیزبی توودە و حاشا کردن لە

ڕابردووی خۆیـان. بەشێکی دیکە بە هێنـدێک مەرجەوە، بـڕوا ڕاستەقینەکانی خۆیـان بە دادپەروەریـی کۆمەڵایەتی، کە لە کاتی توودەیی بوون فێری ببـوون، پاراست بەڵام ئیتر خۆیـان بە تـوودەیی نەدەزانی. و تـاقمێکی دیکە، نەوەکو لە دنیـای دەرەوە و بە ئاشکرا، بەڵکو بە بێدەنگی و لە زەینی خۆیاندا، هێشتا بە حیزبی تـوودە وەفـادار مـانەوە. ئەگەرچی لە کۆڕی هەڤاڵاندا دانیان پێدا دەنـا. کەسـانی وەکو سیاوەش کەسرایی، بێهئـازین، سـایە و چەنـد کەسێکی دیکە. بـرایم یونسی لە تاقمی سێهەم بـوو. جارێک لە کۆڕێکدا گوتبـووی:" بێتوو جـارێکی دیکە زینـدوو ببـمەوە، دیسـان دەبـمەوە ئەنـدامی حیزبی توودە، چونکە حیزبێکی پاکە".

## لە بارەی نووسەریی

شێوازی کەتـوارگەرایی بە دڵ بـوو. بە بۆچـوونی نـاوبراو 'شەڕ و ئاشتی' مەزنترین ڕۆمـانی دنیـا تـا ئەمڕۆ و داستایەفسکی مەزنتـرین نووسـەر لە ڕوانـگەی ڕۆچـوون لە کـون و کەلێنەکـانی ڕووحـی مـرۆڤ بـوو. هـاتنی نووسینی ڕۆمـان بـۆ ئێـران لە ساڵەکانی ۱۹۲۰، قەرزداری جەمـاڵ زادە و بزورگی عەلەوی دەزانـی. لە نووسـەرانی هاوچەرخـدا ئەحـمەد مەحـمود، مەحـمود دەوڵەت ئابـادی، ڕەزا بەراهەنی و لە شاعیراندا سیاوەش کەسرایی، محەممەد ڕەزا شـەفیعی کەدکەنـی و هوشـەنگ ئیبتیهـاجی لا پەسەند بوون. بڕوای بە چیرۆکی خەیاڵیی نەبوو و بە دڵی نەبوون:" ئەو چیرۆکە نوێیانەش شتێک نادەنە مرۆڤ و بێتوو [لە نووسەرانیان] هۆی [نووسینی] ئەوان پرسیار بکەی، خێرا خۆیان بە "ئۆلیس"ی جەیمز جۆیس و "قـالۆنچە" یـان "مەسخ"ی فرانتس کافکا گـرێ دەدەن و هیچ بیر نـاکەنەوە کە ئەو شتـانەی دەینووسن لە ژیـانی ڕۆژانەی خەڵکدا هەیە یـان نـا ..." بـڕوای بە جۆرێـک کەتـوارگەرایی و ئەرکـداریی کـۆمەڵایەتی لە هـونەردا هەیە و حەزی لێیەتـی:" چیـرۆک دەبـێ جۆرێـک بنووسرێ کە خوێنەر وا بیر بکـاتەوە لەبـارەی ژیـانی خۆیدا دەخـوێنێتەوە. ئەو بەرهەمـانەی ئەمڕۆ دەنووسرێن، دەبـێ بە گوێرەی ڕێسا ئەو تایبەتمەندییانەیان هەبێ، چونکە نووسەر بۆ بەردەنگ دەنووسێ تا قسەی دڵی خۆی بکـات و بیری خـۆی بگێڕێتەوە ..." بەڵام بە بۆچـوونی نـاوبراو داهێنـان و هەستی دەروون، مەرجە سـەرەکییەکانی نووسـەر بـوونن. لای وایە بە چوون بۆ دەورەی چیرۆکنوسی، ناتوانی ببی بە نووسەر.

## لە بارەی وەرگێڕان

لە ڕوانگەی نـاوبراوەوە وەرگێڕان جۆرێک نووسـەرییە:" بـۆ وەرگێـڕانیش دەبـێ کتێب بخـوێنیەوە و خـۆت لە جێگـای نووسـەر دانێی. وەرگێـڕ دەبـێ واتـاکـان بە تەواوی بگـوازێتەوە؛ هەڵبەت تەواو بـوونی بە ڕادەی زانیـارییەکەیەوە گرێـدراوە. کاتێک ڕێـژەی وشـەکانت بەربـڵاو نەبـێ و وشـەکە بە دروستی لە جێـی خـۆی دانەنێی، مانـاکە بە هەڵە دەگـوێزییەوە ..." ئەو لە



سەرچاوە
Serchawe

وەرگێڕاندا بڕوای بە جۆرێک ئەرکداریی بەرانبەر بە نووسەرە:" من بە گشتی دەستی خۆم بە خوێنی نووسەر ڕەنگین ناکەم و تا ئەو جێیەی بۆم بکرێ هەوڵ دەدەم مافی نووسەر زایە نەبێ. وەرگێڕ دەبێ سەرنج بداتە زمانی تایبەتی تاکەکان و ئەوان بە باشی بخاتە ناو بەرهەمەکەوە تا خوێنەر بە باشی لە زمانی کەسایەتییەکە تێبگا، چونکە گێڕانەوەی پزیشکێک لە هی هونەرمەندێک جیاوازە".

ئەو لە هەڵبژاردنی کتێب بۆ وەرگێڕانیش خۆی بە ئەرکدار دەزانی:" ... لە بیرمە کتێبێک بە ناوی شێرلی کە ۷۰۰ لاپەڕە بوو، هی شارلۆت برۆنتەم وەرگێڕا، بەڵام دیتم کتێبەکە دژی کرێکارییە. قەرار بوو "علمی"ییەکان چاپی بکەن، بەڵام چونکە زەرەری بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی هەبوو، دڕاندم و چاپ نەکرا. لەو بڕوایە دام کە وەرگێڕ، دەبێ کتێبێک وەرگێڕێ کە بۆ کۆمەڵگا بە سوود بێ و بەکەڵکی کۆمەڵگا بێ".

وەرگێڕانەکانی یونسی گوڵبژێر و بیر لێکراو بوون و دەورانێکی دوور و درێژ (سەدەی هەژدە، نۆزدە، بیست و یەک) و شوێن و بابەتی جۆراجۆری وێژەیی و کۆمەڵایەتی دەگرتەوە. وێژە، ڕۆمان، ڕەخنە و مێژووی وێژە، زمانناسی، چیرۆکنووسی لە ئێران و وڵاتانی دیکە، مێژووی هونەر، سیاسەت و مێژوو، فەلسەفە، وێژەی منداڵان و هەروەها مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان.

برایم یونسی گیرۆدەی دەمارگرژیی نەبوو و لە هەڵبژاردنی بەرهەم بۆ وەرگێڕان سەرنجی نەدەدایە نەتەوەیەکی تایبەت. بە لێبڕاویی پتەو و پشوو درێژیی بەرفراوان ڕۆژانە دە کاتژمێر کاری وەرگێڕانی دەکرد و دەینووسی. بە گوتەی خۆی:" دیسیپلینی بەرزی سەربازیی و ویستی بەهێز" لەگەڵ ڕوانینی کۆمەڵایەتی، کاریگەرییەکی بنەڕەتی لەسەر کاری وەرگێڕانەکەی هەبووە. ڕەزا سەید حوسێنی، وەرگێڕی بەڕێزی هاوجیلی لە ڕێزلێنانی ئەودا گوتبووی:" لە کارەکانی یونسی دا وەها نەزمێکی فکری هەیە کە مرۆڤ هەست دەکات یونسی نەخشەی بەرەو پێشبردنی فەرهەنگی ئەو وڵاتەی لە مێشکیدا هەبووە".

## سەبارەت بە سانسۆر و پشکنینەوە

کاتێک لە سەرەتای شۆڕش کاری دژواری پارێزگاریی کوردستانی قبووڵ کرد، لە جوابی گۆڤاری هیوا کە بۆچوونی ناوبراوی لەبارەی دۆخی چاپەمەنی لە کوردستانی لێ پرسیبوو، گوتی:" بە بۆچوونی من دەبێ بەتەواوی ئازاد بێ و هەرچی پێیان ئەقڵانییە بینووسن". (هیوا ۵ - ۳ - ۱۳۵۸)

لەگەڵ ئەوەشدا قەت لە بیانوو پێ گرتنەکان و تیغ و تەڕاتێنی سانسۆرچییەکانی حوکوومی ڕزگاری نەبوو. ئەو کە خۆی لە بەرانبەر هەر وشەیەک بە ئەرکدار دەزانی و بە وەسواس، کەڵکەڵە و سەرنجەوە هاوتاکانی وشەکانی هەڵدەبژارد، بە تایبەتی لەبەر سانسۆر ئازاری دەچاشت:" چەرەمەسەریی سانسۆڕی ئێمە ئەوەیە کە دژی بێ پێچ و پەنا بوون و ڕوو ڕاستییە. بەڵام کاتێک وشەیەک تەنیا یەک هاومانای هەیە، منی نووسەر دەتوانم کام وشە هەڵبژێرم کە هەر ئەو مانایەی هەبێ. کاتێک ئیزن نەدەن، چیرۆکەکە سەقەت دەبێ، خوێنەریش نایخوێنێتەوە". لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، سانسۆڕ هۆی دواکەوتوویی و بەربەستی پێشکەوتن و گەشەی بیر و فەرهەنگە:" ئەگەر بمانهەوێ بەرهەمە وێژەییەکانمان هاوشانی وڵاتانی دیکە بن، نابێ سانسۆڕ هەبێ؛ نووسەر بۆخۆی سەرنج دەداتە چوارچێوە و هێڵە سوورەکان". بوونی دامودەزگایەک بۆ سانسۆڕ و پشکنینی کتێبی پێ شتێکی بێ کەڵک بوو:" هەموو جۆرە پشکنینێک هەڵەیە. لە بنەڕەتدا بۆچی دەپشکنن. پێموایە خەریکین تۆزێک ویشکەبڕوایی دەنوێنین. ئێمە بە دزی قسە و زۆر کاری دیکە دەکەین، بەڵام ڕووبەڕوو شتێکی دیکە دەڤەومێ. پشکنین نابێ بە هۆی بێبنەماوە بەڕیوە بچێ. بناغەی گەیشتن بەو ئاکامە کە کام کتێب بخوێندرێتەوە و کام کتێب نەخوێندرێتەوە، دەبێ لە بنەماڵەدا دارێژرێ".

تیغی دامودەزگای سانسۆڕ، تەنیا لە کتێبی غەریبەکانی گۆڕستان-ی ناوبراو، ١٣٤ لاپەڕەی قڵتوبڕ کرد.

## لەمەڕ کوردستان

برایم یونسی ئەو بۆچوونەی هەبوو کە خەڵکی شار و ناوچەکانی جۆراجۆری ئێران لەمەڕ تایبەتمەندییەکانی یەکتر ناشارەزان. ناوبراو ئەو ناشارەزاییەی بە هۆی سەرەکی گیروگرفتەکانی کەمینە ئەتنیکییەکان و بە تایبەتی کوردان لەگەڵ کۆمەڵگای ناکوردی ئێران دەزانی.

بۆیە ناساندنی خەڵکی کورد و کوردستان بە ئێرانییەکانی دیکە، یەکێک لە ئامانجە هەمیشەییەکانی بوو:" کاتێک قسە دەکرا، مامۆستا یان قوتابی وایان بیر دەکردەوە بێتوو شەو لە لای کوردان بەریە سەر، سەرت دەبڕن و بۆ سبەینێ مردووی! ... جیاوازیی ئایینیش هەبوو و دوو لایەن بە خراپی بە یەکتر ناسێنرابوون. کاتێک کەسێک دەنێردرایە کوردستان، تازیەبار دەبوو و هەوڵی دەدا بە واسیتەکاری و بەرتیل نەچێ بۆ ئەوێ. بەڵام کاتێک دەهاتن، دەیانبینی کە وا نییە و دەبوو شتێکیشیان پێ بدەی تا بڕۆن ... خەڵکی ئێران بە ڕاستی یەکتر ناناسن. نە تارانی ئازەربایجانی، نە ئازەربایجانی کورد و نە کورد، خوراسانی ناناسن. هەموویان بۆچوونێکی ناڕوونیان لە سەر یەکتر هەیە و من وەک هەموو کەسی دیکە کە هۆگریی بۆ شوێنی لەدایکبوونی خۆی هەیە، دەستم کرد بە نووسین لەمەڕ کوردستان".



سەرچاوە
Serchawe

ئەو کۆبەرهەمی ناوبراو لەمەڕ کوردستان وەریگێڕاونەوە و ئەوانەی نوویونی و چیرۆکەکانی لەمەڕ دیمەنی سروشت و کۆمەڵگای کوردستان، دەوڵەمەندترین بەرهەم بۆ ناسینی ئەو ناوچەی ئێرانن.

## شوێنی برایم یونسی لە فەرهەنگی هاوچەرخی ئێراندا

برایم یونسی سەر بە جیلێکی وەرگێڕانی ئێران بوو کە ئەرکی سەرەکی دروست کردنی فەرهەنگی وڵاتەکەیان بە تێکۆشان و پشوودرێژیی بەردەوام و بێ مز و منەت گرتە ئەستۆ و هەوڵی پەرە پێدانیان دا. جیلێک کە مەزنەکانی دیکە وەک بێهئازین، محەممەد قازی، نەجەف دەریابەندەری، ڕەزا سەید حوسێنی، ئەبولحەسەن نەجەفی، مستەفا ڕەحیمی ... بواری ئاشنایەتی کۆمەڵگای ئێرانی و جیلی لاوتریان بە نووسراوە کلاسیک و نوێیەکان، نووسەران و شاعیرانی مەزنی جیهان خۆش کرد. بێجگە لەو کەسانەی کتێب دەخوێننەوە و ئەو کەسانەی توانایی نووسینیان هەیە، تەنانەت خەڵکی ئاساییش بە کتێبەکانی ئەو نووسەرانە دەستیان بە کتێب خوێندنەوە کرد. ئەوان بە وەرگێڕانەکانی خۆیان گۆڕەپانی فەرهەنگیی ئێرانیان جۆراجۆر و فرە لایەن کرد، تواناییەکان و بوارەکانی زمانی فارسییان پەرە پێدا و ڕێگای هەڵبژاردنی جۆراجۆریان بۆ جیلەکانی داهاتوو کردەوە. ئەوە شتێک بوو کە بۆخۆیان لێی بێبەش بوون. خەڵکێکی زۆر هۆگرییان بە وێژە، قەرزداری یونسی و وەرگێڕانی هاوجیلی ناوبراون. بێگومان دەکرێ بڵێین کە هێندێک وەرگێڕانی ئەو وەرگێڕانە بەشێک لە وێژەی فارسیی هاوچەرخی ئێرانن.

میراتەکەی بۆ خەڵکەکەی و جیلەکانی داهاتوو، تاهەتایی و بێهاوتان. سەرمایە و پاڵپشتییەک کە بە نرخی کوێرەوەری و بەشمەینەتی یونسی و هاو پێنووسەکانی تەواو بوو:" من گەلێک هیوام بەو جیلەی داهاتوویە. ئەو جیلە پاڵپشتی هەیە، پاڵپشتییەک کە لە جێی خۆیدایە. دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە چەندە کەڵک لەو پاڵپشتییە وەرگرن و پاڵی پێوەدەن. پێموایە ئیتر ناکرێ هێڵێک بگرێ و بڵێ لەسەر ئەو هێڵە دەڕۆم، چونکە هێڵەکان گەلێک زۆر بوون ...". ڕەنگبێ ئەو جیلانەی یونسی هیوای پێیانە، قەت نەزانن چرکەساتەکانی ئەو کەسانەی ئەو پاڵپشتییە و سەرمایەیان بۆ دابین کردوون، چۆن تێپەڕ بووە. بەڵام هەر ئەو خەزنە مفتە بکەنە "پاڵپشتی" خۆیان و درێژەی پێ بدەن، تێکۆشانی ئەوان بێ ئاکام نەبووە.

## وێنەی نووسەر لە ڕوانگەی خەڵکی دیکەوە، پاش مردنی

برایم یونسی لە تەمەنی هەشتا و پێنج ساڵی، دوای دوو ساڵ گیرۆدەبوون بە نەخۆشی فەرامۆشی (ئالزایمەر)، لە تاران

کۆچی دوایی کرد.

پاش مردنی، مەحمود دەوڵەت ئابادی، لە تازیەنامەیەکدا بۆی نووسی:" سەرکۆنەی خۆم دەکە {چونکە نەچوومە سەردانی]؛ بەڵام بۆی ناگریم، شانازی پێوە دەکەم!"



**مەحمود دەوڵەت ئابادی**، چەند ساڵ لەوەپێش لە ڕێوەڕەسمی ڕێز لێنان لە ئەحمەد مەحمود کە برایم یونسیش لەوێ بوو، گوتبووی:" ئێمە نووسەران، خەڵکی ئێرانمان لەگەڵ یەکتر ئاشت کردۆتەوە. سەلمێنەری ئەو بانگەشە قورسە، سێ گۆشەی ئەحمەد مەحمود لە باشووری ئێران، برایم یونسی لە خۆراوای ئێران و مەحمود دەوڵەت ئابادی لە خۆرهەڵاتی ئێرانە".

**ڕەوانشاد ڕەزا سەید حوسێنی، وەرگێڕی بەناوبانگ**، لە ڕێوڕەسمی شەوی برایم یونسی کە لە ١٣٨٦ بەڕیوە چوو گوتبووی:" ئەو ڕێنوێنی نەتەوەی ئێمە بووە ... ئەو هەرەمەکی کاری نەکردووە؛ نەخشەی گەشە پێدانی فەرهەنگی نەتەوەی هەبووە و ڕێنوێنی فەرهەنگی نەتەوەی ئێمە بووە ... یەکەم ڕێنوێنییەکانی چیرۆکنووسی بۆ یەکەم جار لە لایەن یونسی وەک کتێب نووسرا. بە بۆچوونی من، یونسی بە گوێرەی بەرنامە کاری کردووە و نووسەرانی خۆراوای ناساندوون ..."

**جەماڵ میر سادقی لەبارەی برایم یونسی دا بە ئیسنای گوت:** "برایم یونسی پیاوێکی مەزن بوو، هەم لە ڕوانگەی زانست و هەروەها ئاکارەوە. مرۆڤە مەزنەکان لایەنی مەزنیان هەن و ئاخاوتن لە بارەیاندا دژوارە، چونکە دەبێ بە وردی باسیان بکرێ ... یونسی هەم وەک مرۆڤ، کەسێکی مەزن بوو، هەر وەها لە ڕوانگەی ئەو بەرهەمانەی ئافراندنی. ئەو یەکەم کەس بوو کە لە بواری چیرۆکنووسی، هونەری چیرۆکنووسیی بڵاو کردەوە، هەروەها کتێبی لایەنەکانی ڕۆمان و تەواوی نووسەرانی جیلی من قەرزباری ناوبراوین". میرسادقی گوتی:" یونسی دچوو بۆ لای بەرهەمی ئەوتۆ کە کەس توانای چوون بۆ لایانی

نەبوو. کتێبهایەک بوون کە بۆ ماوەی چەند ساڵ باسیان دەکرا بەڵام کەس بۆ لایان نەدەچوو؛ وەکوو تریستام شەندی هی لارنس ستەرن، کە برایم یونسی وەریگێڕایەوە".

میرسادقی وەرگێڕانەکانی یونسی لە ڕادەبەدەر و بێخەوش وەسف کردن و گوتی:" ئەو خزمەتێکی مەزنی بە کۆمەڵگای ئێران کرد. بەڵام تەنیا ئەوە نەبوو. ئەو مرۆڤێکی باش بوو، دڵگیر و دروست و ئاکارەکەی لەگەڵ نووسەرانی لاو بێوێنە و بەناوبانگ بوو. فیز و هەوای بەرانبەر بە ئەوانی لاوتر لەخۆی نەبوو و خاکەڕاییەکەی شکۆدار بوو."

**علی دێهباشێ. لێکۆڵەر و بەرپرسی گۆڤاری بوخارا لە کاتی ژیانی برایم یونسی،** یەکێک لە شەوانی بوخارای بۆ ئەو نووسەر و وەرگێڕە تەرخان کردبوو، ناوبراوی وەک "یەکێک لە دوایین ئاڵقەکانی [زنجیرەی] مەزنانی فەرهەنگ و وێژەی ئێران" هێنابوو ئەژمار کە " دەیان هەزار لاپەڕەی بە فەرهەنگی نووسراوەی ئێرانەوە زیاد کرد". عەلی دێهباشی گوتی:" یونسی سەر بە جیلێک لە بیرمەندان بوو و لەگەڵیاندا ژیا کە هەوڵیان بۆ زیاد کردنی لاپەڕەکانی زمان و وێژەی فارسی دەدا ... ئەوەی یونسی لە بواری ڕۆمان لە وێژەی خۆراوا بە وێژەی فارسی ناساند، بێگومان، لە بەرز کردنەوەی ئاستی ڕۆمان و وێژەی چیرۆکی لە ئێراندا دەورێکی مەزنی گێڕا و زۆر لە چیرۆکنووسان و نووسەرانی هاوچەرخ قەرزباری ناوبراون". بە گوتەی دێهباشی: " برایم یونسی لە یەکەم کەسانێک بوو کە لە مەڕ تیۆری چیرۆکنووسی، کتێبی نووسی و کتێبی هونەری چیرۆکنووسیی ناوبراو هێشتا پاش ٥٤ ساڵ هانای بۆ دەبرێ". ئەو هەروەها گوتی:" برایم یونسی لە بواری پرسە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکانەوە، پیاوێکی ئێران خۆشەویست و نیشتمانویست مایەوە. خاکی ئێران بە گیانی خۆش بێ."

**مردنی مێرخاسێکی ئەوتۆ ...**



برایم یونسیش وەک زۆرێک لە پیاوە مەزنەکانی فەرهەنگی وڵات، وەک چۆن نەریتی فەرهەنگی ئێرانییانە، نەریتێک کە لە فیردەوسییەوە تا ئێستا بەردەوام بووە، لە کاتی ژیانیدا نە ڕێزی لێ گیرا و نە پلەیەکی مەزنی پێدرا.

هەموو ئەو شتەی بۆیان کرد، ڕێز لێنانێک بوو کە لە ساڵی ١٣٨٢ لە فستیواڵی چیرۆکنووسیی عوزرا لە ناوبراو و مەحمود دەوڵەت ئابادی لێیان کرا. و هەروەها لە ساڵی ١٣٨٠ ئەنجومەنی بەرهەم و شانازییەکانی فەرهەنگی، ڕێزی لە هەوڵەکانی گرت.

جارێکیش لە شەوانی بوخارا، عەلی دێهباشی، سەرۆکی گۆڤاری بوخارا لە باسی وەرگێڕان و نووسەراندا، ڕێزی لێ گرت. جارێکیش چەند بەرپرسی وەزارەتی ئیرشاد چوونەماڵەکەی و ڕێزیان لێ گرت. یونسی گوتبووی نازانی کاری ئەو بەرپرسانە چۆن لێکداتەوە کە لە لایەک ڕێز لە زەحمەتەکانی دەگرن و لە لایەکی دیکەوە کارەکانی لە ژێر هێرشەکانی سانسۆردا لەتوپەت دەکەن. بە گشتی لە پشتگیریی کاربەدەستانی حوکوومەتی ناهومێد و بەرانبەریان ڕەشبین بوو. بڕوای بە خەڵاتی وێژەیی نەبوو و هەڵبژاردنی بەرهەمەکانی پێ نادادپەروەرانە بوو:" زۆر جار ئەو بەرهەمانەی جێگای پەسەندی ئەو خەڵاتانەن دەخوێنمەوە، بەڵام بە گوتەی مارک تواین، نرخی ئەو خەڵاتانە بەوە بەستراوەتەوە کە چەند کەس لێک کۆ دەکەنەوە. زەوی سووتاو، ٢٠ ساڵ لە بەربژێرانی {وەرگرتنی خەڵات}ی وێژەی چیرۆکی بوو. لەبیرمە "قاسمعەلی فەراسەت" – بەرپرسی بەشی وێژەی چیرۆکیی خەڵاتەکە- شەوێک لەگەڵ مەحمود ئەحمەد هاتن بۆ ماڵی من و گوتیان گۆڕستانی غەریبانیش یەکێک لە بەربژێرەکانە. بە مەحمودم گوت، خەڵاتەکە نە دەدەن بە تۆ نە بەمن و پێمگوت نەچی بۆ ڕێوڕەسمەکە. بەڵام ئەو گوتی دەچێ، چوو و خەڵاتەکەشیان پێ نەدا ..."

برایم یونسی تەنیا و لە تەریک کەوتوویدا مرد. هەواڵی مردنەکەی لە هەواڵدەرییە دەوڵەتییەکاندا کورت بوو و چەند دێڕ بوو. دوای مردنی چەند وتاری کورت و دووپاتە بوو لەسەر ناوبراو لە ماڵپەڕەکاندا بڵاو بوونەوە. هەر ئەوەندە.

وسیەتی کردبوو لە شارەکەی، بانە بنێژرێ. ڕۆژی هەینی ٢١ی بەفرانباری ١٣٩٠، بە گوتەی هەواڵدەرییەکان: مەیتەکەی " بە بەشداریی بەربڵاو و شکۆداری چین و توێژەکانی خەڵک، هونەرمەندان، نووسەران و ئەدیبان لە گۆڕستانی "سلێمان بەگ" لە شوێنی لە دایکبوونی لە بانە ئەسپاردەی خاک کرا".

ڕەنگبێ ڕۆژێک وەک رێز گرتن لە خزمەتەکانی، لە بانە یان تاران، شوێنێک ناوی ئەوی لێ نێن، یان دامەزراوەیەکی فەرهەنگی ناوی ئەو بە خۆیەوە بگرێ. بەڵام تا ئەمڕۆ نە ناوێک لەو شارانە لەوی هەیە و نە نیشانێک.

لەگەڵ بێدەنگیی برایم یونسی، دەنگی درەوشاوەی وەرگێڕان لە ئێرانیش بێدەنگ بوو.

## خەزێنەی بەرهەمەکانی برایم یونسی و پرسیارێک

بەرهەمەکانی برایم یونسی نزیکەی هەشتا وەرگێڕان و نووسین دەگرنەوە کە لە ماوەی کەمتر لە پەنجا ساڵ، یان نێوانی دوو مردن، دەرکەوتن: لە حوکمی ئیعدام کە کرایە زیندانی تاهەتایی تا مردنی یەکجاریی و بێ گەڕانەوە. پرسیار ئەوەیە کە بێتوو ئەو ئەفسەرە لاوە لەگەڵ ئەفسەرەکانی دیکە ئیعدام کرابا، گۆڕەپانی فەرهەنگیی ئەمڕۆی ئێران لەو خەزێنەیە چی بەر دەکەوت؟ و بیر لە کاروانی ئیعدام کراوان و تەمەنەکانی بەفیڕۆچوو لە تاراوگە و بەندیخاناندا بکەینەوە.

## پێڕستی نووسراوەکانی برایم یونسی لە ژێرەوە دەبینن:

## وەرگێڕانەکان

**ڕۆمان و بەسەرهاتی وێژەیی:** جودی بێناو، تێس دوبرویل، دوور لە خەڵکی ڕابوو، گەڕانەوەی ڕەسەن، جووتێک چاوی ڕەش، دەستی لاواز لە نووسینی توماس هاردی؛ هیوا مەزنەکان، چیرۆکی دوو شار، خانووی یاسا لێدراو، هێمای چی لە نووسینی چارلز دیکنز، تام جۆنز لە نووسینی هێنری فیلدینگ؛ سپارتاکوس لە نووسینی هاوارد فاوست؛ ئاشی قەراخ فلوس لە نووسینی جۆرج ئێلیۆت؛ بەرگدرووی جادوو لێکراو لە نووسینی سالۆمۆن ڕابینۆڤیچ؛ ژیان و بۆچوونەکانی بەڕێز تریسترام شەندی، دوو بەرگ لە نووسینی لارنس ستەرن؛ پاڵپشت لە نووسینی تیۆدۆر درایزەر؛ یادداشتەکانی ڕۆژانەی نووسەرێک، ۳ بەرگ لە نووسینی فیۆدۆر داستایەفسکی؛ پیاوێک کە هەتاوی لە دەستیدا بوو: ژیانی وینسەنت وانگۆگ بە هاوکاریی مەهدی ئەنساری لە نووسینی جەک ڕەیموۆند جۆنز؛ مستێک تۆز لە نووسینی ئولین وو؛ مۆسیقا و بێدەنگی لە نووسینی رۆز ترەمەین؛ لینمارا، خۆشەویستی و هیوا لە نووسینی کاترین کاسگین؛ سەگی باکوور لە نووسینی جەیمز ئۆلیڤەر کروود؛ گەردەلوول لە نووسینی ویلیام شەیکسپیر؛ سێ هەڤاڵ لە نووسینی ماکسیم گۆرکی؛ دنیای بچووکی دۆن کامیلۆ لە نووسینی جیۆڤانی گوارسکی؛ بەو ئابڕووچوونە، چ لێخۆشبوونێک لە نووسینی ڕانداڵ جاناتان؛ کاشتاکا لە نووسینی ئانتوان چخۆف؛ ژنی شووشەیی؛

**مێژوو و سیاسەت:** ئەمریکا و جووڵانەوە نەتەوەییەکان لە نووسینی بلانچ ویسن کوک؛ ئەگەر بیڵ سترین زمانی هەبا، جەیمز باڵدوین؛ ئەمریکایەکی دیکە {هەژاریی لە وڵاتە یەکگرتووەکان} لە نووسینی میکڵ هەنرینگن؛ ڕەشپێستەکان ئەمریکایان دروست کرد لە نووسینی بێنجامین کوارلز؛ پەنماریک لە نووسینی سوزان هۆڤاچ؛ بازرگانیی چەکوچۆڵ، ڕاپۆرتی



سەرچاوە
Serchawe

ئەنجومەنی لێکینەوەی ئاشتی؛ شەڕی مەزنی نەتەوەیی، بڵاوکراوەی بەڕێوەبەرایەتی سەربازیی یەکیەتی سۆڤیەت؛ بیرەوەرییەکانی سەردەمی هەواڵنێریی لە بالکان لە نووسینی ترۆتسکی؛ بیرەوەرییەکانی نیکیتا خروشچۆف دوو بەرگ؛ زایۆنیزم لە نووسینی یوری ئیوانۆف؛

**ڕەخنە و مێژووی وێژەیی:** مێژووی کۆمەڵایەتی هونەر ٤ بەرگ لە نووسینی ئارنۆڵد هاوز؛ مێژووی وێژەی ئەفریقا لە نووسینی دی تۆرن؛ وێژەی ئەفریقا لە نووسینی جۆرج گیسینگ؛ مێژووی وێژەی ڕووسیە، دوو بەرگ لە نووسینی میرسکی؛ مێژووی وێژەی یونان لە نووسینی رۆز هەربەرت جینگینز؛ گەشتێک بەناو ڕەخنەی وێژەی ڕووسدا لە نووسینی ئاندرو فیلد؛ گەشتێک بەناو وێژەی خۆراوادا لە نووسینی جی بی پریستلی؛ لایەنەکانی ڕۆمان لە نووسینی ئەی. ئێم. فورستر؛ توماس هاردی لە نووسینی ئار. ئەی. سکات جەیمز و سی. دی. لوییس؛ ئاژاوە نەنووستوەکان (زوحەل لەسەر ئاو) لە نووسینی جەی بی پریستلی؛ هاوسەرگیریی و ڕەوشت لە نووسینی بێرتراند ڕاسڵ؛ لە پەسەنی بێکاریدا لە نووسینی بێرتراند ڕاسڵ؛ چارلز دیکنز لە نووسینی باربارا هاردی؛ هونەری شانۆنووسی لە نووسینی بەرنارد گربانیە؛

**زمان و زمانناسی:** دەورەی تەواوی ڕێنوێنی دایرێکت مێتۆد، قامووسی بچووکی ئینگلیزیی- فارسی؛

کوردەکان و کوردستان: پەیوەندیی ئێران و تورکیە و پرسی کورد لە نووسینی ڕابێرت ئەمن؛ سەرهەڵدانی شێخ سەعیدی پیران لە نووسینی ئۆڵسۆن ڕابێرت؛ گەشتێک بە کوردستانی تورکیەدا لە نووسینی شرین لیزر؛ کوردەکان لە نووسینی مستەفا نازدار؛ کوردەکان و کوردستان لە نووسینی دەرێک کینان؛ کوردەکان، عەرەبەکان لە نووسینی سیسیل جی ئێدمۆندز؛ کۆمەڵناسیی گەلی کورد (ئاغا، شێخ و دەوڵەت) لە نووسینی مارتین ڤۆن براونسن؛ جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە نووسینی کریس کۆچەرا؛ هێلانەی هەڵۆ لە نووسینی کۆنستانتین هون؛

## نووسینەکان

هونەری چیرۆکنووسی؛ خوێندنەوەیەک لەمەڕ حاڵ و هەوای گۆرکی؛ دۆن کیشۆت (بۆ تازەلاوان)؛ سێ تفەنگچی (بۆ تازەلاوان)، مێشوولەی لووت درێژ؛ بەخێر هاتی؛ دادە شیرین؛ لاو و لاوەتی؛ نزا بۆ ئارمەن؛ ئەویندارن؛ زستانی بێ بەهار (بیرەوەرییەکانی یونسی لە مناڵییەوە تا ئازاد بوون لە بەندیخانە، ١٣٤٢)؛ پشکوتنی باغ؛ جەژن هات و بەهار نەهات؛ کڵاوخوار و کولیکسی؛ وەک خۆم؛ گۆڕستانی غەریبان؛ دایکم دوو جار گریا؛ وەرچەکان و مرۆڤەکان (دوو بەرگ)؛ مردووەکان؛

دوایین نوێ کردنەوە: ٢٤ی بەفرانبار ١٣٩٠



سەرچاوە
Serchawe

# گۆشەگیریی مەدەنی؛ لەپەراوێزی مەرگی برایم یونسی دا



**رزگار ئەمین نژاد**

شار لای کاکە برا شوێنی ژیان بوو و ژیانیش خەباتێکی بەردەوام بوو بۆ وەدیهێنانی دۆخێکی باشتر. دەیگووت دەرگاکان هەموویان بە داخراوەیی نامێننەوە، سروشتی رۆژگار بەچەشنێکە کە یەک بەیەکیان دەکاتەوە. ئەو لەم گۆشەگیرییەدا بەردەوام بوو لەکاری نووسین دا، میوانەکان پۆل پۆل خۆیان بە ماڵەکەیدا دەکرد، هێندێکیش هەبوون کە چارەیان نەدەویست و ئەو ئەمەشی پێ نیعمەتێکی گەورە بوو چونکە بەم کارەیان پێت دەڵێن کە تۆ لێرە ماوی و لەژیانکردندا بەردەوامی.

## گۆشەگیریی مەدەنی

## لەپەراوێزی مەرگی برایم یونسی دا

پاییزی ساڵی ١٣٧١، چەند مانگ بەدوای ئازادبوونم لە زیندان، هەستم بە مەترسی گیرانێکی دیکە کردەوە. ناچار بەرەو شاری تاران کەوتمە رێ، بەڵکوو بۆ ماوەیەک لەبەرچاوان بزر بم تا بزانین دنیا چی لێدێتەوە. یەکێک لە خۆشەویستانم کە بەداخەوە ئێستا لە ژیاندا نەماوە، لەو رۆژە سەختانەدا داڵدەی دام. قەرەباڵغی و غووربەتی شاری تاران و، بەتایبەت کاریگەری ئەم رووداوە کە نەیهێشت ماندوویی چەند ساڵەی زیندانم بە هەڵمژینی شنەی ئازادی بحەسێنمەوە، هێدی هێدی

بەرەو گۆشەگیرییەکی رۆشنبیرییانە و خەمۆکییەکی گرانی دەبردم. لەبن کتێبخانەی ماڵی خانەخوێیەکەم دادەنیشتم و بەتاڵییەکانی ژیانی خۆم بە خوێندنەوە پڕ دەکردنەوە. یەکێ لەو رۆژانەی کە بە خوێندنەوەی کتێبی "بە دور از مردم شوریده - لە نووسینی تامس هاردی و وەرگێڕانی برایم یونسی" خەریک بووم، خانەخوێیەکەم پرسیاری کرد: حەزدەکەی سەردانێکی کاکە "برا" بکەین؟ زۆربەی بانەییەکان بە دوکتور ئیبراهیمی یۆنسی - یان دەگووت: "برایم خان" یا ئەوانەی کەمێ سەمیمیتر بوون دەیانگوت: "کاکە برا".

ئەی بۆ نا؟ دیداری کەسێک کە بەشێ لە بەرهەمەکانیم خوێندبوونەوە، حەتمەن زۆر خۆش دەبوو. خانەخوێیەکەم چوو بۆ ژوورەکەی دیکە و تەلەفۆنی بۆ کاکە برا کرد: "تازە لە زیندان ئازاد بووە... شێعر دەنووسێ... کوڕی فلانەکەسە... هەڵاتووە... ماڵەکەیان پشکنیوە... دەفتەرێکی شێعر و کارێکی نیوەچڵی وەرگێڕانیان لێگرتووە...

رۆمانی "ئاوای وەحش"ی جەک لەندەن... بەڵێ کوڕێکی... بەسەرچاو... سبەی دێینە خزمەتتان". بۆ ئەوکەسانەی کە تازە پێدەگەن رەنگە سەردانی کەسانی بەناو بانگ بەلایانەوە زۆر خۆش بێت، بەڵام من کەمێ دڕدوونگ بووم. حەزم بە هێندێ تەشریفات نەدەهات و ئیستاشی لەگەڵدا بێت هەر کەیفم پێنایەت. بەتایبەت نەریتی فەخرفرۆشتن و خۆبەزلگرتنی بەشێک لە نوخبەی ئەو سەردەمە ئازاری دەدام، خۆیان وا دەنواند ئەمە ئەوانن خەریکە کارێک دەکەن، هیچیشی لەگەڵ نەدەکرا. بەکەمگرتنی خەڵکی ئاسایی بەداخەوە ببوو بە بەشێک لە کولتووری توێژی نوخبە. رەگەکانی ئەم کولتوورە چ بوون و چین، بابەتێکی دیکەیە کە لە قەرەی ئەم دەقە نایەن، بەڵام من بەنۆرەی خۆم چاوپۆشیم لە جەستەی کۆمەڵایەتی ئەو کەسانە دەکرد و هەر لە رێگای دەقەکانیانەوە پێوەندیم پێوە دەکردن.

رۆژی دواتر خۆمان بۆ ئەم دیدارە ئامادە کرد، قەرارمان سەعات ٤ی ئێوارێ بوو. بەنێو قەرەباڵغی و هاڕەهاڕی دەنگی ماشین و تەنوورەی دووکەڵی تاران دا تێپەڕین و لە کۆڵانێکی تەنگەبەر ماشینەکەمان راگرت. لە زەنگی دەرگامان دا، دەرگا کرایەوە، بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕاین و لەبەر دەم ئاپارتمانەکەیدا راوەستاین و بە ئارامی لە تەقەی دەرگامان دا. خانمێکی خوێنشیرین و رووخۆش درگاکەی بەسەردا کردینەوە. دایکم باسی فیداکاری، ئازار و میحنەتەکانی ئەم خانمە ئەرمەنییەی بۆ کردبووم. کەچی تەمی عومرێکی پڕ ئێش و حەسرەت هێشتا گەشایی چاوەکانی دانەپۆشیبوون. زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین و کوتی: "فەرموون، لەدیووی کارەکەی چاوەرێتان دەکات". کە دەرگای ژوورەکەی بەسەردا کردینەوە، بەرلە خۆی تەنوورەی دووکەڵی سیگار بە پێشوازیمانەوە هات و، ئەوجا قەڵافەتی پیاوێکی بەهەیبەت کە لەسەر یەک لاق راوەستابوو لەپشت ئەو دووکەڵە دەرکەوت و بەدەنگێکی گڕ فەرمووی ژوورەکەی کردین.



سەرچاوە
Serchawe

کتێب، کتێب، کتێب، کتێب و کتێب. مەملەکەتی وشە و دەق و کتێب. بەرلەوەی لەسەر یەکێ لە کورسییەکانی بەرامبەری دانیشم، دەستێکم گێڕا بۆ ئەوەی دڵنیا بم لەسەر کتێب دانەنیشتووم و هاواری وشە داوێنگیرم نابێت و کتێبێک ئازار نادەم. نیگای وردبین و تیژی ئەم پیاوە "بەڕووخۆرە"(١) شەرمێکی تێدا دروستکردم.

– سیگار دەکێشی؟
– بەڵی دانە دانە!

سیگارێکی "هووما"(٢)ی لە پاکەتەکەی دەرهێنا و فەرمووی کردم. کوتم نا، سپاس. وتی شێعرێکم بۆ بخوێنەوە. وتم لە زینـدانی ئیتلاعـات خەریکـن دەیخـوێننەوە. زەردەخەنەیەک لە روخسـاری نیشـت. کـوتی لە کودیتـاکەی ٢٨ی گەلاوێـژ لەگەڵ باپیرت زیندانی بووم، دواتر بۆ ماوەیەک لەگەڵ باوکت لە زیندان بووین، پیری لەفریام کەوت دەنا رەنگە لەم دەورەیەشدا لە زیندان بە دیداری تۆش شاد بوومایە! بە پێکەنینەوە وتم "بـاز تولیـد نسل". مژێکی قـووڵی لە سیگارەکەی دا و وتـی: نا، "باز تولید استیبداد!" کوتی قەرارە چەند میوانی دیکەیش بێن، عەلی ئەشرەفی دەرویشیان و چەنـد نووسـەری خەڵکی کرمانشـان. چاوەکـانم بە بیسـتنی نـاوی عەلـی ئەشـرەفی دەرویشـیان تروسکەیان تـێکەوت. کـوتی شـتەکانی دەرویشـیانت خوێندوونەتەوە. کوتم بەڵی زۆربەیان. کوتی حەتمەن وایە، دەنا بۆ دەچووی بۆ زیندان!

میوانەکان هاتن و، هەموومان چووین بـۆ سـاڵۆنی پەزیرایـی. ئەو رۆژانە هەمـوو کەسێک خەمێکـی بـوو، بەڵام نووسـەر بـوون چەند خەمی دیکەی دەخستە سەرجەستەی ئەم پیاوە بێ ئازارانە. باس باسی نامەی ئیعتیـرازی سـەبارەت بە رەوتـی سانسـۆر لە ئێراندا بوو کە ١٨٥ کەس لە نووسەران و هونەرمەندان ئیمزایان کردبوو، کاکە برا و میوانەکانیش ئیمزایان کردبـوو. ئەم ئیمزایـانە پیـاوە نێوچـاوان نوورانییەکـانی هێنـدە دەهـری کردبـوو کە لەقەڵسـان لە دەرگـای هەر ١٨٥ ماڵەکانیـان دابـوو، داوایـان لێکردبـوون کە ئیمزاکانیـان وەرگـرنەوە. چەنـد کەس ئیمزاکـانی خۆیـان وەرگرتبـۆوە، بەڵام ئەمـان هەرچـاوەرێی لەدەرگادانێکی دیکەیان دەکرد و دیار بوو کە قەراریش نییە ئیمزاکانیـان وەرگرنەوە. دەرویشیان گلەیی لە محەممەدی قـازی هەبـوو کە بـۆچی ئیمـزای خـۆی وەرگرتـۆتەوە و لە روونکردنەوەیەکـدا نووسـیویەتی کە ئاگـای لە نێـوەرۆکی نـامەی ئیعتەرازییەکە نەبووە. کاکە برا، بزەیەکی هاتێ و کوتی باوەڕ پێدەکەم. رەنگە کچێکی چاوجوان نامەکەی دابێ بەدەستی و ئەویش هەر چاوی لە چاوی بڕیـوە و ئیمـزای کـردووە! هەمـوویـان پێکەنـین و منیش لە قـوڵایی مانـای ئەم جەفەنگەدا مابوومەوە. دەرویشیان کوتی میوانەکانمان پێ ناناسێنی؟ کاکە برا کوتی شاعیرە، ماڵیان تاڵان کردووە و بەدیار سفرەیەکی بەتاڵەوە دانیشتووە. دەرویشیان رووی تێکردم و وتـی: لەدەرگـای مـاڵی کێت دابـوو ئابرا؟ کـوتم سیاسی نەبـوون، بەرهەمـی رۆژانی زیندان بوون. دەرویشیان کوتی: لە زیندان دەربازت کردن و لە مـاڵی خۆتـدا لێیـان گرتـی؟ کوتم لەدوای کەلوپەلی

کەسێکی دیکە دەگەڕان، ئەوەی منیان بەردەستکەوت. میوانەکان هەستان و ئێمەیش هەستاین کە هاوکات ماڵئاوایی بکەین، کاکە برا کوتی ئێوە دانیشن، شام پێکەوە دەخۆین. دەرویشیان کوتی خوا نەیکرد لە بانە لەدایک بم. ئیدی لەدوای خۆی پێکەنینێکی بۆ جێ هێشتین. شام خورا و قسەیەکی زۆرمان کرد، بەشێکی زۆری بیرەوەری بانە بوو و هێندێکیش باسی بەرهەمەکانی بوون. شەو درەنگ ببوو، ئیزنمان لێ خواست و ماڵ ئاواییمان لێکرد. لە بەر درگا دەستی خستە سەر شانم و وتی: لێرە خۆت بە غەریب مەزانە، کەی پێتکرا وەرە. وە ئەم قسەیە پاساپۆرتی سەردانەکانی دیکەی من بوون.

جاری دووهەم لەگەڵ یەکێ لە ئاواڵەکانم سەردانیمان کرد و، سەردانی جاری سێهەم خۆمانەتر بوو، دۆستایەتی ئەم پیاوە مێهرەبانە بەرە بەرە هەیبەتی ئەفسەرییەکەی کەمتر دەکردەوە. میوانی زۆر دەهاتن و قسەی زۆر دەکران. رۆژانە چەند رۆژنامە بە زمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی بۆ دەهات، رۆژێک لاپەرەیەکی رۆژنامەی تایمزی لەندەنی پیشاندام. سەرم لەزمانەکەی دەرنەدەکردو هەر سەیری وێنەی رێستۆرانێکم دەکرد کە لەبن سەرتیترەکەی بوو، دڵنیا بووم کە پێوەندی هەیە بە رووداوەکەی میکۆنوس. پاش تەواوکردنی خوێندنەوەی بابەتەکە، بۆی باس کردم کە رۆژنامەی تایمزی لەندەن چۆن باس لەم رووداوە دەکات. رۆژنامەکەی لەسەر مێزەکە دانا و، سیگارێکی داگیرساند. کوتی: "من نازانم ئەم هەمووە ریسکە لە پێناو چیدایە". منیش نەمدەزانی، بەڵام هەستم دەکرد کە کاکە برا بەم رووداوە زۆر ئاڵۆز بووە. وتم: نرخی خەبات گرانە! کاکە برا کوتی: ئەوە نرخ نییە، تۆ نازانی تێداچوونی ئەم جۆرە کەسانە چ کاریگەرییەکی لەسەر چێبوونی "نەفرەتی نەتەوەیی" دەبێت. ئەگەر قازی محەمەد - یان لەدار نەدابا، رەنگە کارەساتەکانی ساڵانی دوای شۆرشی ١٣٥٧ بە ئاقارێکی دیکەدا بڕۆشتنایە".

رەنگە وابێ، ئیحتیمالاتیش لە خۆیدا پێرەوی لە یاسایەک دەکەن. حەزم کرد ئەم دۆخە وەک دەرفەتێک بقۆزمەوە تا بەڵکە باسەکەمان بەرەو بیرەوەری ئەو سەردەمە ببەین کە ئەو سەرۆکی پارێزگای کوردستان بووە. کاتێ دەوڵەتی کاتیی بازرگان ئەم پێشنیارەی پێدەکەن، سەرەتا قبوڵی نەکردووە. بە گوتەی خۆی قاسملوو بە پێداگرییەوە داوای لێکردووە کە قبوڵی بکات، چوونکە نیگەران بووە لەوەی کەسێکی بێگانە بە کێشەی نەتەوەیی کورد ئەم بەرپرسیارەتییە وەربگرێت و لەلایەکی دیکەوە میانەرۆیی و کەسایەتی نەرم و نیانی کاکە برا هۆکارێکی دیکە بووە. ئەم بەرپرسیارەتییە سێ مانگی خایاند و ئەو دەستکشانەوەی خۆی رادەگەیەنێت. یەکێ لە گلەییەکانی خومەینی لە سیاسەتی بازرگان لەمەڕ کێشەی کوردستان، دیاریکردنی ئەم پیاوە کۆمۆنیستە بووە وەک سەرۆکی پارێزگای کوردستان. ئەم دەچێتەوە بۆ تاران و قەناعەت بە مووچەی خانەنشینییەکەی دەکات. بەڵام ئەمانە گشت ئەو شتانە نەبوون کە من تامەزرۆی بیستنیانم دەکرد. پێویست بوو کەمێ زیاتر هەلاجی ئەم بیرەوەرییە ئاڵۆزە بکرێت. زۆر زەحمەت بوو کە ئەم کۆنە ئەفسەرە وەقسە بێنی، بەتایبەت کە ساڵانێکی زۆری تەمەنی لە زینداندا تێپەراندبوو. ناچار بووم بگەڕێمەوە سەر قسەکانی پێشووی و لەوێرا پرسیار بدۆزمەوە و بەم چەشنە روانگەی ئەو سەبارەت بەو رۆژانە ببیستم. سەرەنجام پرسیارەکان توانیان تا رادەیەک ئەو بورژێنن.

کۆمەڵێ شت دەیتوانی شیمانی شەڕی کوردستان کەم کاتەوە، شتەکان هەروا نەبوون کە خومەینی بە ئاسانی لەشکەر کێشی بکاتە سەر کوردستان. چەککردنی پادگان و پاسگاکان، مانۆڕی پێشمەرگە بەنێو شارەکان و بەتایبەت ناکۆکییە ئایدیالۆژییەکان وهەروەها کۆمەڵێ شتی دی. وتم ئەمکارە لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش کران! وتی پاساوی ئەوان بۆ پاڵپشتی ئینقلاب بوو، بەڵام کوردستان هەڵوێستی هەبوو. بە دوکتوور قاسملۆی کوتبوو ئەم منداڵانە چین دوای خۆت خستوون، لێگەڕێ با بچنەوە سەر کلاسی دەرسەکانیان. باسی تەلەگرافی ئاقای سەحابی کرد کە لە زمانی موهەندیس بازرگانەوە داوای لە دوکتوور قاسملۆ کردبوو بەر بە سازبوونی رەوتی توندئاژۆیی بگرێت، سەحابی باسی لە نیگەرانی خۆی سەبارەت بە سازبوونی رەوتێکی هاوچەشن لە تارانیش کردبوو و، لە کۆتایی تەلەگرافەیەیدا کوتبووی: سێبەرێکی شووم خەون بەم ئاڵۆزییەوە دەبینێت، وەرن با نەیەڵین منداڵانی ئێران زەمین بەربنە گیانی یەکتر و مێژووی خۆێن بنووسنەوە. دوکتوور قاسملۆ لە نیگەرانی تەلەگرافەکەی بازرگان و سەحابی تێگێشتبوو، ئەم بابەتە ئەویشی نیگەران کردبوو چوونکە باش دەیزانی ئەگەر ئەم نەسلە نەتوانێ ئەم کێشەیە بە گفوگۆ چارەسەربکات، ئەوا چارەسەری گشت کێشەکانی دیکەش لە سەرکوتکردندا دەبینێتەوە. ئەم بابەتەی لە بەحسەکانی لەگەڵ دوکتوور قاسملودا دەرک پێکردبوو. کاکە برا وتی گەورەترین ئاستەنگی مێژوویی ئەوەیە کە خەڵک لەدەوری خۆت کۆ بکەیتەوە و دڵنیایان بکەی کە شتێکیان بۆ دەکەی، لەو حالەدا هەمووان چەپڵەت بۆ لێدەدەن و تۆش باوەڕ دەکەی کە بەراستی شتێکت لەدەست دێت. وتم بەراستی رێگایەکی دیکە هەبوو؟ وتم هەوڵیان دا لەرێگای دەنگوەرگرتنەوە بچن بۆ مەجلیس بەڵام... هاتە نێو قسەکانمە و وتی ئەمە بەڵگەی ئەوان بوو. تێنەگێشتم. وتی لەشەڕدا هیچ لایەنێک خۆی بە خەتابار نازانێ، بەڵام ئەو شتەی کە لایەنی خەتابار دیاری دەکات دادگا و قبووڵکردنی قاعیدەی داوەریکردنە. منیش بە نۆرەی خۆم پشتیوانیم لە داواکانی کورد دەکرد، داوایەکی رەوا بوو، بەڵام تۆ ناتوانی چاوپۆشی لە قاعیدەی گەمەی سیاسی بکەی. هێڵێک بە دەوری خۆتدا دەکێشیت و دەڵێیت ئەمە سنووری منە، لەو سنوورەوە هێزەکانت سەنگر دەگرن و ئەوجار هەوڵدەدەی بچیتە نێو مەجلیسیشەوە؟ وتم شتەکان هەر ئەوە نەبوون، باوەربکە حکومەت باوەڕی بە تەواویەتی کێشەکە نەبوو. وتی من دڵنیا بووم کە خومەینی باوەڕی بە هیچ نەبوو، بەڵام ئێمەش یارمەتیمان دا کە ئەو بێباوەرییەی خومەینی جێبکەوێ و خەڵک باوەڕ بە نیگەرانییەکانی بکەن و لەئەنجامدا پاڵپشتی لێبکەن.

وتم گەڕایتەوە بۆ تاران و بە بێدەنگی لەم بەحرەدا بزر بووی! وتی: "چار نەبوو، کە دنیایان لێ ئاڵۆزکردی باشترە لە گۆشەیەک کز دانیشی، بە ئارامی کار بکەیت و چاوەڕێ بکەی دۆخەکە هێوڕ بێتەوە. من وەرگێڕم، نووسەرم، هەڵوێستەکانی ئەو سەردەمە لەگەڵ رۆحیەی من نەدەهاتنەوە. من تاقەتم نەبوو لەم خاکە هەڵکەندرێم. ژیان لە وڵاتی خۆتدا زۆر گرینگە". زۆر دڵنیا نەبووم کە ئەو کەسانەی ئێستا لە خاک هەڵبڕاون تاچەند هەست بەم گرینگییە دەکەن. شار لای کاکە برا شوێنی ژیان بوو و ژیانیش خەباتێکی بەردەوام بوو بۆ وەدیهێنانی دۆخێکی باشتر. دەیگووت دەرگاکان هەموویان بە



سەرچاوە Serchawe

داخراوەیی نامێننەوە، سروشتی ڕۆژگار بەچەشنێکە کە یەک بەیەکان دەکاتەوە. ئەو لەم گۆشەگیرییەدا بەردەوام بوو لەکاری نووسین دا، میوانەکان پۆل پۆل خۆیان بە ماڵەکەیدا دەکرد، هێندێکیش هەبوون کە چارەیان نەدەویست و ئەو ئەمەشی پێ نیعمەتێکی گەورە بوو چونکە بەم کارەیان پێت دەڵێن کە تۆ لێرە ماوی و لەژیانکردندا بەردەوامی. کتێبەکانی لە چاپخانەکاندا تۆزیان لێدەنیشت و ئیزنی بڵاوکردنەوەیان پێنەدەدرا، بەڵام ئەولە پرۆژەی نووسین وەرگێڕاندا بەردەوام دەبوو، کتێبێکی دیکەی دەناردەوە بۆ چاپخانە و هێندە بەردەوام دەبوو تا ڕۆژێک دەرگا داخراوەکان بەسەر چاپکردنی کتێبەکانیدا بکاتەوە و، هێندێ جاریش بەراستی دەکرانەوە. توخمی عەقڵانیەتی مرۆڤ، گرینگترین هاندەری کارە بە نرخەکانی بوون. دەیگوت دەبێ لە نووسیندا بەردەوام بیت، ڕەنگە زۆر جار وا هەست بکەی کە خوێنەری جیددیت نییە، بەڵام قەت لایەنی عەقڵانی خەڵک فەرامۆش مەکە. ئاڵۆزی و جەوسازی وەک گرفتێکی گەورە دەبینی لەبەردەم وشیاری کۆمەڵایەتیدا. ناشرەکانی پێیان وتبوو لە دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەسی شەڕی نێوان ئێران و عێراق، فرۆشتنی بەرهەمەکانی لە سەتا شەست و هەشت هەڵکشانی بەخۆیەوە بینەوە. ئەمە بە مانای ئەوەیە کە خەڵک دەیەوێ بخوێنێتەوە، بیر بکاتەوە و بەهای خۆی لە کۆمەڵگادا پێناسە بکاتەوە. مەبەست هەر خوێندنەوەی کتێبەکانی خۆی نەبوو، بەڵکە هەڵکشانی ئەم ئامارەی وەک دیاردەیەکی هەمەگیر مەزندە دەکرد. ساڵانی دواتر کە شایەدی جووڵەی کۆمەڵایەتی دوای دووی خورداد بووم و سەرهەڵدانی نیهادە مەدەنییەکان، بەردەوام بیری تیۆری توخمی عەقڵانیەتی کاکە برا دەهاتمەوە.

لێدەدەم، تاقەتم نییە منداڵە بەسیجییەک لە بازرەسی کەلیخان بەرم پی بگرێت و بلی ئەو شتە تاغووتییە چییە لێتداوە! بەڵام نیگەرانییەکەی هەر ئەوە نەبوو، باش دەیزانێ ئەگەر ڕۆژێک بچێتەوە بۆ بانە لە نۆستالیژیای ڕابردوویدا نغرۆ دەبێت و هەست بە تەنیاییەکی سارد دەکات. شار بۆ ئەو چرایەک بوو کە لە دوورەوە تروسکەی دەدایەوە. چرایەک کە لە ئەنگووستەچاوی شەوانی گۆشەگیریدا بە هێمنی ڕووناکایی بە دڵتەنگییەکانی دەبەخشی.
ئەمە دوایین سەردانم بوو، دۆخەکە بۆ منیش هێوڕ بۆوە و گەڕامەوە بۆ بانە. کە لە کەلیخانەوە چاو لەشار دەکەی تاسەی غەریبییەکەت دەشکێ. شار لە شوێنی خۆیەتی و، لەنێو زارکی ئەو گرکانە خامۆشەدا بە سەبووریەوە چاوەڕێت دەکات. کە دێیتەوە بۆ شار هەوای سەفەرێکی دیکە دەکەیتەوە، بەڵام تاسەی ئەم شارە دەستت لێهەناگرێ و بە مردوویش بێت ڕۆژێ دەبێ هەر بگەڕێیتەوە لای.

(١) خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان بە بانەییەکان دەڵێن بەڕووخۆر
(٢) جۆرێ سیگاری باریک و چکۆلە کە لە سیگارەکانی دیکە زۆر هەرزانتر بوو

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژپریس - ڕێکەوتی: ١٠ی فێبریوێری ٢٠١٢


سەرچاوە
Serchawe

## وتووێژی شەپۆل عەبباسی لەگەڵ "برایم یونسی" لە ساڵی ۲۰۰۲ی زایینی دا



بەو جۆرەی کە لە شناسنامە دا نووسراوە من لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٠٥ گۆیا لەدایک بوومە. زاهیرەن ئەوە لە خانەوادە دا مەوریدی ئیعتراز بوو. هەندێک دەیانگووت گەورەتری و هەندێکیش دەیانگووت هەروایە. هەڵبەت ناونیشانیان هەڵدەدا کە مەسەلەن فڵان بووە کە تۆ لەدایک بوویە! ڕەمەزان بووە! سەرما بووە و ئاورکراوەتەوە و هەندێکیش دەیانگووت نەخێر بەهار بووە.

ئێمە بە قەول، لادێیین. باوکم هاتەوە بۆ شار، منی برد بۆ مەدرەسە. هەر ئەو ڕۆژەش شناسنامەیان بۆ وەرگرتم. هەر ئەو ڕۆژەش چووم بۆ مەدرەسە. پێم وایە ساڵی ١٣١٠ بوو ناونووسم کرد لە مەدرەسەی دەوڵەتی پەهلەوی بانە. گۆیا مەدرەسەکە لە دەورانی ئەحمەد شا سازکرابوو و بە ناوی ئەحمەدیە ناسرابوو و ڕەزا شا هاتووە و ناوەکەی پاک کردۆتەوە و ناوی خۆی لە سەر نووسیوە. بە هەر شێوە من لە ساڵی ١٣١٧ - ١٣١٨دا خوێندنم لەو مەدرەسە کۆتایی هات. باوکم پیاوێکی ڕۆشن بوو و لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دەور دەوری دەرس خوێندنە، بەڵام بانە دەبیرستانی تێدا نەبوو. سەرەڕای ئەوەی کە بە قەوارە زۆر چووکە بووم، باوکم منی بە تەنیا و بۆ دەرس خوێندن، نارد بۆ سەقز، سێ ساڵ، لە ماڵی خۆم و لە ماڵی دۆست و ئاشنا [لە سەقز] مام.

ئێمە بە بنەماڵەی "یونس خان" ناسراو بووین. یونس خان گۆیا حاکم بووە حکوومەت لە بنەماڵەی ئێمە دا هەر بووە. تا ئەوکاتەی لە ساڵی ١٩١٦ عوسمانیەکان دێنە کوردستان و باوکم "حەمە خان"یان لەگەڵ "سەرداری بۆکان" و "سەیفەدین

خانی سەقز" ئیعدام کرد. چوون گۆیا ئەوان موعتەرزی بوون بەرانبەر بە داگیرکردنی ئێران و نەیاندەویست لەگەڵ عوسمانیەکان هاوکاری بکەن. عوسمانیەکانیش کە ئیعلامی جەهادیان کردبوو پێیان ناخۆش بوو کە خەڵکەکە بتەکێتەوە و بەگژ ڕووسەکان دا نەچێ. باپیریشم، ڕووسەکان ئیعدامیان کرد و ئەویش مەعلووم نەبوو بۆچی! ساڵی ١٩١٦ بە گشتی بنەماڵەکەمان مونقەریز بوو و ئەو حکوومەت و دەسەڵاتداریەتیان ڕۆیشت و دەورانی ئەحمەد شا و پاشان ڕەزا شا هاتە پێش.

من لە ساڵی ١٣٢٠، کلاسی سێی دەبیرستانم لە سەقز خەڵاسکرد و ئەو کاتە بوو کە موتەفقین، ئێرانیان داگیر کرد. ئەوکات باوکم قەرار بوو من بنێرێ بۆ کرماشان یا تاران بەڵام چونکە دەورووبەر بوو بە عەشایری، تفەنگێکیشیان دە شانی من کرد و بووینە عەشیرە و عەشایر. دوو ساڵ بەم شێوە تێپەڕ بوو. لەو ماوە دا لە ماڵیش من کێشەم ساز دەکرد. بەم هۆیە کە لە جێگەی دایکی خۆم، باوەژنم هەبوو، نارەحتیم بۆ باوکم ساز دەکرد. وایان بار هێنابووم کە شەڕانی بووم. بۆیە باوکم بڕیاری دا بە هەر شێوە بێت من بنێرێ بۆ خوێندن.

هەڵبەت ئەو کات شەڕیش بوو لە کوردستان و گەورەترین ڕووداو ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٣٢١، "سەرتیپ ئەمین" لەوێ کوژرا. ئەرتەش بەخشنامەیەکی بڵاوکردەوە کە سەرۆک عەشیرەت و خانەکان ئەگەر کوڕیان بێت و کوڕەکەیان خوێندەوار بێت، بۆ نزیکی دەوڵەت و میللەت، باشترە کە ئەو کوڕە بێتە یەکێک لە مەدرەسەکانی نیزامی و دەرس بخوێنێ و وەیلان نەبێ. کەسی تێدا نەبوو. لەو ناوچەی سەقز و سەردەشت و بانە، تەنیا کەسێک کەو ئەو مەرجانە بیگرێتەوە، من بووم. لەشکر نامەی بۆ نووسیم و باوکم هاتەوە و ڕەوانەی تارانی کردم تا بچم بۆ دەبیرستانی نیزام.

"سەما خانی ئەنووشیروانی" وەکیل و ئەوکات جێگری دادستانی تاران بوو. ئێمە لەگەڵ ئەوان خاڵۆزا و پوورزاین. من لە ماڵی ئەوان بووم. ناوبراو منی برد بۆ ستادی ئەرتەش و ئەوانیش دەستووریان بە دەبیرستانی نیزام دا و منیان قەبووڵ کرد و بووین بە شاگردی دەبیرستانی نیزام. دوو ساڵ لەوێ بووم، لە ساڵی ١٣٢٢ تا ساڵی ١٣٢٤ و هەر ئەو ساڵ ئیمتحانم دا و دیپلۆمم وەرگرت.

پاش وەرگرتنی دیپلۆم چووم بۆ دانشکدەی ئەفسەری و ساڵی ١٣٢٧ بووم بە ستوان دووی سەوار و مەئموریەتم وەرگرت بۆ ورمێ. لە ساڵی ١٣٢٨ لە ورمێ ژنم هێنا، لە یەکەمی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٢٩ بە هۆی ڕووداوێک، پێم گوولەی وێکەوت و پێیان بڕیمەوە. لە بیمارستانی پەهلەوی کە بیمارستانی ژمارە یەکی ئەرتەشیان پێدەگووت، لەوێ بووم کە "ڕەزم ئارا" تیرۆر کرا. دواتر بۆ ئیدارەی زەخایری ئەرتەش بەڕێکرام. هەڵبەت ئەرتەش منی نارد بۆ ئورووپا بۆ ئەوەی پێی دەستکردم



سەرچاوە
Serchawe

بۆ سازبکەن. سەرەتا چووم بۆ فەرانسە و دواتر چووم بۆ ئاڵمان. ساڵی ١٣٣٠ بوو کە گەڕامەوە. ئەو کات بەفر زۆر دەباری. ورمێ بەفری هەر زۆر تێدەکەوت. نەمدەتوانی لەو هەلو مەرجە دا لە ورمێ زۆر هەڵبکەم و بۆیە بوو منیان ڕەوانەی ئیدارەی زەخایری ئەرتەش کرد و تا ساڵی ١٣٣٣ لەوێ بووم.



هەر لەو ساڵە دا هەندێک ئەفسەریان گرت بە تۆمەتی ئەندامەتی حیزبی توودە. یەکێک لەو ئەفسەرانە من بووم. ئێمەیان برد بۆ زیندانی قەسر و لەوێ محاکەمەیان کردین و من بە پلەی دووهەمی بەرپرسیاری تودەییەکان تۆمەتبار کرام. گرووهی یەکەم ١٢ نەفەر بوون کە ١٠ کەسیان ئیعدام کران. سەرهەنگ موبەشیری و سەرهەنگ سیامەک و ئەوانە. گرووهی دووهەم کە ئێمە بووین، سەرهەنگ جەمشیدی، سەرهەنگ جەلالی، سەرهەنگ ئەفشار و ئاخریشیان من بووم. ئێمە لە هەموومان لە هەر دوو دادگا مەحکووم بووین بە ئیعدام. دۆستان ئیعدام کران و من بەم هۆیە کە پێیەکم نەبوو و ئەخلاقەن دەرەجەیەکیان لە حوکمەکەم داشکاند و شا تەخفیفی دامێ و مەحکووم بە زیندانی هەتا هەتایی کرام. ٨ ساڵ و نیوێک لە زیندان مامەوە و دووبارە بەر عەفو کەوتم و لە ساڵی ١٣٤١ لە زیندان ئازاد کرام.

سێ چوار ساڵێ بێکار بووم و ماوەیەکیش لە خزمەت مەرحووم "محەممەدی قازی" دا، کە بەرپرسی داروتەرجومەی کامساکس[شیرکەتێکی دانمارکی] بووم. ئەوان پێویستیان بە وەرگێڕ بوو و تەلەفۆنیان بۆکردم و چووم و پاش تاقیکردنەوەیەک قەبووڵیان کردم کە کاری وەرگێڕیان لەگەڵ بکەم. ساڵێک کارمان لەگەڵ کردن. دوای ساڵێک بەم هۆیە کە [بەرپرسانی شیرکەتەکە] خەراپیان لەگەڵ ئێرانیەکان ڕەفتار دەکرد، من ئیعترازم کرد و پاشان ئیستفام دا و هاتمە دەر. چووم بۆ ناوەندی ئاماری ئێران کە تازە  بە بەرپرسیاری دوکتور جامعی بنیاتنرابوو و ڕایگەیاندبوو کە هەژمارێکی لیسانسیەی حیساب و ئابووری دەوێت. ناوی منیشیان نووسی و منیان لەگەڵ ٢٠ کەسی تر قەبووڵ کرد و تا ساڵی ١٣٥٧ کە ئینقلاب دەستیپێکرد لە ناوەندی ئاماری ئێران کارم کرد. بەر لە شۆڕش، مەرحووم مهەندیس بازرگان، کۆمەڵەیەکی

درووست کرد بە ناوی "کۆمەڵەی ئازادی و پارێزڤانی مافی مرۆڤ". منیش چووم و بووم بە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە و تا ئەو کاتەی کە شۆڕش کرا ئەو کۆمەڵەش بەردەوام بوو.


پاش ئەوەی کە ئینقلاب کرا و شەڕی سنە قەوما، یەحیا خانی سادق وەزیری و سارم الدین سادق وەزیری و ئەمانە وتیان ئێمە کاندیدایەکمان نیە و تۆ خەڵکەکە قەبووڵیەتی و چوون چەند ساڵ زیندان لە پشت سەرتەوەیە و چەند کتێبێکیشت تەرجومە کردۆتەوە و... خەڵکەکە پێی ناخۆش نابێ ئەگەر تۆ پێی ڕازی بی. کووتم باشە بە مەرجێ ئێوەش لەگەڵ بێنەوە پێکەوە بچینەوە کوردستان و ئەوجار لەوێ خۆم سەرنج بدەم بزانم ئایا خەڵکەکە بۆخۆی کاندیدایەکی هەیە یان نا. درووستەکەی ئەوەیە کە لە ناو خۆیانا کەسێک هەڵبژێرن نە ئەوە کە لە تارانەوە ئوستانداریان بۆ بنێرن. وتم ئەگەر خەڵکەکە خۆیان بەربژێرێکیان نەبوو، ئەو کات منیش دەبم بە یەکێک لە کاندیداکان.

ڕۆژی ئەوەڵی نەورۆزی ١٣٥٨ بوو کە شەری سنە دەستپێکردبوو. یەحیا خان سادق وەزیری تەلەفۆنی بۆکردم و وتی ئەوە خەڵک دەکووژرێ و ئەوە هاوشارین و ئێمە هاونەژادین و تۆ دەبێ قەبووڵ بکەی و ئێمە ڕۆیشتین[بەرەو کوردستان]. مەرحوومی ئیمام خومەینیش، هەیئەتێکی نارد. ئایەتوڵڵا تاڵەقانی و بەهەشتی و ڕەفسەنجانی و بەنی سەدر و هتد. یەحیا خانی سادق وەزیریش نوێنەری "حقوق دانان دموکرات" بوو و سارم الدین سادق وەزیریش نوێنەری "کانون وکلای دادگستری" بوو و سەدر حاج سەید جوادی، وەک وەزیری ناوخۆ و منیش وەک ڕاوێژکاری وەزیری ناوخۆ، حوکمیان پێداین و چووین بۆ سنە.

گەیشتینە جێگەیەک، کە دیتم هیچ ئاشنا نیە بە کەش و هەوایی سنە. سێ فڕۆکە بوون. کە سەرنجمان دا، زانیمان ئێمەیان هێناوە بۆ کرماشان. ئەو کات بەد بینی زۆر بوو و دەیانکووت بۆیە ئێمەیان هێناوە بۆ کرماشان تا بڵەین، ئاڵۆزیەکە تەواو بووە و بە هەر شێوە بردیانین بۆ هەوانیرووزی کرماشان و دیتمان کە بەر لە ئێمە هەئیەتی تاڵەقانی و ئەوانیش هاتوون و... ئێمە وتمان جا خۆ ئێمە لێرە هەر دانیشتووین! وتیان ئاخر ئەوێ شلووغە و فڕۆکەخانە داگیرکراوە و ئێمەش وتمان باشە ئێمە بە ماشێنێک دەچین، ئەگەر شلووغ بوو تەلەفۆنتان بۆ دەکەین و دەڵەین ئێوە مەیەن! ئەگەریش نا ئێوەش ڕێبکەون و بێن.

ئێمە چووین[بۆ سنە] ئاڵۆزیش نەبوو، لە ناو ڕێگە دا ماشێنەکەمان خەرابوو و خەڵکەکە زۆریشیان یارمەتی داین. ئێمە کاتی بانگی خەوتنان گەیشتینە سنە. کاتێک گەیشتین بەر لە چوونە ناو شار دیتمان پۆستێکی سەر ڕێگە هەبوو کە هاوشاریەکانی خۆمان ئیدارەی دەکەن[مەبەست هێزی پێشمەرگە]. هەندێکیانم بە ناو باوکیان دەناسی بەڵام خۆیانم

نەدیتبوو. ئێمە چووین بۆ ماڵی خوشکەزاری ئاغای سادق وەزیری. بە هەر شێوە چووین و سوڵحێکمان ڕێکخست و چەند بریندار هەبوون دەرمانمان کردن و شار ئارام بوونەوەیەکی بەخۆوە دیت و هاتن بۆ هەڵبژاردنی پارێزگار. چەندین گرووە



بوون کە لە سنە ئەو کات چالاکیەکان دەکرد. هەر سێ چوار کەس بۆخۆیان گرووپێکیان ساز کردبوو[بە پێکەنینەوە]. لەو کۆبوونەوەی کە گرتیان من بەشدار نەبوو، چوومە دەرەوە، وتم لزوومێکی نیە. وتم با بچم سەردانێکی سەدر حاج سەید جوادی و ئاغای تاڵەقانی و ئەوان بدەم. لەوێ کە دیتم ئاغای موفتی زادە و ئەمانە هاتن و پیرۆزباییان لێکردم و وتیان ئەوە تۆیان هەڵبژاردووە وەک پارێزگاری سنە.

ئیتر لەو کاتەوە من دەستم کرد بە کار. بە چی! بە ١٢٠٠ تمەن کە لە ناو حیسابی پارێزگاری سنە لە زەمانی شاوە مابۆوە. من تەلەفۆنم کرد وتم چەند تفەنگ چیمان بۆ بنێرن کە لانیکەم شارەکەمان بۆ ئیدارە بکەن لانیکەم شارەکە دزی تێدا نەکرێ. بۆ ئیدارەکردنی ئەوان[تفەنگ چیەکان] ناردم لە تاران خانم پووڵی بۆ ناردم! ئەمە جەریانی بوونی ئێمە بە پارێزگاری کوردستان بوو. زۆریش بۆ من ناخۆش بوو. یانی هیچ ئیسراحەتێکیان نەدابوو بە ئێمە. کێشەیان ساز دەکرد. ڕووداویان دەخوڵقاند. بیستم، ئاخر وتووێژێکم لەگەڵ گۆڤاری "چشم انداز ایران" کردبوو، مەسەلەن جەلەسەیەکیان تەشکیل دا، لەوێ قسمەتێکی زۆری تەفسیری ئاغای موهتەدی بوو. سەلاح موهتەدی و هەندێک جەوان کە هاتبوون، بێ خود، وەزیری وڵات هاتبوو و دەبێ محەببەتی لەگەڵ بکەن... بەڵام ئەتۆش بینی قسەی ببڕی و نەهێڵی قسە بکات ئەوە زۆر زەنەندەیە. جگە لە ئاغای تاڵەقانی، ئیجازەیان بە کەس نەدا کە قسە بکات. ئاخر باوکم ئەوە ماڵی خۆتانە و ئەمانە میوانن. ناهێڵن کابرا قسە بکات کەچی؟ ئەوانە هاتوون بزانن ئێوە چی دەڵێن.

ئاغای تاڵەقانی و هەئیەتەکەی کە گەڕانەوە. جەنابی شێخ عیزەدین، عەمەلێکی زۆر زۆر قەبیحی کرد. ئەو لاو ئەولا کوا شێخ عیزەدین! وەڵا دیار نیە! کاک خەلیلێک کە ئێستا گۆیا لە لەندەنە و مامۆستا بوو لە وەزارەتی پەروەردە، وتم کاکە ئەوە کوا شێخ عیزەدین؟ وتی وەڵا هەر بۆ مەلا بانگدان چۆتە، وەڕێکەوتووە بۆ سابلاغ. پرسیبوویان لێی بۆ کاکە ڕێکەوتووی بۆ سابلاغ، وەلامی دابۆوە وەلا کەسێک مردووە من دەچم لە سەر مەیتەکەی نوێژ بکەم! زۆر زۆر خەراپ ڕەفتاریان کرد[کورد بەرانبەر بە هەئیەتی نێردراو لە تاران]. ئەوەی ئێمە لە ڕەهبەرانی تر دیومانە، خەڵک قسە خۆش بوون، خەڵکیان جەلب دەکرد و نە ئەوە کە بێن لە خەڵک مۆڕ ببنەوە و نەهێڵن کەس قسە بکات! بۆ؟ بهێڵە قسە بکات! ئەوە چ شەهامەتە تۆ بچی لە پشت دیوارێک و تەق گوولە باوێی! تۆ مەسئولیەت قەبووڵ بکە.

من بەشێکم فەرامۆش کرد کە باسی بکەم. لە ١٣٣٣ کە چووم بۆ زیندان و هەشت ساڵ هەشت ساڵ و نیوێک لە زیندان بووم دەستم کرد بە خوێندنی زمانی ئینگلیزی و خوێندنی داستان نووسی لە ڕێگەی مکاتبەوە لەگەڵ لەندەن. بە هەر شێوە دەبا شتێکم بهێنابایە دەر لەگەڵ خۆم لە زیندان. لە ساڵی ١٣٥٠ سەفەرێکم کرد بۆ فەرانسە. دۆستێکم بە ناوی ئاغای عەبباسی، وتی بۆ ناچی ناوت نانووسی بۆ دەورەی دوکتۆرا؟ وتم بۆ مەگەر دەکرێت؟ وتی بۆ ناکرێ؟ ئەو مامۆستای زانکۆی پاریس بوو و وتی من ناونووست دەکەم و تۆش دەرسێکە بیخوێنە و منیش دەستم پێکرد و لە ساڵی ١٣٥٦ دەورەی دۆکتۆرام تەواوکرد. دوکتووراکەم لە سەر گەشەی ئابووری بوو بەڵام هیچ ئیستفادەیەکم لێ نەکرد و هەر کەوتمەوە سەر وەرگێڕان و خوێندنەوە و چالاکی تر.

یەکەمی گەلاوێژی ١٣٥٨ وازم لە پۆستی پارێزگاری سنە هێنا و پێم وایە کە بەرسانیش[بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی] کە من لە کوردستان بمێنمەوە و هەر بۆیە، گەرامەوە. وەزیری ناوخۆ ئەوکات، لە نووسراوەیەک دا باسی لەوە کردبوو کە بەڵی من مەئمووریەتی خۆم بە باشی ئەنجام داوە و ئێستاش ئەوە دەگەڕێتەوە سازمانەکەی خۆی و بەم شێوە من گەڕامەوە ناوەندی ئاماری ئێران. بەر لەوەی شەڕی کوردستان دەستپێبکا، من جێم نەبوو لەوێ! دواتر کە داوای خانەنشینیم کرد، قەبووڵکرا و ڕۆژی دواتر گەڕامەوە بۆ فەرانسە. لە فەرانسە بە تەنیا بووم و لەوێ مامۆستاکەم داوای لێکردم کە دەورەیەکی دۆکتۆرای تر ببینم، بەڵام وتم ناتوانم و چیتر حەوسەلەم نیە!

ئەوکات لەوێ [پاریس] مەرحووم دوکتۆر بەختیار چالاکی هەبوو و دەیاننارد کە هاوکاریمان لەگەڵ بکە و دەمکووت توانایيم نیە و ئەو پارێزگاریەشیان کە پێدام بە راستی بە زۆرەملی بوو. بڕیار بوو یارمەتیەک بێ بۆ هاوشاریەکان کە کەمتر بکووژرێن بەڵام شەڕەکە بە هەر تەرتیب دامەزرا.

پاش نیزێک ساڵێک، دە مانگ، لە فەرانسە گەڕامەوە. کارەکەم زۆربەی هەر لە ماڵەوە بوو. ماوەیەکیش کەم لوتف بوون و وەزارەتی ئیرشاد ئیجازەی بڵاوکردنەوەی کتێبەکانمی نەئەدا و منیش کتێبەکانم بەناوی کچەکەم و کوڕەکەمەوە بڵاودەکردەوە.




من نیزێک بە ۸۱ بەرهەمم هەیە لە وەرگێرانەوە بگرە تا نووسراوەکانی خۆم. دوو ساڵ لەمەوبەر[ساڵی ۲۰۰۰] "ئەنجومەنی میراسی فەرهەنگی" ڕێووڕەسمێکی بۆ ڕێزگرتن لەمن سازکرد. زۆربەی بەرهەمەکانم، وەرگێڕانی ئەدەبیاتی جیهانیە و بە تایبەت لە ئینگلیزیەوە. جگە لە کتابەکەی کۆچرا کە لە فەرانسەوە ڕاستەوخۆ کردوومەتە کوردی، بەرهەمەکانی تر لە ئینگلیزیەوە بوونە بۆ سەر فارسی.

تا بۆخۆم تێفکریم و وتم کە کوردستان نیشتمانی منە و لەگەڵ خەڵکەکەی گەورەبوومە و لە خاکەکەی ژیاوم و هەر بۆیە دەستم کرد بە وەرگێڕانی کتێب لە سەر کوردستان.

جا ئەوە با بگەڕێمەوە سەر باسی ئەوەی کە چۆنم دەست بە نووسین و وەگێران کرد.

لە زیندان کاتێک کە دەمپرسی ڕۆمان چیە؟ تماشام کرد کە هیچ کەس جوابێکی درووستی لە لا نەبوو. بە هەر حاڵ ڕۆمان تاریفێکی هەیە و جیاوازە لەگەڵ چیرۆک و کورتە چیرۆک و حەکایەت و... لە هەر کەسیکیشم کە دەپرسی، مەعلووماتەکەی هەر وەک هی خۆم وابوو. بۆیە نامەم نارد بۆ ئینگلیس و شۆرەوی و فەرانسە و پرسیم کە ئایا جێگایەک هەیە کە حاڵیم بکات کە ئەوانە چین و چ جیاوازیەکیان هەیە؟ ئینگلیس جوابی دامەوە کە بەڵێ ئێمە مەدرەسەیەکمان هەیە بە ناوی "مەدرەسەی نێونەتەوەیی خوێندن لە ڕێگەی دوورەوە" و هەر لەوێ ناونووسم کرد و ئەوانیش کتێبیان دەنارد

و دەبا خوێندبامەوە و لەو چوارچێوە دا وەڵامی پرسیارەکانم دابایەوە و بۆم ناردبانەوە. بۆ وێنە دەبا داستانێکی نووسیبا، یەکی تر ئەوە کە دەبوایە داستانێکت وەرگێڕابا و دواییش دەبا شرۆڤەی کتێبێکت کردبا و ناردباتەوە بۆیان و ئەوانیش دەیانخوێندەوە و نمرەیان پێ ئەدا. من لەو باروودۆخە دابوو کە کتێبی "هنر داستان نویسی"م نووسی و ئەوە یەکەم کتێبە کە لە ساڵی 1341 سەبارەت بەو بابەتە لە ئێران نووسراوە و هەر بۆیەش پێشوازیەکی باش لەم کتێبە کرا.

## پێوەندی لەگەڵ نووسەرانی دەرەوە

من پێوەندیم لەگەڵ نووسەرانی دەرەوە نیە تەقریبەن. مەگەر ئەوەکە بڵەی مەسەلەن ئوڵسێن یا ئاغای کریس کۆچێرایە یا نووسەرێکی ترە کە کتێبێکیانم تەرجوومە کردبێ نامەی نووسیبێ تەشەکورێکی کردبێ یا کاغەزێکیان نووسیبێ و من جوابم دابنەوە و ئیتر پێوەندیەکی تایبەتمان نیە.

لێرەش درووستە کە من ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێرانم و زۆریش بە ئیحترام لەگەڵم دەجووڵێنەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش من ئەندامی گرووە و باند و شتێک نیم. من لە سەر ئەو باوەڕەم لە جێگەی ئەوەی کە پێخۆش بوونی کەسیک شتێک بکا، بەرهەمەکەی دەبێ پێی هەڵبڵێ. هەمووشیانم خۆش دەوێن و حەز دەکەم سەرکەوتوو بن و بۆخۆشیان دەزانن کە ئەو حوسنی نیەتەمان هەیە. بەڵام بە هەر شێوە من لەگەڵ ئەحمەد مەحموود و ئەویش بە هۆی زیندانەوە دۆستایەتیم هەیە و لەگەڵ ئاغای دەوڵەت ئابادی، زۆرتر یەکترمان دەدیت. هەڵبەت من بە گشتی گۆشەگیرم و لە ماڵەوە ناچمە دەر.

## باسی بنەماڵە

خێزانم مەسحیە کە بووە بە موسوڵمان. دایکی ئەرمەنی بوو و باوکی ئاشووری. کوڕێکم هەیە کە لیسانسی حقووقە و کاری حقووقی دەکات. سێ کچیشم هەیە کە شوویان کردووە. چوارپێنج نەوە و یەک نەتیجەشم هەیە.[ساڵی ٢٠٠٢]. کچەکان، یەکیان موهەندیسە. مریەم یەکێک لە کچەکانمە، کە بەداخەوە کەڕ و لاڵە. ئەو کاتی کە لە ورمێ بووم و گوولەم وێکەوتبوو و بردبوویانم بۆ بیمارستان، باوکم ئەو کات هات، بردیەوە بۆ بانە. بانە هیچ پزیشکی تێدا نەبوو و مێنەنژیتی گرت و ئاوای لێهات. سەرەڕای ئەوەی کە زۆر زیرەک و بە ئیستعداد بوو. بەهەر حاڵ ئاوای لێهات و ئێستاش خۆی خۆی ئیدارە دەکات و ئاراِیشگەرە. دوانی تریشم هەیە کە ناوی یەکیان "نووشین" و ئەوەی تریان "سیروان"ە کە خانمی ماڵن و نەوەیەکیشم هەیە کە ئەوە بۆ ئولەمپیادی ڕیازی دەچێ. لە سەر ئەو باوەڕەم کە "سیروان"یش بەم هۆیە کە وەک چۆن چەم و ڕووبار و دەریا، سەرچاوەن و هەر وەک چۆن لە ڕۆژئاوا و لە لاتین دا، ئەمانە عەناسوری نەرمی سرووشتن، ناوی

مێینەن. خێزانیشم شوێندانەریەکی یەکجار زۆر مەزنی هەبوو لە ژیانم دا چوونکە ئەو بوو کە ئێمەی ئیدارە دەکرد، ژنێک تەنیا بە دوو منداڵەوە[ئەو کات کە لە گرتووخانە بووم].

## خۆشەویستی بەرهەمەکان

کتێبیش وەکوو منداڵی پیاو وایە. هەموویان هەر وەکو یەک چاو لێدەکەم. مەگەر یەکێک پیت چینی خەراپ بێ و خەراپ چاپ ببێ پیاو نارەحەت دەبێ. ئێستاش لەم دوایانە دا بیناییم لاوازتر بووە و نمرەی چاویلکەکەم چۆتە سەر و سەرم دێشێ و هەر بەم هۆیە کەمتر کار دەکەم. دوایی ئەوەی کە ڕۆمانەکانی خۆم نووسیبوو و خاڵی بووم، ئێستا کتێبێکی نووسەرێکی ئینگلیسیم لەبەر دەست دایە کە بەوە سەرقاڵم.

جا هاتینە سەر ئەو باسەی کە ئێمە کتێبەکانمان تەرجومە کرد و نووسی و وەختێ هاتمە دەرەوە تماشام کرد بۆ بەشی شارەکەمان و وڵاتەکەمان کارێکمان نەکردووە. وتمان ئینگلیزیم خوێندووە و ئێستاش زمانێکە بڕەوە و کەڵکمان لێوەرگرتووە و بەڵام ئەمجار دەستپێبکەین کە ئارشیوێک بۆ بۆ خەڵکەکەمان درووست بکەین. بۆ وێنە ئەگەر کەسێک ویستبای سەبارەت بە کوردستان لێکۆڵینەوە بکات، سەرچاوەکان بەش بەش و پەڵە پەڵە بوون. بەشێک لە مێژووی کورد لە ناو مێژووی تورکەکان دایە. لەگەڵ عوسمانی و غەیرە عوسمانی. بەشێکی لەگەڵ رووسەکانە. بەشێک لە ناو عەرەبەکانە کە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانیان لەبارەی مێژووی کوردەوە کردووە. بەشێکی هاوشاریە فارسەکانن کە کردوویانە.

لە جێگەیەک دا نەمدیبوو کە ئەگەر پیاو بیهەوێ موتالعەیەک سەبارەت بە کوردستان بکات، مەسەلەن فلان کتێب بخوێنێتەوە کە وێنەیەکی گشتی سەبارەت بە کوردستان بداتە دەستی خوێنەرەکەی. هەر بۆیە هاتم کوتم ئارشیوێک درووست بکەم کە سێ چوار کتێبی ئەسلی تێدابێ و ئەگەر کەسێک هات وتی ئێوە چکارەن، پێی بڵەین کە فلان کتێب بخوێنەوە، زانیاریت دەداتێ. هاتم دەستم کرد بە وەرگێڕانی ئەو کتێبانە. دە یازدە کتێبن. جنبش ملی کرد، با این رسوایی چه بخشایشی، تاریخ معاصر کرد، قیام شیخ سعید پیران، کردها و زۆر کتێبی تر. بەم شێوە ئارشیۆێکم ئاوا درووست کردووە. بۆیە لە سەر ئەو باوەڕەم کە ئەگەر یەکێک بیهەوێ لەسەر کوردستان لێکۆڵینەوە بکات بە ئەندازی پێویست، سەرچاوەی لەبەر دەست دایە. هەڵبەت ڕۆژنامەوانێکیشم دیت کە بە قسەکانی منی هان دا. کابرا وتی کە ئێمە بۆ وێنە ئەگەر بمانهەوی بچینە کوردستان یا کرماشان، بۆ ئەوەی بزانین کە خەڵکەکەی چۆنە و پێشینەیان چیە و هتد، هیچ زانیاریەکیان نیە بەداخەوە جگە لە پەکەکە کە ئەگەر مرۆڤ بچێ، جوزوەکەی دەدەنێ. بۆیە ئێمەش وتمان ئەگەر یەکێک ویستی سەبارەت بە کوردستان بزانێ بڵەین کە بڕۆ فلان کتێب بخوێنەوە. مەسەلەن ئەگەر ویستی سەبارەت بە مەلا مستەفای

بارزانی بزانێ بڵەین فڵان کتێب بخوێنەوە. لێرە جگە لە من، یەک دوو کتێبی لەم بارەوە بڵاوکراوەتەوە بۆ وێنە کاوەی بەیات زەحمەتی کێشاوە. مەرحووم زەربەخت کە پێکەوە لە زیندان بووینیش کتێبێکی نووسیوە "عقب نشینی بارزانی ها از ارس".




بەهەر شێوە ئێستا کۆمەڵە کتێبێک هەن کە دەتوانێ بۆ کوردەکان ببێتە ئارشیوێک و هەمیشەش دەرفەت هەیە بۆ ئەوەی کە لە سەری بڕۆن و درێژەی بدەن. میللەت وەک زمانی، ژیانیشی گۆڕانی بە سەر دادێ و ڕانەوەستاوە. کتێبە و دەنووسرێ و چاپ دەبێ و ژیانیش بەرەو پێش دەڕوات و ئەوەش پێوەندی بە منەوە نیە، من ئێستا پیر بووم و دەبێ کەسانێک بێن و نەهێڵن جێگەیەکە خاڵی بێ.

وەک شۆخی، لە خزمەتتانا عەرز بکەم کە کابرایەک لە سەردەشت بێهۆش دەبێ و خەڵک وا دەزانێ کە مردووە. دەیبەن بۆ سەر قەبران و لە ناو قەبرەکەی دەنێن و کاتێک دێن کە خۆڵی بەسەرداکەن، هاوار دەکا دەڵێ زیندووم و دەیهێننەوە دەر و ئەمجار لێیان دەپرسی: چیت دیت؟ چ خەبەر بوو؟ ئەویش دەیگووت: لە خوا بترسن! ئێوەش بترسن! لە ڕۆژگار بترسن! ئاخر رجاڵی پێشوو و ئێستای ئینگلیز و ئەمریکا، فەرانسە، رووس و هتد، عادەتیانە کە یادداشتەکانی ڕۆژانەیان دەنووسن! هەموو ڕۆژێک، بەسەرهاتی ئەو ڕۆژە دەنووسن. ئێمە بەداخەوە هیچ کەسمان نەبووە! گەورە پیاوانی ئێمە بەداخەوە یا نەخوێندەوار بوون، یا لە کوردستان ئێستاش باو نیە و ناتوانی کەسیک پەیدا بکەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکەی بنووسێ.

ئەگەر مەسەلەن، مەلا مستەفای بارزان، ٥٠ ساڵ تفەنگی دانەنا، ڕووداوەکانی ڕۆژنامەی نووسیبا، ئێستا تاریخێکمان بوو



سەرچاوە
Serchawe

بە ئەندازەی ئەو ماڵە! من نازانم، بەڵام بنەماڵەی بارزانی بەداخەوە گلەییان کردبوو کە گۆیا من تەهوینم بە باوکیان کردووە. نا. باوکیان قابلی تەوهین نیە. ٥٠ ساڵ زەحمەتی کێشاوە، بەڵام هەڵەشی هەر هەیە. ڕێبەری کورد، بە تایبەت ڕێبەرێک کە سەرۆک عەشیرەش بووبێ بەم هۆیە کە ئەو عادەتی نیە کە خەڵک ڕەخنەی لێبگرێ و کۆبوونەوەی باس و ڕەخنەی ببێت. ئێمەش ئەگەر قیاسمان کردبێ، قیاسمان لەگەڵ نیکسۆن کردووە و قیاسمان لەگەڵ شاش کردووە. شا هیچ وەختێ جورئەتی نەبووە وەک مەلا مستەفا، شەڕ بێت و بێت و بڕوا. پووڵێکی زۆریشیان خەرج کرد تا مەلا مستەفا بشکێنن، شۆخی نەبوو.

بەڵام مەلا مستەفا ئەگەر ڕاوێژکاری باشی هەبوایە، یا ئەو کاتی بەڵگەیەکی لە ئەمریکا ئەستاندبایە، بەم هۆیە کە کۆمەڵگای ئەمریکا، کۆمەڵگایەکی یاساییە، ئەگەر بەڵگەیەکی هەبا، خەڵک دەستی هەڵنەدەگرت و داوای جێبەجێکردنی دەکرد.

وەختێک مەلا مستەفامان هێناوە لە بەرانبەر بە نیکسۆن دامانناوە، کە بە سیاسەتمەدارێکی زیرەک و فێڵەزان ناسرابوو. بۆخۆیان ناویان نابوو، خۆ ئێمە ناومان نەنابوو. ئەو کاتێ ئاغای هێنری کیسەنجێر کە وەزیری دەرەوەی بوو، جەریانێ وا پێش هاتبوو و وتبووی کە "کەسیک کە لەگەڵ ئێمە مامەڵە دەکات، دەبێ وشیار بێ". چونکە ریەل پۆلیتیک یانی ئەوە. یانی چاوت بکەوە و بزانە و مەهێڵە کە کڵاوت سەر نەچێ و ئەگەر فریویش دەخۆی پێوەندی بە خۆتەوە هەیە. بەڵام لێرە تۆ متمانە دەکەی و ئەو متمانە پێکردنە هەڵەیە.

...

لە سەر ئەو باوەڕەم کە لە شۆڕشی ئیسلامیەوە بۆ ئەملاوە، پێشکەوتنی باشی بەخۆوە بینیوە. خوێندەواری زۆری هەیە. بەرنامەیەکیان بوو بۆ هەرێمە هەژارەکان. ئێستا تەماشا دەکەی هەر بنەماڵەی حەوت هەشت دوکتووری تێدایە. کوڕەکانیش خۆیان ئەلحەملای ئیستعدادیان باشە و من زۆر ئومێدم پێیان هەیە. داهاتوویەکی گەشی بۆ دەبینم و باشتریش دەبێت.

من ئاگاداریەکی ئەوتۆم لە ڕەوشی کوردستانی تورکیا و عێراق نیە و نازانم چۆنە و چ دەکەن، هەڵبەت پێشووتر کە سەردانی ئەو کتێبانەم دەکرد کە خۆم تەرجومەم کردبوون، وام دەزانی کە دەبێ ئەوان پێشکەوتنی زیاتریان بەخۆوە بینیبێ. زمانی کوردی کە کۆمیسیۆنی موسڵ لە ١٩٢٥ لە کۆمەڵەی گەلان بە فەرمی ناسراوە و زمانی ئیداری و مەحاکم و ئیدارەکان بووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، لەباری ئەدەبی و داستاننووسیەوە لە ئێستای ئەدەبیاتی کوردستانی خۆمان پێشتر نین. ئەوە ڕای منە هەڵبەت. ئومێدوارم کە پێشکەوتنی باشتر بەخۆوە ببینن. هەڵبەت ئەوانیش خەتابار نین، کێشەیان بەسەر دا هاتووە، بۆمبارانی شیمیایی و شەڕ و هەڵاتن و ... مرۆڤ ناتوانێ زۆر مەنعیان بکات. نازانین ئەگەر ئێمە خۆمان ئەو هەمۆ بەڵایەمان بە سەر هاتبا، چیمان بەسەر دەهات بەڵام دیسانیش دەڵێم دەبوا پێشکەوتنی زیاتر لە ئێمەیان



سەرچاوە
Serchawe

بەخۆوە بینیبا. بە هەر شێوە ئەوە چاوەڕوانیەکە.

کولتوور و رسووم و ئەوانە شتێک نیە کە بۆخۆت خاڵێک وەک ئامانج دیاری بکەی و هەوڵ بدەی پێبگەی. مەسەلەی فەرهەنگ مەسەلەیەکی پلەییە و گەشەکردنەکەشی هەر بەم شێوەیە و سەدان فاکتەر کاریگەری دەکاتە سەر. فەرهەنگ وەک ئابوور نیە کە ئامانجەکەت دیاری بکەی و پێی بگەی. هەر ئێستا کە دانیشتووین و قسە دەکەین، بەرهەمی ڕەوتێکی دوو هەزار، دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە. بە بڕوای من، مەسەلەی گرینگ، ڕاگرتنی زمانەکەیە. ئەم زمانە ئێستا دەبێ بە دوو ڕێگە بەربەرەکانی بکات. یەکێک بە ڕێگەی دەوڵەتەوەیە کە زمانی فەرمی هەیە و کاری پێدەکا و پڕۆپاگەندەی بۆ دەکات و یەکێکی تر تەلەڤیزیۆن و کەناڵە ئاسمانیەکانن. سەرفی نەزەر لە هەر شتێک، ئینسافەن، کۆماری ئیسلامی، ئیمکاناتێکی باشی داوە. پێشتر بە ڕاستی دەرفەت نەبوو. من ئەو کات کە هاتمە تاران، ڕۆژنامەیەک دەردەچوو بە ناوی ڕۆژنامەی "کوردستان". ئەو کات دەیانگووت بڕیارە ١٠٠ ژمارە لەو ڕۆژنامە بێتە دەر و پاشان بینێرن بۆ پێتەختەکان و تا بڵەین کە بەڵێ ئەوە ڕۆژنامەیەک بە ناوی کوردستان هەیە. ئێستاش بۆ پاراستنی زمانەکە، خەڵکەکە دەبێ بە پیریەوە بچێت و پێشوازی لێبکات. من نازانم لە لای خۆمان چیە، بەڵام بۆخۆم فارسیەکەی جوانتر دەخوێنمەوە تا کوردیەکەی. هەڵبەت شتێکیش هەیە. ئێمە فەرهەنگستانمان نیە و هەر بۆیەش هەر کەس وشەیەکی پێ باش بێ، دایدەتاشێ و ئەوەش بە ڕاستی مەترسیدارە.

## سەبارەت بە زمانی یەکگرتوو

ئەوە گرفتاریەکە کە کورد زمانی یەکگرتووی نیە. تەنانەت بەغدا کە هەردوو زمانەکەی بە فەرمی ناسی[مومکینە مەبەست دوو زاراوەی کوردی بێ]، ئەوە بە بڕوای من، دەبێتە هۆی بەرگریدکردن لە گەشەکردنی زمانی کوردی. بۆ پێکهێنانی زمانی یەکگرتوو [لە نێوان پارچەکانی کوردستان] دەبێ تریبوونێکی ئازاد هەبێ، هاتووچۆیەکی ئازاد ببێ و لایەنەکان بە ئینسافەوە لە مەسەکە بڕوانن و ئەو نەڵێ کە زمانی من[مەبەست زاراوە] باشترە یا هتد. بە بڕوای من ئێستا تووشی قەیرانین. ئێستا عێراق کە هاتووە، نەیتوانیوە فەرهەنگستانێکی بچووک درووست بکات. بۆ ئەوەی کە بڵەی مەسەلەن لەو چوارچێوە دا دەتوانی بە فەرمی کەڵک لەوەندە وشە وەربگری. من نازانم چۆنیان کردووە بەڵام وشەگەلێکی کە هەڵیانبژاردووە، وشەگەلێکی سەیر و سەمەرەن. وشە چ لە وتن تا و چ لە بیستن دا دەبێ جۆرێک بێ، گوێ ڕەتینەکاتەوە. زمان ڕەتینەکاتەوە. یانی هەم جوان بتوانرێ بوێژرێ و هەم جوان بتوانرێ ببیسرێ گەر وانەبێ، وشە هەر خۆی ناگرێ. وەکوو نەمامێک کە بینێی و هیچ کاتێ خۆی نەگرێ. من لە سەر ئەو باوەڕەم کە بەرپرسیارێکیەکی زۆر گرینگە و ئەوە ئەمر و فەرمانێکیش نیە کە بۆ وێنە من بڵێم ئەو کارە بکەن درووست دەبێ. نا! هەر زمانێ، زمانی توێژی بالادەست و زمانی

چینی خوارەوەی بووە. وەک ئاڵمانی. ئاڵمانی سەرو و خواروو. هەمووشی وەکوو ئێمە بوونە. تا ئاڵمان دەوڵەتێکی سەرتاسەری پەیدا نەکرد، و دەوڵەت زمانێکی هەڵنەبژارد و نەیخستە پێڕە و پرۆگرامی کاری و ئیداری خۆی، کێشەکەیان بۆ چارەسەر نەبوو. من وتوومە و نووسیویشمە، هەم کوردەکان و هەم فارسەکان دەبێ یارمەتی یەکتر بدەن بۆ ئەو مەسەلە. ئێستا زمانی فارسیش مەترسی لەسەرە. زۆر وشەی ئینگلیزی هاتۆتە ناو زمانەکە. تەنانەت زمانی فەرانسەش، ئینگلیزی تێکەڵی بووە تا ئەو ڕادەی کە هەستیان بە مەترسی کرد و قەدەخەیان کرد و وتیان کە نابێ لەو وشە ئینگلیزیانە کەڵک وەربگیرێ.

ئێستاش زمانی ئێمە لە مەترسیدایە. زمان ئەگەر خوش بێ بە گوێم و بە دەمم، ئەوی بەکار دێنم. تۆ مەهابادی و تێکەڵاویت لەگەڵ ئازەریەکان هەبووە و هەیە و زمانەکە زۆر وشەی لە تورکی و ئازەریەوە هاتۆتە ناو. لە ئەدەبیانی عوسمانیەکانیشەوە. من لەبیرمە ڕۆژێک ئاغای ئەحمەدی قازیم دیت و لێم پرسی بۆ نووسیوتە "نەنکێکم هەیە لاپ کەڕە" لە سروە دا؟ کوتی لە سەردەشتێ وا دەڵێن! کوتم دەیجا با لە سەردەشتێ وا بڵەن، خۆ تۆ نابێ بە سەر خەڵکی پاوەشی بسەپێنی. یا بۆ وێنە ئەمە "چەتینە". دیارە یەکێک لە دۆستان ئیرادی گرت. ئەویش تورکی نەدەزانی و دەیکووت نەخێر "چەتین" کوردیە! جگە لەوە وەزیری دەرەوەی تورکیا کە لەگەڵ |جەلال بایار" و ئەوان لە سێدارەیان دا ناوی "چەتین" بوو.

بە هەر شێوە، ئەگەر بۆ وشەیەک دادەمێنن و نیتانە، یا لەناو چووە، لە فارسەکان بگرن! بۆ لە عەرەبی یا لە تورکەکەی دەگرن! من دژ بە تورک و عەرەب نیم. ئێستاش ڕەفیقم هەمووی ئازەربایجانین و زۆریشم خۆش دەوێن و زۆریش بەیەکەوە بووین لە زیندان و هتد، بەڵام ئێمە هاوڕیشە و هاوخوێنین لەگەڵ فارسەکان، وشەکان! دەتوانن لە فارسی کەڵک وەربگرن. لە کوردیش دا هەیە زۆر وشە، بەڵام بەم هۆیە کە کەڵکی لێوەرنەگیراوە، مومکینە ئەو وشە لە کوردی دا مردبێ بەڵام لە فارسی دا مابێتەوە. کتێبێک لە سوید چاپ بووە بە ناوی فەرهەنگی پەهلەوی بە کوردی، لەوێدا پیاو تەماشا دەکات، دەبینێ کە ڕیشە هەموو یەکێکە.

کتێبمان لێرە تەرجومە کردۆتەوە کە تۆ بیخوێنیەوە. پرسیاری چەند کتێبم کرد لە سوید. کوتیان 600 هەزار کورد لێرە هەن. لە سوید و ئاڵمان و ئەمانە. تازە من لە سەر ئەو باوەڕەم کە یەک میلیۆنیش دەبن کە بە ئەورووپا دا بڵاوبوونەتەوە. مومکینە لە ناو ئەو حەشیمەتە دا، ٢٠ هەزار کەسی خوێندەواری تێدا بێ کە بتوانێ کەڵک لە ئەدەبیاتی فارسی وەربگرێ. لەو هەژمارە مومکینە ١٠ کەس ئەو کتێبە بکڕن، لەو دە کەسەش مومکینە هەر دوو کەسی کتێبەکە بخوێنێتەوە! بەم شێوە مرۆڤ ناتوانێ هیوادارب بێ کە گەشە بکەن! خوێندنەوە و کەسی ئەهلی خوێندنەوە دەبێ وەکو نوێژ

و نوێژکەری لێبێ. چۆن کابرای نوێژکەر کاتێ وەختی هات، هەڵدەستێ و بە پەلە پەل دەستنوێژ هەڵدەگرێ، دەبێ کەسی شەیدای موتاڵاش، وەختی کە هات هەستێ و بخوێنێتەوە. ئەوە لە لای ئێمە پێشینەی نیە و دژواریشە پێی بگەین.



## چ بکەین کە ئەو فەرهەنگە جێبکەوێ!

بە بڕوای من بنەماڵەیە کە دەبێ هیممەت بکات و منداڵ وا پەروەردە بکات. من لەبیرمە کە منداڵ بووم، لە بنەماڵە خوێندەوارەکان، بۆ وێنە ئەگەر کتێبێک وەک "بەسەرهاتی یوسف و زولەیخا"، یەکێک دەیخوێندەوە و ئەوانی تر گوێیان لێدەگرت. ئێستا کە تەماشا دەکەی بە داخەوە تەلەڤزیۆن هیچی نەهێشتووە. ئەوە دەبێ لە قووتابخانەکانیش گرینگی پێبدرێ. بەداخەوە ئێستا من نە لە بنەماڵەکان ڕادەبینم و نە بەرپرسان ئەو هەستەیان تێدایە کە ئەو مەسەلە لە ناو خەڵک دا پەرە پێبدەن.

کاتێک کە کۆماری مەهاباد دامەزرا، من لە دەبیرستانی نیزام بووم. دواتر کە بیرم کردەوە و فامم کرد و لەگەڵ خۆم حیسابم کرد، دیتم بە هیچ یاسایەک نەدەبوایە ئەو کۆماری لە سێدارە درابا. هەم ناوچەیەکی بچووک بوو و هەمیش سەرجەم خەڵکی دەورووبەری مەهاباد لەگەڵ مەرحوومی قازی محەممەد نەبوو. نە مەنگوورەکان بوو، نە عەشایری دێبۆکری بوون و نە زۆربەی فەیزوولابەگی بوون. قازی مەگەر بارزانیەکان، پارێزڤانیان لێکردبا دەنا خۆی کەسی نەبوو کە بتوانێ دیفاع لەو ناوچە بچووکەی خۆی بکات! مرۆڤ ئاوا چۆن دەتوانێ کۆمارێک دابمەزرێنێ؟ هەر بەم هۆیە کە شۆڕەوی شەری بردبۆوە؟ ئاخر ئەوانیش دوو شەریکیان بوو. ئینگلیز و ئەمریکا کە لەگەڵ قازی موافق نەبوون. تا ئەو حەدە دەتوانێ پیاو قەبووڵی بکات کە داوا بکرێ ئەو ئوستانە هەندێک جیاوازی بۆ دابنرێ بۆ ئەوەی پێشکەوتن و گەشەی زیاتر بەخۆیەوە ببینێ. دەنا ئەوەی کە مهاباد لە بەرانبەر حکوومەتی شا دا -درووستە کە حکوومەتێکی پیس بوو و من بۆخۆم هەم زەبری

ئەوانم وێکەوتووە و هەم بەرەنگاری ئەو سیستەمە کردووە- کە مەملەکەتێکی گەورەی لەبەر دەست دا بتوانێ خۆ ڕابگرێ، درووست نیە. مرۆڤ دەتوانێ بە شەڕی چەتەییش ماوەیەک خۆی ڕابگرێ بەڵام ناتوانێ حکوومەتێک دابمەزرێنێ. خۆی مەرحوومی قازیش ئەوەی دەزانی کە ئەو حکوومەتە نەیدەتوانی خۆی ڕابگرێ. شۆڕەویش شکابوو، شارەکانی وێران ببوون، پیشەسازی وێران ببوو، ٢٠ میلیۆن خەساری مرۆڤی دابوو، نەیدەتوانی درێژە [بە پشتیوانی لە کۆمار]بدات. بە باوەڕی من قازی محەممەد نەدەبوایە قەبووڵی کردبایە! کردیان بە ئالەتێک کە فشار بهێنن بۆ ئێران و لە ئێران ئیمتیازێک بستێنن. هەر کە بەڵێنی ئیمتیازەکەشیان دا، ئەوان [شورەوی] پاشەکشەی کرد. تازە نەشیدەتوانی بێتە پێشەوە. ئێستا وا فکر دەکەمەوە کە ئیمکانی نەبووە. بەڵام ئەگەر بتوانین پاساوی بۆ بهێنینەوە و بڵەی دژ بە حکوومەتی شای بووە و بەرەنگاری ببوایە، خەراپ نەبوو ئەو کاتە.

مەرحووم قازی محەممەد، پیاوێکی یەکجار سادە بوو. چ لە لیباس پۆشینەوە، چ لە ئاخافتن دا و چ لە ڕەفتار و مامەڵە دا. وەختێکی تەشریفیان دەهات لە ماڵی مەرحوومی سەدری قازی میوان دەبوو. منیش ئەو کات قووتابی بووم و لەگەڵ مەرحووم محەممەدی قازی دەچووم. ماڵی دوکتور جەوادی قازیش دراوسێی ئەوان بوون لە چوارڕێیانی موئەید سوڵتان، کووچەی گیلانی پێموایە. قازی محەممەد ئەو کاتی، ئینگلیسی دەخوێند. من لەوێ قوتابییەک بووم، بەڵام زۆر سەمیمی دەدوا. زۆر خولیای چارەنووسی فەرهەنگی کوردستان بوو و کەسێکی خولیای خوێندنەوەش بوو. ئەوکاتی بوو کە هاتبوو لە تاران، شا، گۆچانێکی جەواهیرنیشانی بە خەڵات دا بە جەنابی قازی. من خۆ بەزل زانیم بە هیچ شێوە لە قازی دا نەدیت. خۆی مەرحوومی سەدری قازی، قیافەیەکی موەقەری بوو و جلووبەرگی جوانی دەپۆشی وەلی مەرحوومی قازی هەر جلوبەرگی رووحانی لەبەر دابوو و زۆربەی کاتیش گۆرەوەی لە پێ نەدەکرد، من وام دیت، زۆر سالم و سادەم دیت.

ئەو کات دەنگۆیەک بەم شێوە نەبوو، بەڵام لە دوایی دا، ڕۆژنامەوانێکی بیانی لە دواییدا نووسی کە بەینی قازی محەممەد و مەلا مستەفای بارزان، ناخۆشی و ناکۆکی بووە. لە کاتێک دا دەبینین کە ئەو کات چەند ئەرک بە مەلا مستەفا سپێردراوە کە بە جوانی ئەنجامی داوە. بۆ وێنە بێدەنگکردنی عەشیرەکانی دەورووبەر. بەڵام دوو ڕۆژنامەوان نووسیبوویان کە پێوەندیان باش نەبووە بۆیە کە مەلا مستەفا مایل بووە کودەتایەک ڕێکبخا. هەڵبەت ئەوەش زۆرتر بە هۆی برسێتی بارزانیەکان بووە. ئەوکات کە بارزانیەکانیان بڵاوکردەوە و بۆ نەغەدە و دێهاتەکانی دەورووبەر، ئەو دەنگۆیە خەوت و باسی نەما. نازانم مەسەلەکە چەندە ڕاستە کە مەلا مستەفا لە مهاجرەت دا و هەم بە وەزعێک کە ئاشنا نیە بە هەرێمەکە و هەم عەشایری ناوچە ناناسێ و ئەگەر بشیاناسێ، پێوەندیەکی لەگەڵیان نەبووە، چۆن دەیتوانی کودەتا بکات؟

دواتر بیسترا کە مەلا مستەفا پێشنیاری بە قازی کردووە کە وەرە لەگەڵ من بڕۆین و عەیبە و با نەتکوژن و بۆ کوردەواری

نەنگە و من بەڵێن دەدەم کە ئێستا چۆن پێشەوای، ئەوکاتیش من حورمەتت بگرم و هتد. ئێمە لێمان نەبیستووە و لە جیگەیەکیش دا نەنووسراوە بەڵام من کە دەچوومەوە بۆ وڵات [مەبەست کوردستان]، ئەوەم دەبیست بەڵام قازی محەممەد بەم هۆیە کە خەڵکەکە تەنیایە، یەکێک دەبێ پێش بکەوێ و ئەو موسیبەتە وەستۆخۆ بگرێ، قەبووڵی نەکردووە کە لەگەڵی بڕوا. مەلا مستەفاش وتبووی مادام کە لەگەڵمان نایەی، ئەنباری موهیمات و تەقەمەنی و چەکمان بدەنێ با ئێمە بڕۆین. مەلا مستەفا لەوێوە ڕۆیشت بۆ نەغەدە و پاشان بۆ شنۆ و لەوێڕا بۆ عێراق و دووبارە گەڕاوە و چوون بۆ ئەرەس و لە ئەرەس پەڕینەوە و ڕۆشتن. ئەوە خەڵک بوو دەیانگووت. ئەوە گێڕانەوەی خەڵک بوو و کەس بەڵگەیەکی بۆ ئەم قسانە نیە.

لە مەهاباد یەک دوو ئەفسەریان بوو. یەکیان بە کاکا ئاغا ناسرابوو. گۆیا لە کوردەکانی ئەرمەنستان بووە. لەوێ هەم تووتنیان دەکڕی و هەم حەیوان. زیاتر ئەسپ. ئەگەر کەسێک چووبایە مەهاباد و هاتبایەوە، تەنیا خەبەری ئەوە هەبوو کە ڕۆژانە ئەوەندە ئەسپ دەکڕن و دەیبەن بۆ شۆرەوی و بەینیان لەگەڵ کوردەکان خۆشە و لە ماڵی فلان کەس دەعوەت بوون وایان کووتووە و... وتیان رووسەکان زۆر فەقیر و دەست تەنگن و ئەغڵەب مەهابادی بانگهێشتیان دەکەن و زۆریان پێ خۆشەو و قسەی ئاوامان دەبیست.

قازی مەرحووم چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کە حوکمی ئیعدامی بدەنێ. مەرحوومی سەدر زیاتر، چوون بە هەر شێوە نوێنەری پارلەمان بوو و لەگەڵ کەمایەتیەکی رەسمی هاوکاری دەکرد. تەنانەت قەوام سەڵتەنەش هەر وای چاوەڕوان دەکرد. کابرا لە تاران دانیشتووە و هاوکاریەکەشی لە چوارچێوەی یاساکان دابووە بەڵام وتیان ماڵی مەرحوومی سەدر گەڕاون و یا بە عەکسەوە لە ماڵی قازی محەممەد بەڵگەیەکیان دەستکەوتووە کە سەدر نووسیویەتی "ئێوە مەترسن و خۆڕاگرن و ئەرتەشی ئێران شتێک نیە و فردەوسی هەزار ساڵ لەمەوبەر وتوویەتی کە "ما سر به سر پشت به دشمن دهیم/ از آن به که یک تن به کشتن دهیم" و ئێوە مەترسن، هیچ کارێک ناتوانن بکەن". گۆیان ئەوەیان کردووە بە بەڵگە دژ بە سەدری قازی. باشە ئەوە خۆ سەدر وتوویەتی ئەی قازی محەممەدیان بۆ ئیعدام کرد؟ ئەی سەیفی قازیان بۆ ئیعدام کرد؟ بە هەرشێوە ئەوانە لێڵن و تا ئێستاش ئاڕشیوی، وەزارەتی جەنگی سەردەمی شا نەکراوەتەوە تا بزانین ئەو ئاڕشیوە چی تێدایە.

نووسینەوەی دەق: مەسعوود مەناف

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژپریس - ڕێکەوتی: ١٣ی فێبریوێری ٢٠١٣

## ئیبراهیم یوونسی؛



سیروانی ئازاد

ئیبراهیم یوونسی؛ وەک زۆر کەسایەتیی دیکەمان لە ریزی ئەو بەرزەمرۆڤانەدا بوو کە دەبێ قبووڵ بکەین، نرخیمان نەزانێ و وەکوو هەموو رابردووی تراژیکی دوورو هەنووکەییمان . یان بە گوتەی خۆدی مامۆستا " چارەنووسی سوورپێستی"مان . کە دووپاتبوونەوەی تراژدی و دووپاتکراوەکانە؛ تەنیا لە بوونی کەلێن و بۆشایی رۆڵ و پینووسەکەیدا کە نەسڵێک بۆ دەربازبوون لە قەیرانی شوناس و بێ گوتاریی سەردەمیانەی ئێستەی جڤاکەکەماندا پێویستیی پێیە، رەنگە هەست بە هەرەس و کۆستی مەزنی نەبوونی بکەین. پێگەو پلەی ئەو لە لای ئەو بەشە لە کۆمەڵگەی کوردستان کە ناسیارییان لەمەڕ بەرهەم و ئەندێشەی هەیە، نەک بە هۆی گرێدراوی بە بنەماڵەیەکی بە ناوبانگ، رابردووی خاوێن و جێ شانازیی تێکۆشانی سیاسی، بڕیاری لە سێدارەدانی، ٨ ساڵ بەرخۆدانی نێو گرتووخانە، پلەی دۆکتۆرای ئابووری لە زانستگای سۆربۆنی فەرانسە، پارێزگاریی پارێزگای سنە، تەنانەت نەک هۆنەری وەرگێران و رۆمانەکانی، بەڵکوو ئەو بە تاقی تەنیا خۆی تەڤگەرێکی وشیاری، ئاگاییبەخش و رێگانیشاندەرو رچەشکێن، بۆ چلۆن خزمەتکردن بوو. رەزا سەیدحسێنی . نووسەرو وەرگێری بەرەچەڵەک تورک و فارسینووسی بەناوبانگی ئێرانی . لە ساڵی ٨٦ی هەتاوی لە رێورەسمی " شەوی برایم یوونسی"دا گوتبووی:" ئەوەی کە سەبارەت بە برایم یوونسی شیاوی باسە، ئەوەیە کە ئەو بە شیوەیەکی رێکەوت کاری نەکردووە، گەلالەی پێشخستنی فەرهەنگی نەتەوەی بووەو رێنیشاندەری فەرهەنگی نەتەوەی ئێمە بووە." کاتێک لەم

پێناسەکردنە ورد دەبینەوەو چاوێک لە کارنامەی کاری و تەنانەت ژیان و چۆنیەتی پێوەندییەکانی یوونسی، هەروەها نووسینەکان و پێشەکییەکانی لە سەر وەرگێڕانەکانی دەکەین، بە روونی بۆمان دەردەکەوێت کە خۆلیاکانی ئەو کەسایەتییە بێ وێنەیە، گەورەتر لە بیرکردنەوەی زۆر کەسی دیاریتری کوردی هاوچەرخی خۆی بووە. بە جۆرێک کە هەوڵیان دەدا وەک کولتووری دزێوی چەسپاو لە جڤاکەکەمان کە هەموو شتێک رووبەڕۆی گۆمان دەکەینەوە ـ گومان لە واتا راستەقینەکەیدا نە، بەڵکوو لە رووی تۆمەت وەپاڵدان و خستنە ژێر پرسیارەوە، ئەتمۆسفێرسازێک کە زۆر کەڕەت پێش بە فامکردنی راستییەکانی لە کەوشەنی گشتیدا گرتووە ـ قوربانیی بکەین. سەردەمێک کە رۆمانی " گۆڕستانی غەریبان" کەوتە بازاڕەوە، هێندێک رەخنە هاتە ئاراوەو تەنانەت گەیشتە ئاستێک کە راگەیێندراو بدرێت و واژۆ بۆ ئیدانەکردنی نووسەرەکەی کۆبکرێتەوە، چۆنکە سیمایەکی ناڕاست لە کۆمەڵگەی کوردی دەخاتە بەردەست کە لە گەڵ واقیعی کوردستاندا یەکناگرێتەوە.هەڵبەت رەخنەگرانی ئەو بابەتە لە گەڵ بەناو رەخنەگرانی سالانی دوایی، دوو گرووپی بە تەواوی جیاواز لە یەکتربوون. کەسانێک کە دەیانەویست تارمایی بخەنە سەر کارەکانی یوونسی و وەکوو پرۆژەیەکی ویستراوی دەسەڵات پێناسەی بکەن و هێندێکجار پێشەکییەکانی بکەنە بیانووو هێندێکجار تۆمەتی قبوڵکردنی خواستی دەسەڵات بە بیانووی قبووڵی سانسۆرکردنی بەشێک لە یەک کتێب، بۆ نموونە؛ کتێبی " کوردەکان"، کە وتارەکەی د.قاسملۆ مۆڵەتی بڵاوبوونەوەی پێنەدرابووو...

برایم یوونسی بۆ فارس زۆر شت بوو، ئەو دەینێکی هەرەمەزنی بە سەر ئەدەبیاتی داستانیی هاوچەرخی ئێران و هۆنەری وەرگێڕان لە ئێراندا هەیە، بە جۆری کە خاوەنڕایانی ئێرانی نەبوونی یوونسییان بە " نیشانەکانی کۆتایی هاتنی دەورانێکی زێڕین" ناو بردووە. یان هەروەک یووسف عەزیزی بەنی تۆریف، دیارترین بیرمەندی نەتەوەی عەرەب لە ئێران دەڵێ:" ئیبراهیم یوونسیی کورد، سەرمەشقی منی عەرەب بوو." ئەم چەشنە کاریگەری و ناوو ناوبانگانە تەنیا پێوەندیی بە کاری پرۆفیشناڵیی وەرگێڕان و رۆمان و چیرۆک نووسینەوە نییە، بەڵکوو بە وتەی جەماڵ میرسادقی:" یوونسی مرۆڤێکی مەزن بوو؛ هەم لە بواری زانایی و فرەزانییەوەو هەم لە بواری کەسێتیی مەزنیەوە"، راستییەک کە هەموو ئەو کوردانەی لەو سالانەدا، بۆ یارمەتی و رێنۆێنی وەرگرتن دەچوونە خزمەتی، هەموویان بە تێکڕایی دانیان پێدا دەنا، وەهەر وەها نزیک بە ٦٠ ساڵ کاری بەردەوام و رۆژانە لە پێناو ئەندێشەو قەڵەمدا، بێ ئەوەی دەسکەوتێکی ماددیی ئەوتۆی بۆ بێت، کە تەنانەت لە تەمەنی پیریدا توانای دەرمانکردنی خۆیی هەبێت، دەرخەری ئیرادەو باوەڕێکی پۆڵایینە، فێکرو پرۆژەیەکی هەرەگرینگ و بایەخدار، راستییەک کە " رەزا سەیدحسێنی" بەباشی ئاماژەی بۆ کردووە.

رەنگە روانینێکی خێرا بۆ کارە بە نرخەکانی نەمر محەمەدی قازی و یوونسی زۆر راستیمان بۆ دەربخات. بەرێز قازی بۆ فارس وکتێبخانەی فارسی، کەسێکی بێ وێنە بوو، بەڵام هەروەک خۆی لە پێشەکیی وەرگێڕانی کتێبی " سەلاحەدین

ئەیووبی"دا گلەیی لە سەلاحەدین کردووە، خۆیشی راست دەچێتە ئەو خانەیەوە، چۆنکە نووسینی چیرۆکی " زارا ئەڤینی شڤان " یان وەرگێڕانی " ژانی گەل" بە هاوکاری کاک ئەحمەدی قازی ناتوانێ پاساوەدەری ئەو گلەییانە بێت، بۆیە قازی بۆ فارس باشی باش بوو، بەڵام بۆ کورد " خراپ " نەبوو. بەڵام یوونسی بە تەواوی جیاوازەو بە هیچ جۆرێک لە رەگەزی قازی نیە. ئەمیش وەک قازی بۆ فارس و زمانەکەی باشی باش بوو، بەلام لە پێوەندی لە گەڵ کورددا دەتوانین بڵێین زیاتر لەوەی کە توانی بە ئەنجامی گەیاند، رەنگە بە تەنیا خۆی بە رادەی هەموو فارسی نووسەکانی دیکەی کورد لە ئێراندا و رەنگە زیاتر لە هەمووشیان. یوونسی باوەری وابوو" وەرگێر، دەبێ پەرتووکێک وەربگێرێت کە بۆ کۆمەڵگا سوودمەند بێ و بە قازانجی کۆمەڵگا بێت". خاڵێک کە لە پراکتیکدا بە تەواوی دەرووەستی بوو...

تەنانەت داخوازیی دامەزراندنی ناوەندێک لە ژێر ناوی " بزاڤی نەتەوەیی کورد"، بە جۆرێک لە جۆرەکان دیسانەوە دەرخەری ئاڤاری روانین و روانگەکانی ئەو کەسایەتییە بەرزەیە.

بۆیە یوونسی و زۆرینەی کوردە فارسینووسەکانی دیکەو یەک لەوان محەممەدی قازی بە هیچ پێوەرێک بە نیسبەت کورد و بەرژەوەندیی کوردەوە ناخرێنە یەک خانەوە. بەشێکی بەرچاو لە وەرگێرانەکان و نووسینەکانی یوونسی لەو بەرهەمە بەنرخانەیە کە لە دوو دەیەی رابردووەدا و تەنانەت لە داهاتووشدا، رۆڵی سەرەکییان لە پێناو زانیاریبەخشین بە کۆمەڵگای کوردستان گێراوە، هەروەها مژاری " مێژووی کۆمەڵایەتی کوردستان " لە رێگەی بەرهەمە وەرگێردراوەکانیەوە، زەق دەکاتەوەو قورسایی و پێویستیی بایەخدانی پێدەبەخشێت.

یوونسی لە لایەکی دیکەوە کەسایەتییەکی زۆر مرۆڤدۆست بووە، کە مرۆڤ و مافەکانی سەرەکیترین پەرۆشییەکانی بوون، هەر لەم راستایەدا بووە بە هاوکاری کۆمەڵێکی دیکە لە هاوبیرانی لە نێوەراستەکانی دەیەی ٥٠ی هەتاویدا " کۆمیتەی بەرگری لە مافی مرۆڤ " لە ئێراندا بنیات دەنێن.

بۆ تێگەیشتن لە رۆڵ و مەزنایەتیی ئەم کەسایەتییەو بۆشایی نەبوونی ئەو، وا دابنین ئەگەر بەرێزیان وەکوو هەڤاڵانی دیکەیان لە سێدارە درابا، بەراستی ژێدەری بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و مێژووی کۆمەڵایەتیی کورد بۆ نەسڵی هاوچەرخ لەم دوو دەیەدا، چی دەبوو؟ باندۆرو کاریگەریی کارەکانی ئەو تەنیا لە سەر خوێنەرانی نەبوو، بەڵکوو رچەی شکاند و رێگای پێشان دا بە زۆر نووسەرو وەرگێری دیکەی کورد کە کەمتەرخەم بەرانبەر بە نەتەوەکەیان نەبن و توانای خۆیان بخەنە خزمەتی ناساندن و گەشەکردنی خەڵکی خۆیانەوە، رەنگە بتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە هێمای راستەقینەی ئەم بوارە بۆ کورد لە رۆژهەڵاتی وڵاتدا بەرێزیان بوون و هەن...




سەرچاوە
Serchawe

ناوی خوازراوی مامۆستا بۆ نووسین " سیروان ئازاد " بووە، ناوێک کە دوایی لە گەڵ هاوژینە ئەرمەنییەکەیدا لە سەر منداڵەکانیشیان دایدەنێن. "سیروان" ناوی کچەکەی و "ئازاد" ناوی کوڕەکەی.

"سیروان" ناوی رووبارێکی مەزن و بە ناوبانگی کوردستانە، رووباریش هێمای جۆڵەو رانەوەستان و پێشقەچوون، "ئازاد"ی خۆزگەیی هەمیشەیی مرۆڤەو بێ دەستبەربوونی ژیان واتایەکی نیە، بۆ گەیشتن بە "ئازاد"ی دەبێ رانەوەستێت و بەردەوام لە جۆڵەدا بێ، ئیبراهیم یوونسی؛ "سیروان" ئاسا بۆ گەیشتن بە "ئازادی" هەنگاوی نا تا دوایین هەناسە و دوایین سۆمای نیگاکانی...

سەرچاوە: وێنلاگی عارف نادری - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٢

## ئیبراهیم یوونسی؛ زمانزان و زەماننناس



چاوخشاندنێک بە ژیانی پڕ ڕووداو و سەرنجڕاکێشی ئیبراهیم یوونسی ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات کە ناوبراو لە لایەکەوە بە کەسایەتییەکی ئەکتیڤ و لە لایەکی دیکەوە بە زمانزانی و زەماننناسی کتێبخانەی دەوڵەمەندی ئێرانی بۆ هەمیشە قەرزداری خۆی کردووە.

**ئاژانسی هەواڵی مێهر – بەشی کوردی؛ دوکتۆر ئومێد وەرزەندە*: هەر لە سەرەتای ئەم نووسراوەدا بە دەنگێکی بەرز دەڵێم:** بەڕێز یوونسی ئێمە هەموو قەرزداری بەڕێزتانین. کتێب و کتێب خوێندنەوە لە ئێراندا قەرزداری ئێوەیە. بە گشتی کتێبخانەی ئێران قەرزداری ئێوەیە. چاوخشاندنێک بە سەر ژیانی پڕ ڕووداو و سەرنجڕاکێشی ئیبراهیم یوونسی ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات کە ناوبراو لە لایەکەوە بە کەسایەتیی ئەکتیڤ، زانا و چەند لایەنەیەوە و لە لایەکی دیکەوە بە زمانزانی و زەماننناسی کتێبخانەی دەوڵەمەندی ئێرانی بۆ هەمیشە قەرزداری خۆی کردووە. نووسین و وەرگێڕانی زیاتر لە هەشتاد بەرگ کتێبی تایبەتی و گرینگ کاری هەموو کەسێک نییە و کارێک نییە کە بۆ ئێشتیا و گەمە کرابێت.

دوو تایبەتمەندیی زمانزانی و زەماننناسی دوکتۆر یوونسی لە هەندێ جێگای وەرگێڕانەکان و بەرهەمە نووسراوەکانیدا بەرچاوە. زمانزانی یوونسی هەم لە زمانی دەسپێک و هەمیش لە زمانی ئامانجدا بە چەشنێک بووە کە وەرگێڕانەکانی تامی وەرگێڕان نادەن. زمانی ڕوون و ڕەسەن بە ڕاوێژ و شێوازی تایبەت و گونجاوی دەق، تایبەتمەندیی سەرەکیی وەرگێڕانەکانی ئەوە.

ئیبراهیم یوونسی زمانناس بوو، واتە فامست و تێگەیشتنێکی دروستی لە زمان و سەردەمی خۆی بووە و زەرووڕەتە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆی بە باشی ناسیوە. نووسینی کتێبی "هونەری چیرۆکنووسی" ئەویش لە زیندانەدا وەڵامدانەوەی یەکێک لەو زەرووڕەتانەیە کە یوونسی بەر لە هەر کەسێکی دیکە هەستی پێ کردووە. لە شوێنێکدا دەڵێ: لە زینداندا تاقمێکی زۆر زانا، بلیمەت و لێزان هەبوو، کتێب دەخوێندرایەوە و سەبارەت بەو کتێبانە و بە تایبەت سەبارەت بە ئەدەب و وێژە باس و لێکدانەوە دەکرا و لە باسی چیرۆک و ڕۆماندا دەوەستاین و چەقمان دەبەست. ئەدەبی چیرۆک چیە؟ ڕۆمان چیە؟ حەقایەت چیە؟ وەڵامێکی ڕوون و یەکلاکراوە بۆ هیچکام لەو پرسیارانە نەبوو. هاوکات سەرچاوەیەکیش نەبوو کە پەنای بۆ ببەین.

فێربوونی هونەری چیرۆکنووسی و چوارچێوەکانی لەو سەردەمەی کە زینداندا بووین ئەویش لە ڕێگەی نووسین و داڕشتنی "هونەری چیرۆکنووسی" لەو شوێنەدا، وەڵامێک بوو بە زەرووڕەتی مێژوویی و پێداویستی کۆمەڵگای چیرۆکنووسی ئێران. هونەری چیرۆکنووسی بۆ چەندین دەیە تاقە سەرچاوەی بڕوا پێکراوە و تاقە کتێبی هەڵکۆڵینی هونەری چیرۆکنووسی لە ئێران بووە.

زەرووڕەتی تێگەیشتنی گرینگیی ژانری کاریگەری ڕۆمانی هەر لە سەرودەمی زینداندا هەست پێ کرد و "خەونە گەورەکانی" چارلز دیکنز و "سپارتاکووس"ی هوارد فاست-ی وەرگێڕاوە، وەک بڵێی هیوای ئازادی و خەونی ڕزگاریی لە داوی زینداندا لە وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانانەدا دۆزیبووەوە.

ناساندنی ڕۆمان (ئەو دیاردە ڕۆژئاواییە) بە خوێنەری ئێران، بێ شک لە سایەی یوونسی-یەوە بووە و خوێنەرانی ڕۆمان لەوبارەوە قەرزداری یوونسی-ن. لە ڕێگەی وەرگێڕانەکانی یوونسییەوە بوو کە لە گەڵ بەرهەمی شازی نووسەرانێکی وەک تامس هاردی، تام جۆنز، دەستایۆفسکی، ماکسیم گۆرکی، لارێنس سترێن و... ئاشنا بووین.

یوونسی پەنجەی لە پەنجەی ئەو ڕۆمانانە ختووە کە بەر لەو کەس توانای بەرەوڕوو بوونەوە و وەرگێڕانیانی نەبوو. بۆ نموونە دەکرێت ئاماژە بە تریسترام شێندی بەرهەمی لارێنس سترێن بکەین. ترێسترام شێندی ڕۆمانێکە بە گێڕانەوەی لابیرێنتی و زمانێکی ئاڵۆز کە دەڕوانێتە ژیان و بیرۆکەی ئاریستۆکراتیک بە ناوی ترێسترام شێندی و ئیبراهیم یوونسی بە باشترین شێوە کە بشێت وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی.

یوونسی هاوکاتی تێگەیشتنێکی دروست لە کۆمەڵگا و سەردەمی خۆی، دەستی داوەتە وەرگێڕانی کتێبگەلێکی بە نرخ لە

بواری مێژوو و سیاسەت تا خوێنەری ئێرانی ئاگاداری دۆخ و هەلومەرجی گەلانی دیکەی جیهان بێت. ئەمریکا و بزووتنەوەی نیشتمانی، ئەمریکایەکی دیکە، ڕەش پێستانی ئەمریکا، شەڕی گەورەی نیشتمانی، یادەوەرییەکانی ترۆتێسکی، یادەوەرییەکانی خۆشچۆف بەشێکن لەو جۆرە کتێبانە.

دوکتۆر ئیبراهیم یوونسی بە وەرگێڕانی کۆمەڵێک دەق لە بواری ڕەخنە و مێژووی ئەدەبی جیهان توێژەران و لایەنگرانی ئەو بوارەیشی قەرزداری خۆی کردووە. وەک بڵێی یوونسی بە پلانێکی سیستەماتیک خۆی ناچار کردووە بە ئاشنا کردنی خوێنەری ئێرانی لە گەڵ مێژووی ئەدەبی جیهان و ڕەخنەی ئەدەبی. دەستکەوتی ئەو هەوڵە وەرگێڕانی ئامانجداری ئەوە. مێژووی ئەدەبی ڕووسیا، مێژووی ئەدەبی ئەفریقا، مێژووی ئەدەبی یۆنان، توێژەکانی ڕۆمان، هونەری شانۆنامە نووسی، چاوخشاندنێک بە ئەدەبی ڕووس و... دەقەکانی دیکەی لەو چەشنە چرای ڕێگەی ڕەخنەگران و نووسەرانی چەندین بەرەی ئێران بوونە.

کوردۆلۆژی و توێژینەوەکانی کوردستان لەو بوارانەیە کە هەر لە سەردەمی کۆنەوە لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسان و ڕۆژئاواییەکانەوە پێشوازیی لێ کراوە. تێگەیشتنی زەرووەرەتی مێژوویی وەرگێڕانی کتێبگەلێک بە ناوەرۆکی کورد و کوردستان کە ئاخێزگەی شوناسی خودی ئیبراهیم یوونسییە، یوونسی بۆ لای وەرگێڕانی کتێبگەلێک بردووە کە لەوان دەکرێت ئاماژە بە کتێبەکانی ڕاپەڕینی شێخ سەعید پیران لە نووسینی ئۆڵسۆن ڕابێرت، گەشتێک لە کوردستانی تورکیا لە نووسینی شێرین لیزێر، کوردەکان و کوردستان لە نووسینی مارتین ڤان برۆئێن سێن، بزووتنەوەی نیشتمانی کورد لە نووسینی کریس کۆچێرا و بەو ڕیسواییە، کامە بەخشین لە نووسینی جاناتان ڕەندێل بکەین.

یوونسی لە وەرگێڕانی ئەم کتێبانەدا تەنیا پشتی بە گێڕاندنەوە و وتنەوەی بۆچوونی نووسەران نەبەستووە، بەڵکوو بە تێگەیشتن لە چیەتی خوێندنەوە ڕۆژهەڵاتناسانەکان و خوێندنەوە دوا ئیستعمارییەکان لەو پێشەکییە تێروتەسەلانەی لەسەر ئەم کتێبانە نووسیویەتی، هەندێ جار ڕەخنەی لەو ڕوانگە خۆ بە زل زانینانەی مرۆڤی ڕۆژاوایی لە گێڕانەوەکانیان لە ڕۆژهەڵات و مێژووەکەی گرتووە.

لە پێشەکییەکدا کە لەسەر کتێبی گەشتێک لە کوردستان نووسراوەی شری لیزر، نووسیوەتی، دەڵێت: کوردەکان هێشتا نەیانتوانیوە درۆی گەشتیارانی سەدەی نۆزدە لە زەین و مێشکی خەڵکی ئەورووپا و شوێنەکانی تردا بسڕنەوە. چیرۆکی چەتەیی هەرگیز نەکراوە و ناجوامێرییە خەیاڵیەکان و... ئیدی کوردەکان دەستەو یەخەی تەنگ و چەڵەمەی سەرسووڕ هێنەرن.

هەندێ جار پێشەکییەکانی ئیبراهیم یوونسی کە لەسەر کتێبەکان دەینووسێت لە ڕاستیدا تەواوکەری کاری نووسەرەکانە. ڕوانگەی ڕەخنەگرانە و خەسار ناسانەی یوونسی لە خوێندنەوەی هۆکارە دەرەکی و ناوەکییە کاریگەرەکان لەسەر مێژووی کوردەکان جێگای تێڕامانە. یوونسی لەم پێشەکیانەدا هەم هۆکارە ناوەکییەکان دەخاتە ژێر پرسیار و هەم هۆکارە دەرەکییەکان.

ئەگەرچی چیرۆک نووسینی ئیبراهیم یوونسی هەمیشە لەژێر سێبەری گێرانەوە بێ وێنەکانیدا کەمتر دەکەوێتە بەرچاوی ڕەخنەگران، بەڵام دەبێ بڵێین کە ئیبراهیم یوونسی ڕۆمان نووسێکی بێ وێنە بوو. کەش و زمانی ڕۆمانەکانی یوونسی وەک هیچ نووسەرێکی دیکە نییە.

لە رۆمانەکانی یوونسیدا بەردەوام وڵامدانەوەیەک بە بانگهێشتی بەڵێنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ئەو دەبنرێت.

پێبەند بوون بە نیشتیمانی دایکی و بەرچاوخستنی کێشە و تەنگژەکانی بە زمانی چیرۆک لە نیشانە سەرەکییەکانی رۆمانەکانی یوونسیە. نزا بۆ ئەرمەن، دادە شیرین، زستانی بێ بەهار، گۆڕستانی غەریبان و... ئاوێنەی باڵا نوێنێ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ڕووداوەکان و پێشینەی شوێنێک لە جیهانە کە ئاخێزگەی یوونسیە.

چونکوو زمانی دایکیی یوونسی کوردی بووە لە ڕۆمانەکانیدا، دەفرایەتی مەزنی زمانی کوردی بەکارهێناوە و دەستەواژە و وشەی بە خەزێنەی گەورەی وشەدانی فارسی زیاد کردووە.


لە لایەکی دیکەوە زمانی چیرۆک نووسیی یوونسی زمانێکی تایبەتە کە شوناسێکی سەربەخۆی پێیان بەخشیوە. کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکانی یوونسی بە ئەنقەست و بە پێویست بە فارسییەکی نەپوخت قسە دەکەن، لە ڕاستیدا فارسیە نەپوختەکەی یوونسی (وەک دوکتۆر ڕەهبەر مەحموود زادە دەڵێت) لە ڕۆمانەکانیدا، ئامێرێکە بۆ وتنی ئەوەی کە تەنیا بە زمانی چیرۆک دەوترێت.

یوونسی تا دوایین ساڵەکانی ژیانی هەر نووسی و وەریگێڕایەوە و هەموو کات تەیار بوو بە ڕاسپاردەیی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتن لە پێداویستییەکانی سەردەم. ئەگەرچی ئالزایمیر، کێشەی بۆ دوکتۆر یوونسی دروست کرد، بەڵام مێژوو، فەرهەنگ و وێژە و ئەدەبی ئێران هەرگیز ئەو لە بیر ناکات.

* سەرۆکی ناوەندی توێژینەوەی کوردستان ناسی زانکۆی ئازادی ئیسلامی لقی سنە

سەرچاوە: ئاژانسی هەواڵی مێهر – بەشی کوردی - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوێری ٢٠١٨

# ئیبراهیم یونسی و خەونێکی گەورە بۆ گۆڕانی کولتووری



**عادل قادری**

ئیبراهیم یونسی یەکێک لەو قەڵەمانەیە کە بە دوو هۆی گشتی قسەکردن لەسەر کارەکانی و کەسایەتی ئاسان نییە. یەکەم ئەوەی کە ئەو هەم لە بواری وەرگێڕان و هەم لە بواری نووسیندا بارستایی و حەجمێکی زۆر تا ئاستی سەرووی هەشتا بەرگ کتێبی چاپکراوی هەیە کە لە بوارگەلی جۆراوجۆری ئەدەبی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، سیاسی و هونەریدان، دووەم ئەوەی کە وەرگێڕان و نووسینەکانی یونسی هەم بۆ کاتی خۆی و تاڕادەیەکی زۆریش ئێستا تازە و داهێنەرانە بوون، ئەو زۆر بە مەبەست و ئامانجدار کتێبی بۆ وەرگێڕان هەڵدەبژارد و لە ئەدەب و زمانی فارسیدا بە باوکی ڕۆحی بەرەیەکی گەورە لە نووسەران و وەرگێڕانی پاش خۆی دەزانرێت و بەرەی ئێستەش بێگانە نین لەگەڵ خەم و ڕەنج و ئازار و نیگا و گێڕانەوەکانی.

دەتوانم بڵێم زۆرینەی کارەکانی ئەم کەسایەتییە درەوشاوە ڕەنگدانەوە و وانوێنەری جیهان ژین (جهان زیست)ێک بوون کە لەگەڵ زۆر پرس و کێشەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی و کولتووری دەستەویەخە بوو. یونسی کە ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لە شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک دەبێ، بنەماڵەی باوکی خان (سلێمان خانی کوڕی یونسی خان، حاکمی بانە) و ئاغاوات بوون و بنەماڵەی دایکیشی رایەت و خەڵکی ئاسایی، پێموایە هەر ئەم دووسەربوونەی

لەدایکبوونی دەبێتە هەوێنێک بۆ تێڕامان لە پێکهاتی چینایەتیانەی کۆمەڵگا و ڕەخنەکردنی سیستەمی خانخانێتی لە بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانیدا.

### ئەو لە "زستانی بێ بەهار" (١) – بیرەوەرییەکانی لە منداڵییەوە تا پاش زیندان– دا دەڵێت:

بنەماڵەی باوکم سەرجەم ئەتڵەسپۆش و زەنگین بوون جگە لە من و دوو مامم. من لە پازدە ساڵان بەولاوە بەهەڵکەوت نەبێ ئیتر سەردانی ماڵی باوکمم نەکرد و هەر جاریش کە ڕۆیشتووم سووکایەتیم پێکراوە، بۆیە دایە گەورەم نەیدەهێڵا ئیتر بڕۆم.

ئەو دایەگەورەیەی کە پاش مەرگی دایکی ئیبراهیم لە تەمەنی دوو ساڵان، ئیبراهیم دەباتە لای خۆی و لەگەڵ باوەگەورەی کە بنەماڵەیەکی هەژار و دەستکورت، بەڵام فەریح و شاتەبیعەت بوون، گەورەی دەکات.

پێموابێ یەکەمین هەوێن بۆ تێڕامان و دابڕان لە پێکهاتێکی چینایەتی کۆمەڵگا لەم دووفاقی و دووسەربوونەیەوە دەستپێدەکات. لەسەرێکەوە بنەماڵەیەکی لەخۆبایی و زەنگین و ئاغاوات (باوک) و لەسرێکی ترەوە بنەماڵەیەکی هەژار و کرێکار و ڕۆح ئەفزا و خۆش مرخ (بنەماڵەی دایکی). ساڵی ١٣٢٠ی کۆچی (١٩٤١) کە ئێران لەلایەن هێزەکانی موتەفیق و هاوپەیمان (فەرانسە، بەریتانیا، رووسیا و...) داگیر دەکرێت، ئەرتەشی ئێران لە بانگهێشتێکی گشتیدا داوا لە هەموو بنەماڵە عەشایرەکان دەکات منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانەکانی نیزام و زانکۆی ئەفسەری، ئیبراهیم ساڵی ١٣٢٢ی کۆچی (١٩٤٣ ز) دێتە قوتابخانەی دواناوەندی تاران و لە ١٣٢٤ی کۆچی دیپلۆم وەردەگرێت و دەچێتە زانکۆی ئەفسەری و لە ١٣٢٧ زانکۆ تەواو دەکات لە گوردانی چواری ڕەزایە دەستبەکاردەبێت. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی لەگەڵ خاتوو ڕۆزا گوڵپاشی دەبێتە هاوسەر و سێ کچ و کوڕێک ئاکامی ئەم هاوسەرگیرییەیە.

ژیانی یونسی لەم ئاڕاستە سرووشتی و ڕێک و هەموارەدا نامێنێتەوە و لە ڕەزایە قاچێکی لەدەست دەدات. لایەنی داپۆشراوی ژیانی یونسی پاش کۆدەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ (١٩٤٣ز) بەسەر دەوڵەتی موسەدیق-دا دەردەکەوێت کە بووە هۆی ئەوەی هەشت ساڵی تەمەنی لە زیندانی ڕژێمی پاڵەوی بەسەر بەرێت و هەر لەوێش زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی فێردەبێت و کتێبە ناودارەکەی چارلز دیکێنز (خەونە گەورەکان) بە راوێژ لەگەڵ سیاوەش کەسرایی کە سەردانی براکەی دەکرد لە زیندان، هەر لەوێ وەردەگێڕێت.

یونسی پاش ئەو کودەتایە، هاوکاری و هاودەستی لەگەڵ ڕێکخراوی سەربازیی حیزبی توودە ئاشکرا دەبێت و لەگەڵ بەشێکی زۆر لە هاودەستانی و لە دوو گرووپدا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت، ئەو سەر بە گرووپی دووەم بوو، بەوتەی دادگا بەهۆی لەدەستدانی پێی چەپی بۆ خزمەتی وڵات و لەناو ئەرتەش، بەر لێبووردنی شا کەوتووە و بڕیاری لەسێدارەدانەکەی بۆ زیندانی هەتاهەتایی دەگۆڕێت، ئەمە لەکاتێکدا کۆڵۆنێل موبەشیری و سیامەک کە هاوگرووپ و دەستەی بوون، لەسێدارە دەدرێن. زۆربەی هاوبەندەکانی کەسانی خوێندەوار و زمانزان بوون و زیندان دەبێت بە زانکۆیەکی ڕاستەقینە بۆی.

زیندان و ژیان و خەبات و ئازار و ڕەنج و هیوا و ئەزموون یونسی کرد بە ترۆپکێکی مەزن کە بەرهەمی زۆرێک لە نووسەرانی دونیا، لەوانە: ڤیکتۆر هۆگۆ، چارلز دیکێنز، تۆماس هاردی، شکسپیر، هۆوارد فاوۆست، دۆستۆیفسکی، بێرتراند راسێڵ، جۆرج ئەڵیوت، ماکسیم گۆرکی و چێخۆف و...لەڕێگەی ئەوەوە بەکۆمەڵگەی ئێرانی و زمانی فارسی ناسران. پانتایی کاری یونسی لەبوارگەلی جۆراوجۆر و لەڕێگەی وەرگێڕان و نووسین بێ وێنەیە، زۆرتر لە هەشتا بەرهەمی گرینگ و ناوازە لە وەرگێڕان و نووسین لە کارنامەیدا هەیە و خشتەی ئەو بەرهەمانە و هەڵبژاردنی وەسواسانە و بژاردەکارانەی یونسی وامان پێدەڵێت کە ئەو پلانێکی گەورەی کولتووریی درێژخایەنی لە زەیندا بووە و ویستوویەتی ئەم پلانە هەم بۆ ئێران بەگشتی و بۆ کوردانیش بەتایبەتی بە ئەنجام بگەیەنێت.

هەروەک گوتم، ژمارەی وەرگێڕان و نووسینەکانی یونسی زۆر زۆرترن لەوەی کە بتوانم ئاماژەیان پێبدەم، بەڵام ئاماژە بە چەندین کاری مێژوویی و ئەدەبی و کۆمەڵناسانەی دەکەم کە پەیوەستن بە کوردەوە و ڕانان و خوێندنەوەیەکی کورت بۆ یەکێک لە ڕۆمانەکانی: (بەخێر هاتی...!) (٢) دەخەمەڕوو.

**لەبواری مێژوو و کۆمەڵناسی کۆمەڵگا و شۆڕشە کوردییەکانەوە یونسی چەندین بەرهەمی وەرگێڕاوە کە ئێستا وەکوو سەرچاوەیەکی گرینگ و باوەڕپێکراو دادەنرێن، لەوانە:**

- بۆ ئەم ڕیسواییە چ بەخشینێک؟- جۆناتان ڕاندڵ
- پێوەندییەکانی ئێران و تورکیا و پرسی کورد- ڕۆبێرت ئۆمن
- شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران- ڕۆبێرت ئۆڵسون
- گەشتێک لە باکووری کوردستان- شێرین لیزەر
- کوردەکان- کەماڵ نازدار
- کوردەکان و کوردستان- دیریک کینان
- کوردەکان، تورکەکان، عەرەبەکان- سیسیل جەی ئیدمۆندز

- کۆمەڵناسیی خەڵکی کورد (ئاغا، شێخ و دەوڵەت)- مارتن ڤان برونسن
- بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد- کریس کۆچێرا
- هێلانەی هەڵۆ- کونیستانت هوون...

لە نووسینەکانیشی، ڕۆمانگەلی: (دوعایەک بۆ ئارمەن، بەخێر هاتی...، گۆڕستانی غەریبان، دادە شیرین، دایکم هەمدیس گریا، مردووەکان) لە بەرهەمە دیارەکانن.

یونسی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران سێ مانگ دەبێت بە پارێزگاری کوردستان، بەڵام دوای ئەوە بە وتەی خۆی بەهۆی ئەوەی کە نیازپاکی و بەرنامەیەکی ڕێک و هاوکۆکییەک بۆ چارەسەری کێشەکان لە تارانەوە نەبوو، دەستی لەکار کێشایەوە، ئەگەرچی لەو سێ مانگەشدا جێگەدەستی لە هێورکردنەوەی کێشەکانی کوردستاندا دیار بوو.

یونسی بەم بارستایی و پانتاییە لە کار و چالاکی لە هەموو ئێراندا بێ وێنە و دانسقەیە و ئەمە خودی نووسەران و وەرگێڕانی فارس، لەوانە ڕەزا سەید حوسەینی، خەشایار دەیهیمی، مەهدی غەبرایی و زۆر کەسی تر دانی پێدا دەنێن، بەڵام جگە لە چەند ڕێوڕەسمێکی بچووک و ڕێزگرتنێکی ئاسایی لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسەوار و شانازییە کولتوورییەکان لە ساڵی ١٣٨٠ و هەروەها ڕێزلێنانێکی سادە لە فێستیڤاڵی چیرۆکنووسی عەزرا لەساڵی ١٣٨٢ ، کارێکی وای بۆ نەکرا... شەوێکی تایبەتیش لەلایەن گۆڤاری بوخاراوە کە عەلی دیهباشی بەڕێوەی دەبات.

یونسی چەند ساڵێک پێش مردنی تووشی نەخۆشی ئاڵزایمەر ببوو، بەڕادەیەک کە ئیدی ناوی چارڵز دیکنزی نەدەناسییەوە و دەیگوت ناوی ئاشنایە بە گوێم... یونسی لە ١٩ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٠ لە ئامێزی فریشتەی مەرگ دەخزێت و بە وەسیەتی خۆی لە بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گۆڕستانی سلێمان بەگ دەینێژن.

## خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسانەی ڕۆمانی "بەخێرهاتی...!"

"بەخێرهاتی...!" ڕۆمانێکە لەخۆگری بەسەرهاتی خانێکە لەژێر ناوی ڕۆستەم خان کە بەهۆی باوەڕی بە ڕەسەنایەتی و خوێن پیرۆزی و ڕەگەزپاکیی خۆیەوە ڤەت "بڕیار"ی شووکردنی کچەکەی لەگەڵ "بۆرە پیاو"ێک بە ناوی خەسرەو کە خەڵکی بانەیە، نادات. ڕۆستەم بەگ (خان) خەڵکی باکووری کوردستان و خەسرەو لاوێکی عاشق و خەڵکی بانەی ڕۆژهەڵاتی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستانە. رۆستەم بەگ دوای رووخان و نسکۆی شۆڕشی ئارارات لە باکووری کوردستان بە رێبەرایەتی ئیحسان نووری پاشا، لە دەست هێزەکانی تورک هەڵدێت و روو دەکاتە رۆژهەڵاتی کوردستان.

چونکە لەو سەروبەندەدا هەر هەمان سیستەمی فیۆداڵی و خانخانێتی لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش زاڵە، لەبەر دەروازەی هەر شارێکدا خانێک بە سووروسات و دەستوپێوەندی شکۆمەندانەی خانایەتیانەی خۆیەوە راوەستاوە بۆ داوەتکردن و رێزلێنان لە هاوخوێن و هاوڕەگەزی خۆی کە "خان" بێت.

رۆستەم خان وەکوو بوونەوەرێکی هەستەوەر زۆرتر بەهەست و نیگاوە رووبەڕووی دونیا دەبێتەوە و شیکاری و لێکدانەوەیەکی وای لەدەرەوەی ئەم حاڵەتە بۆ ژیان و دەوروبەر و کێشەکانی پێ نییە، هۆگری بە سرووشت و مۆسیقای فولکلۆری کوردی بە تایبەت حەیران و لاوژە و قەتار هەیە (۳) و تەنانەت سترانبێژێک بە ناوی پیرۆتی لەگەڵدایە و جارناجارێک کە لە ئەوقبوون و روانین لە کێو و ترۆپکی چیاکان وەکوو هێمای جەنگ و حەماسەت تێر دەبێت، بە پیرۆت دەڵێ: "ئادەی بخوێنە". (٤)

ئەمە لایەنێکی کەسایەتی مرۆڤی ناو کۆمەڵگای ئەودەمی کوردییە، کۆمەڵگایەک کە دووشەق بووە لە نێوان باڵادەستیی چینێک بەناوی خان و بەگزادە و...

ئیسلامێکی سەیر و سەمەرەی خۆماڵی کە لە درێژەدا ئاماژە بە لایەنی دووەم و تێکەڵکاری و دیالێکتیکی سەیری ئەم دوو شەق و جەمسەرە دەکەم. لایەنی خانێتی و بەرزەجێیی خان وادەکات سەمبول و سیماکانی سەر بەم جەمسەرە بەرگەی گۆڕان و رووداوە تازەکانی کۆمەڵگا نەگرن و تووشی جۆرێک لە دژوازی و پێکدادان ببێت، لە رۆمانەکەدا بە فۆرمی ململانێی نێوان باوک و کچ، نەریت و عەشق، ئاغا و رەعیەت، عاشقی بەرزەجێ و عاشقی خوارەجێ هاتووە... ئەم پێکدادان و بەریەککەوتنە چارەنووسێکی تراژیک بۆ هەردوولا دروست دەکات، واتە لایەنی خان (باوک-رۆستەم خان) و لایەنی رەعیەت (عاشق- خەسرەو) و هەر کام بەشێوەیەک رووبەڕووی تراژیدیا و مەرگ و ئاخرشەڕی دەبنەوە...کچی خان (نێرگس) لە نێوان ئەم دوو جەمسەری پێکدادانەدا سووتەمەنییەکی جوان و پیرۆزە..!.

دوای ئەوەی کە بنەماڵەی رۆستەم خان لە شاری بانە نیشتەجێ دەبن، خان بەو هەموو سۆزەی عەشق و حەماسەتەوە (کە لە خۆشەویستی بۆ مەقام و بەیتە کوردییەکاندا روونە) و تەنانەت خۆشی لە رێگەی عەشقەوە لەگەڵ دایە خانم، واتە دایکی نێرگس ژیانی پێکەوەناوە، بەڵام کاتێک نێرگس و خەسرەو شەیدا و عاشقی یەکدی دەبن، لەگەڵ بەرگری و

پەرچدانەوەیەکی لەڕادەبەدەری ڕۆستەم خان بەرەوڕوو دەبنەوە و تەنانەت بۆ خەسرەو پیلانرێژی دەکرێت، خەسرەوێک کە ڕۆیشتووەتە پێشوازیی بنەماڵەی ئاوارە و ئاوارتەی خان و لەسەر سنوور بە ناو چەندین کەندەلان و وشکەچۆم و کوێرەڕێ، هێناونی بۆ بانە.

لەو پیلانەدا خەسرەو گیان دەردەبات، بەڵام کوڕە دراوسێییەکیان پێوە دەبێت و دوای ماوەیەک کە قسە و قسەڵۆکی زۆر دەخرێتە دووی نێرگس و خەسرەو و هەروەها بەهۆی زەختێک کە سیستەمی فیۆداڵی "باوکسالارانە"ی بنەماڵەی ڕۆستەم خان، واتە باوکی نێرگس دەیخەنە سەر نێرگس، کچە خۆی دەرمانخوارد دەکات و تێدا دەچێت. پاش ئەم ڕووداوە، بەرە بەرە ڕۆستەم و دایەخان بەرەو هەڵوەشان و دارزانێکی دەروونی و ڕۆحی دەڕۆن و ڕۆستەم بە تەواوی شێت دەبێت و هەموو سامان و بوونی مادی و مەعنەویی خۆیان لە کیس دەدەن و هێرشگەلی جۆراوجۆر دەکرێتە سەریان و... و ڕوو دەکەنە شوێنێک لای پارێزگای کرمان.

تا ئەم وێستگەیە لە ڕۆمانەکەدا بوونەوەر و بکەر یان ڕاستتر وایە (کراو- بەرکار)ی ناو سیستەمی ئاماژەپێدراو دوو تایبەتمەندی نێگەتیڤ و چارەنووسکوژ و ڕەش وەردەگرێت، شێتییەک کە سەر لە وڕێنە و تێکچوونی یادەوەری (ونکردنی زەمان) دەدات و غوربەتێک کە ئەمان تێیدا بۆ خەڵکی کرمان "ئەویدی"ن، بەڵام ئەمان خۆیان نازانن شوناسیان چییە و ون بووگن تا بیر لەوانی دی بکەنەوە! تاوەکوو دواجار کوڕە گەنجێکی بانەیی کە لە دەزگای "دادوەری"ی کرمان ئیش دەکات، بەسەریاندەکاتەوە و کچەکەی نێرگس (بەرهەمی عەشقی ژێرەوانکێ و سێبەریانەی نێرگس و خەسرەو) کە ئێستا سمتی پڕە و مەمکی قۆرت و دەنگی ناسک! خوازبێنی دەکات و دەبێتە دەرگایەکی تۆزێک ڕێزمەندانەتر لە پێشوو بۆ دەرچوونی ڕۆستەم بێ "خان" ومان واتە ڕۆستەم خان! لە بەرزەخ و درێژەدان و ڕۆیشتن بەرەو نادیار یان دۆزەخی ژیان!

وەک لەم گێڕانەوەیەدا تا ڕادەیەک ورد و ڕوونم کردەوە، نەریتە کولتوورییەکانی کورد وەکوو باوکسالاری و خانخانێتی کە دەسەڵاتێکی شکۆمەند و پیرۆز و فیۆداڵیانەی لێ شین بووە، لەگەڵ میتافیزیکی ئیسلامی - عەرەبیدا بەشەڕدێت و بەهۆی نەهاتنە ئارای سەنتێز و بەرئەنجامێکی ڕوون و واقیعی، چۆڵەوانییەک لە داروپەردووی رووخاو لەبەردەممانە کە عەشقی نێرگس و خودی نێرگس دەکوژن، چونکە خوێنی نێرگسیان بەلاوە پیرۆزە و لەم سەریشەوە ئیسلامیان قبووڵ نەکردووە و نوێژ ناکەن چونکە ڕەسەنایەتییان نابێ لەکیس بدەن!

بۆیە وەکوو دەرکەوتەیەکی هێمایینی ئەم کردەوەیە، تەرم و ڕۆحی نێرگس لە بانە جێدێڵن و لەو ماڵەی کە بەکرێ گرتبوویان، لەنهۆمی سەرەوەدا دەینێژن و سەردان و پاسەوانییەکەی دەدەنە دەست ژنە قەرەجێک و دواتر ژنە چ

گێـڕانەوەگەل و چ دیـرۆکگەل و چ ئوسـتوورەگەلێکی سـەیر و دەسـتکرد و سـاختە لە گڵکـۆی نێـرگس نـاهۆنێتەوە، لە گڵکـۆی عاشقێکەوە دەبێتە نەزەرگە و قسنە کۆنێک کە فریشتەکان و خزری زیندوو بەسەری دەکەنەوە و ژنە قەرەجیش لەم پێشـانگا ئەفسووناوییەی کە ڕێکیخستووە، پارە و دەسکەوت و حەوجەگەلێکی زۆری بەردەکەوێت!
ئەم بوونەوەرە کە ناوی خان بێت وەک ئەوەی کە یونسی لە ڕۆمـانی "بە خێرهـاتی...!" دا باسی دەکـات، تایبەتمەنـدییەکی خۆبینـانە و لەخۆدەرچـووانەی دانسقەی تێـدا بـوو، زۆرتـریش بۆ ئەو مەبەستە بـوو کە لە ئەوانی دی جیـا و هەڵبـژاردە و تایبەت بکرێتەوە، تەنـانەت ئەگەرچی لە دوای هـاتنی ئـایینی ئیسلامیش هەر پێکهـات و دەسەڵاتیان ئامادە بـوو لانیکەم وەکـوو ئەو ڕۆڵ و دەورەی خۆیـان بـۆ خۆیـان دایانـدەنا و پێشـیان پەسـەند بـوو و هەر بە ئاراسـتەی ئەو جیاکـاری و "جیابکەری"یەدا نوێژیشیان نەدەکرد، ئەوەش لە حاڵێکدا کە کولتووریشی بەزۆری! ئاینی و ئیسلامی بووە!


ئەو لە زمـانی یەکێـک لە کەسایەتییەکانی ڕۆمـانەکەوە دەڵێـت: "بەنـی ئـادەمێک کە گەرد و وردیلەیەکـی بـێ نـرخ و بـایەخ زیـاتر نییە، خۆی بە تەوەر و خولێنگەی گەردوون و کائینات دادەنێت، من بۆیە لە نوێژکردن خۆشم دێ چونکە دەبێتە هـۆی ئەوەی کە ئەم گەردیلە چرووک و هیچە بۆ چرکەساتێکیش بووە لە ترۆپک و بەرزاییەکانی لەخۆباییبوون و لـووتبەرزی بێتە خـوارەوە و بڕێـک لەگەڵ ڕاسـتی و حەقیقەتـی بـوونی خـۆی ئاشـنا بێـت. تەنـانەت ئەگەریـش ئەو هەسـتی دابەزیـن و لەخۆدەربـازبوونەش داینەگرێت، هەر تـرس و دڵەڕاوکێیەک دەکەوێتە گیـانییەوە پەیوەست بەم پرسیارەی کە داخـۆ منیش ئەوەندە گەردیلەیی و سووچ و چرووک بم وەکو "ئەوانی"دی؟" (٥).
ئەم ڕۆمـانە وانـوێنەر و وەگێـڕی چەنـدین بەریەککەوتـن و دژوازی و قوربـانی و سووتـانی عەشق و ڕەنجـی مـرۆڤ و مەرگـی جـوانی و زەختـی سیاسییە کە ڕووبەڕووی کـورد لە دوو پـارچەی بـاکوور و ڕۆژهەڵات بـووەتەوە و بەشـێوازێکی ریالیسـتی و واقیعخوازانە گێڕدراوەتەوە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- زمستان بی بهار، ابراهیم یونسی، تهران، انتشارات نگاه
٢- خوش امدی، ابراهیم یونسی، رمان، توکلی، تهران، ١٣٨١
٣- بەیت و کۆڵەکەی سەرەکی مۆسیقای کوردی کە وەگێڕیی عەشق و هیجران و جەنگ و حەماسەتە
٤- خوش امدی، ابراهیم یونسی ل ١٤٨
٥- بڕگەی پێشوو ل ٣١٨

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ٢٤ی فێبریوێری ٢٠١٨

# ژیان و بەرهەمەکانی ئیبراهیم یونسی



ئا: محەمەد حەسەن

ڕۆژی چوارشەممە نوسەر و وەرگێری ناسراوی کورد ئیبراهیم یونسی لە شاری تاران کۆچی دوایی کرد و بە پێی وەسیەتی خۆی بڕیارە ئەمڕۆ پێنج شەممە تەرمەکەی ببرێتەوە شوێنی لەدایکبوونی لە شاری بانە و لەوێ بە خاک بسپێردرێت.

ئیبراهیم یونسی کە بەیەکێک لە گەورەترین نوسەرو وەرگێرانی ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان دادەنرێت پاش دوو ساڵ ململانێ لە گەڵ نەخۆشیەکی سەختدا بەرەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە '٨' ی شوباتی '٢٠١٢' لە شاری تاران ماڵئاوایی لە ژیان کرد و بە پێی وتەی بنەماڵەکەی بڕیارە لە سەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی لە گۆڕستانی سلێمانبەگی شاری بانە بە خاک بسپێردرێت.

ئیبراهیم یونسی لە دایکبووی '١٩٢٦' ە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەبانە تەواوکردوە و دواتر چووەتە کۆلێژی سە ربازی و پلەی ئەفسەری وەرگرتوە لە سوپای پاشایەتی ئێران.

لە کۆدەتای سەربازی '١٩٥٠' لە دژی کابینەی دکتور محەمەد موسەدیق ، بە تۆمەتی ئەندامێتی لە حزبی تودە، حزبی کۆمۆنیستی ئێران، سزای لە سێدارەدانی بە سەردا سەپێندار.

ئەم سزایەی دواتر لە دادگای پێداچونەوە گۆڕدرا بۆ سزای زیندانی هەتاهەتایی، ئەویش بە هۆی ئەوەی ناوبرا لە کاتی راهێنانی سەربازی بە هۆی تەقینەوەی مینەوە قاچێکی لە دەستدابوو، هەر بۆیە توانی لە سزای لەسێدارەدان رزگاری بێت.

وەک خۆی لە چاوپێکەوتنێکیدا باسی لێوەکردووە زیندان بۆ ئەو بووەتە دەروازەیەک تا ببێتە نوسەر و وەرگێڕ.

هەر لەو ماوەیەی کە لە زینداندا بوو توانی درێژە بە خوێندنەکەی بدات و چەندین کتێب وەربگێڕێت وکتێبێکیش بنوسێت.

پاش چەند ساڵێک سزای زیندانەکەی کەمکرایەوەو بەر لێبوردنی گشتی کەوت، دوای ئازادبونیشی چەندین کتێبی دیکە وە رگێڕایەوە.

هەر لەو ساڵانەدا رووی کردە فەرەنسا و لە زانکۆی سوربۆن بڕوانامەی دکتۆرای لە بەشی ئابوری وەرگرت.

ئیبراهیم یونسی لە دوای شۆڕشی '١٩٧٩' ی ئێران لە کابینەی حکومەتی کاتی مەهدی بازرگان بوە یەکەم پارێزگاری، پارێزگای سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان.

بەڵام پاش دەست لەکارکێشانەوەی بازرگان وکابینەکەی بۆ هەمیشە لە کاری حکومی خۆی کشاندەوە و تەمەنی تەرخان کرد بۆ نوسین و وەرگێران.

بە درێژایی تەمەنی زیاتر لە '٦٠' کتێبی لە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزیەوە وەرگێراوەتە سەر زمانی فارسی و زیاتر لە دە کتێبیشی نوسیوە.

بەشێکی زۆر لەو کتێبانەی یونسی وەریگێڕاون تایبەتن بە مێژووی کۆن و هاوچەرخی کورد بەم پێیەش خزمەتێکی باشی بە بەرەوپێشچونی رۆشنبیری و شیاری نەتەوەیی خوێنەرانی کورد کردووە لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

**کە بەشێکیان بریتین لە:**

**راپەرینی شیخ سەعیدی پیران – رابرت ئۆڵسن**

کورد وکوردستان-  درێک کینان
بەم تاوانەوە کامە لێخۆشبوون-  جاناتان رەندڵ
کوردەکان،تورکەکان،عەرەبەکان-  سیسیل جی ئێدمۆنز
بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد-  کریس کۆچێرا
پرسی کورد و پەیوەندیەکانی ئێران و تورکیا-  رابێرت ئۆلسن
گەشتێک بە کوردستانی تورکیا-  شرین لیزێر
کۆمەڵناسی گەلی کورد "ئاغا، شێخ، دەوڵەت" -  مارتین ڤان برۆسن
مێژووی هاوچەرخی کورد-  مەک داوڵ

جیا لەم بەرهەمانە، یونسی چەندین شاکاری جیهانی و بەرهەمی نوسەرانێکی وەک چارڵز دیکێنز ، بێرتراند راسڵ، ئانتوان چخۆف، تام هاردی، ماکسیم گۆرکی،سێروانتس و فیۆدۆر دۆستۆیۆفسکی بۆ سەر زمانی فارسی وەرگێراوەتەوە.


ئیبراهیم یونسی وە نوسەرێک چەندین بەرهەمی رومانیشی نوسیوە، سەربارى ئەوەی بە زمانی فارسی نوسراون بەڵام هاوشێوەی نوسەری گەورەی کورد لە باکوری کوردستان ،یاشار کەمال ، جوگرافیای روداوی ناو ئەم رومانانە کوردستانە و قارەمانەکانیشی کوردن.

**هەندێک لە رومانەکانی ئەم نوسەرە بریتین لە:**

دڵدارەکان
دایکم دوجار گریا
نزا بۆ ئارمین
دادە شیرین
گۆڕستانی غەریبان
زستانی بێ بەهار
کڵاو لار و قەرەچ
پشکوتنی باخ
بەخێرهاتی
پەژارەی شەوێکی بێ کۆتایی،.

سەرچاوە: ماڵپەڕی قادرزادە

## وتاری د. ڕەهبەر مەحموود زادە لە ڕێورەسمی خەڵاتی دوکتۆر ئیبراهیم یونسی




**هاوڕێیانی هێژای لیژنەی بەڕێوەبەری خەڵاتی دکتۆر ئیبڕاهیم یوونسی**

دیاری کردنی خەڵاتێک بۆ کتێبی کوردی ڕەنگە لە یەکەم تێڕوانیندا بە هەنگاوێک بەرەو گرێ دانی ئەدەبیات . وەکوو نەهاد یان دامەزراوەیەک - لە سازییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بێتە ئەژمار. ئەگەر ئەم پرۆژەیە سەرکەوتووانە جێبەجێ بکرێ، ئەدەبیاتی کوردی کە بەداخەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەباری پشتیوانیی ڕەسمییەوە تا ڕادەیەکی زۆر بێناز و بێداشدار ماوەتەوە،لەوانەیە پشوویکی بووژێنەرەوەی بە بەردا بێتەوە.دیارە نووسەران و ئەدیبان، ئەدەبیات وەکوو کۆمەڵێک دەق دەبینن. بەڵامکۆمەڵناسان ئەدەبیات زیادتر وەکوو دامەزراوەیەکی هەراو دەبینن کە کارکرد و فۆنکسیۆنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی تایبەت بە خۆی هەیە.دیاری کردنی خەڵاتێکی لەم چەشنە بۆی هەیە ببێ بە پردی پێوەندیی نێوان ئەم دوو ڕوانگەیە.

بەڵام بەر لە هەر هەوڵێک بۆ پێکهێنانی ئەم پێوەندییە، ڕەنگە پێویست بێ ئاوڕێک لە دەقە ئەدەبییەکانی خودی دکتۆر یوونسی بدەینەوە.

باس کردنی بەرهەمەکانی دکتۆر ئیبراهیم یوونسی کە چەخماخەکەی بەهۆی دیاری کردنی خەڵاتێک بەناوی بەڕێزیانەوە لێدرا دەرفەتێکی گونجاوە بۆ وردبوونەوە لە بوارێکی تیۆریک کە لە پانتایی ڕووناکبیری کوردیدا کەمتر ئاوڕی لێ

دراوەتەوە.

لەم چەند ساڵەی دواییدا بە خۆشییەوە تیۆری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی لە ناو ئێمەی کورددا ئاوڕی زۆر جیددی لێدراوەتەوە و هەنگاوی بەوەج لەم پێناوەدا هەڵهێنراوەتەوە. ئێمە لە بوارگەلێکی وەک ڕەخنەی پێکهاتەخوازانە، ڕەخنەی پاش‌پێکهاتەخوازانە، ڕەخنەی دەروونشیکارانە و... شاهیدی هەوڵی جێی سەرنج و دڵخۆشکەر بووین.

بەڵام بەداخەوە تیۆرییەکانی پاش - ئیستعماری و نۆریەنتالیستی لە ئیدوارد سەعیدەوە بگرە هەتا گایاتری چاکراوۆرتی سپیواک و هۆمی بهابها و... لەلای ئێمە زۆر کەم ئاوڕیان لێدراوەتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەم کۆمەڵە تیۆرییانە بە شێوەی هێزەکی (بالقوە) پڕاوپڕن لەو بابەتانەی کە زۆر بە کەڵکی ئێمە دێن و دەکرێ بە شێوەیەکی شیاو کەڵکیان لێ وەربگیرێ و تەنەوەیان پێ بدرێ.

هەندێک لە تیۆریسییەنەکان کاتێک ئاماژەیان بە شێوەی ئینگلیسی نووسینی ئەو نووسەرانە کردووە کە بە ڕەگەز ئینگلیسی یان ئامریکایی نین بەو ئەنجامە گەیشتوون کە شێوەی ئینگلیسی نووسینی ئەم نووسەرانە جیاوازی زۆر بەرچاوی لەگەڵ ئینگلیسی نووسینی نووسەرانی تر هەیە. هەر بۆیە ئەم تیۆریسییەنانە پێیان وایە ناکرێ هەر دوو شێوە نووسین وەکوو یەک بە نووسینی ئینگلیسی بزانین. نووسەرانێکی وەک بیل ئەشکرافت و گەرێت گریفیت و هێلێن تیفین پێیان وایە ئەگەر زمانی ستانداردی نووسەرە نەیتیوەکان بە English بزانین، ئەو دەم بۆ نیشاندانی . بۆ نموونە . زمانی نووسینی نووسەرانی ئەفریقایی - ئەمریکایی دەبێ کەڵک لە وشەیەکی وەک english وەربگرین. جگە لەم هەوڵە هەوڵی هاوشێوەی دیکە بۆ جودا کردنەوەی ئەم دوو ستانداردانە لەلایەن نووسەری تریشەوە دراوە. بۆ نموونە لەڕوانگەی هێنری لوویس گەیتسەوە ئەگەر شێوەی دەلالەتگەری نووسەرانی نەیتیو بە signifying نیشان بدەین، دەتوانین سیستمی دەلالەتگەری نووسەرانی سەر بە کەمینە نەتەوەییەکان کە بە زمانێکی غەیری زمانی خۆیان (واتە بە زمانی نەتەوەی باڵادەست) دەنووسن بە signifyin(g) بزانین.

لە بەرانبەر ئەم هەڵوێستە تیۆریکەدا نووسەرانێکی تر کە بە زمانی ئینگلیسی نانووسن و داکۆکییەکی زۆر لەسەر نووسین بە زمانی نەتەوەیی خۆیان دەکەن، ئەم جیاوازی دانانە ناپەژرێنن و ڕەتی دەکەنەوە و نووسەرانی هاوزمانی خۆیان کە بە ئینگلیسی دەنووسن بە نووسەری خۆیان نازانن.

لە ڕوانگەی تیۆریسییەنەکانی دەستەی یەکەمەوە (کە جوداوازیی لە نێوان دوو ستانداردەکە دادەنێن) نووسین بە ستانداردی

english (لە جیاتی ستانداردی English) و دەلالەتگەری بە شێوەی (signifiyin(g نەک هەر بە خاڵی لاوازی ئەم نووسەرانە نایەتە ئەژمار بەڵکوو بەپێچەوانە وەک خاڵی بەهێزیان چاوی لێ دەکرێ. چونکە نووسین بەم ستانداردە پێویستی بە ڕاوەستان لە "دۆخێکی سووژەیی" (موضع سوژگانی) هەیە کە ڕاوەستان لەم دۆخەش خۆی بەستراوەتەوە بە هەبوونی "وشیارییەکی دووقات" ( آگاهی مضاعف). وشیاریی دووقات لەئەنجامی هاتوچۆی بەردەوام لە نێوان دوو فەرهەنگی جیاواز و ئاگادار بوون لە تایبەتمەندییەکانی هەر دوو فەرهەنگەکە دابین دەبێ. عادەتەن (هەڵبەت نەک بە شێوەی ڕەها) ڕووناکبیرانی سەر بە کەمایەتی لە دۆخێکی سووژەیی ئەوتۆدا ڕاوەستاون.

بە بڕوای من ئەگەر بمانهەوێ قامک لەسەر ناوی نووسەرێکی کورد دابنێین کە نووسینە فارسییەکانی ستانداردێکی جودا لە ستانداردی باوی فارسییان هەبێ و ئەم ستانداردە جیاوازە مۆرکی فەرهەنگی کوردی پێوە دیار بێ و لە ئەنجامی ڕاوەستان لە دۆخێکی سووژەیی کوردانەدا دەرفەتی بیچم گرتنی بۆ ڕەخسابێ، ئەوا یەکەمین ناو کە بۆ ناوزەد کردن بە مێشکمان دەگا، ئیبراهیم یوونسیە. شێوەی فارسی نووسینی یوونسی بە ئاشکرا لەگەڵ فارسی نووسینی کەسانێکی وەک بوزورگ عەلەوی و سادق چووبەک و غوڵامحوسێن ساعیدی و... جیاوازی هەیە و گرینگ ئەوەیە ئەم جیاوازییەش لە کورد بوونی یوونسییەوە سەرچاوەی گرتووە. (سەرنج دان بەم تێبینیەی دوایی گرینگە چونکە شێوەی نووسینی نووسەران ڕەنگە زۆر جیاوازییان پێکەوە هەبێ کە ئەم جیاوازییانە هیچ پێوەندییان بە نەتەوەوە نەبێ، واتە جیاوازییەکە لە ئاستی جیاوازی نێوان signifying و (signifyin(g دا نەبێ.)

سەرنجدان بەو بابەتە گرینگە کە لە بەرانبەر "گێڕانەوەی ناوەندخوازانە"دا کە بە لێشاو لە ئەدەبیات و فیلم و دەقی فێرکارانە و باقی کەرەستەکانی پیشەسازیی فەرهەنگ - ی سەر بە ئایدۆلۆژیای زاڵدا بەرهەم دێن، نووسینەکانی کەسێکی وەک یوونسی لە حوکمی "دژەگێرانەوە" دان. "دژەگێڕانەوە"ش هەر تێرمێکە کە لە تێفکرینی پاش ئیستعماری دا کەڵکی لێ وەردەگیرێ. دژەگێڕانەوە (پادروایت) ناتوانێ بەشێک لە کارکردی خۆی هەبێ مەگەر بە زمانی نەتەوەی زاڵ بێ. گێرانەوەکان و دژەگێرانەوەکان لەڕاستیدا چەشنێک "یەکتر دواندن" ن. توێژێک لە نەتەوەی زاڵ لە ئێراندا بۆ نموونە بە هۆی فیلمی وەک "چە" یان "شور شیرین"ەوە خەریکە بە ئێمەی کورد دەڵێ:

ئێمە "ئێوە و پێوەندی نێوان ئێوە و خۆمان"، "ئاوا" دەبینین. ئێمە ئەگەر بمانهەوێ پێیان بڵێین ئێمەش خۆمان و ئێوە بە فڵان شێوە دەبینین عیلاج نییە جگە لەوەی بە زمانی خۆیان بیاندوێنینەوە. ئەوە بەم مانایە نییە ئێمە نووسین و خوێندنەوە و بەرهەم هێنانی کەلتووری بە زمانی کوردی تەعتیل بکەین. ئێمە "دەبێ" بە کوردی بنووسین. بەڵام گرینگ ئەوەیە کاتێک لەگەڵ فارسێکیش دەدوێین بە فارسییەکی تایبەت بە خۆمان واتە بە (ف)ارسی لەگەڵی بدوێین؛ واتە

فارسییەکی نیشاندار، فارسییەکی خاوەن مۆرکی تایبەت بە خۆمان. ئاوا پێیان دەڵێین ئێمە تەنانەت لە فارسی نووسینیشدا ستانداردی تایبەت بە خۆمان هەیە کە لەگەڵ ستانداردی ئێوە جیاوازی هەیە. من ئەوە بە هەڵوێستێکی ڕادیکاڵ دەزانم. بەڵام هەموو کەس ناتوانێ بەم شێوەیە بنووسێ. کەسێک کە فارسییەکەی لە ئاستی یوونسیدا نەبێ ناتوانی بە (ف)ارسی بنووسێ.

با سەرنج بدەینە ئەو بابەتەش کە کوردی نەنووسینی کەسانێکی وەک یوونسی تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندی بە دۆخی شێوە موستەعمەراتی ئێمەوە هەیە کە لەم دۆخەدا بەداخەوە هەموو نووسەرانمان بۆیان هەڵنەسووڕاوە زمانێکی ئەدەبیی کوردی فێر بن و بە کوردییەکی پاراو بنووسن. (بۆیە دەڵێم دۆخی شێوە موستەعمەراتی چونکە دۆخی ئێمە نە بە تەواوی دۆخی موستەعمەراتییە و نە بەتەاوی دۆخێکی پاش ئیستعمارییە و نە بەتەواوی دۆخێکی غەیری موستەعمەراتیشە و هەر لەوکاتەدا زۆریەک لە تایبەتمەندییەکانی هەموو ئەو دۆخانەشی هەیە)

ئەگەر نەتەوەی باڵادەست بە زمانی "چە" (فیلمێکی ئیبراهیم حاتەمیکیا) قسە لەگەڵ ئێمەی کورد دەکا ئێمە بە زمانی "خوش آمدی" (ڕۆمانێکی ئیبراهیم یوونسی) قسەیان لەگەڵ دەکەین. قسە کردن بە زمانی "خوش آمدی" هەر بە تەنیا تایبەتە بە سووژەیەک کە "وشیارییەکی دووقات"ی هەیە. سووژەیەک کە خاوەنی وشیاریی دووقاتە بە شیمانەیەکی زۆر کەمتر بۆلای فاشیسم پەلکێش دەکرێ. "ئیبراهیم"ی ئێمە لە "ئیبراهیم" ئەوان ئینسانیتر قسە دەکا. ئەوە یانی دۆخی سووژەیی ئێمە بەشێوەیەکی هێزەکی ئینسانی ترە.بەڵام ئەم هەڵوێستە ئینسانییە هەر لەو کاتەدا هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەشە. ئەم هەڵوێستە ڕەخنەگرانەیە ڕووی لە گوتاری ناوەندخوازانە دایە.

ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر هەر لە ڕەوتی ڕەخنەکاریی ناوەندخوازیدا دۆخی سووژەیی خۆمان دەبینینەوە؛ بە دەربڕینێکی تر هەتا نەیەینە ناو ئەم پرۆژەی ڕەخنەکارییەوە ناتوانین جێگەوپێگەی خۆمان وەکوو سووژەیەکی سەربەخۆ پێناسە بکەین. تەنانەت لەم پێناوەدا لە شێوازە ڕادیکاڵەکانی تێفکرین و ڕەخنەش نابێ بپرینگێینەوە. بەڵام ئەوانە هیچیان نابنە لەمپەر بۆ دواندنی ئەوی‌دی بە زمانی خۆی و دروست کردنی ستانداردێکی دی لە زمانی "ئەوی‌دی"دا. ئەوە یەکێک لە نموونەکانی هەوڵی ڕادیکالە. یوونسی ئەگەر بە کوردی نووسیبا نەیدەتوانی ئەو ستاندارده بۆ کوردی دروست بکا کە کەسانێکی وەک عەبدوڵڕەحمانی زەبیحی و حەسەنی قزڵجی و هەژار دروستیان کرد. بەڵام دەیتوانی ستانداردێکی جودای تایبەت بە سووژەی کورد لە ناو زمانی فارسیدا دروست بکا. هەر وەک چۆن زەبیحی و قزڵجی و هەژاریش ئەم کارەیان لە پانتایی زمانی فارسیدا پێ نەدەکرا.

با بزانین بۆچوونی یوونسی دەربارەی بابەتی وەک شوناسی کوردی و زمانی کوردی و خوێندن بە زمانی کوردی چییە؟ بۆ ئەم مەبەستە باشترین ڕێگا، ئەوەیە بگەڕێینەوە سەر نووسراوەکانی خودی یوونسی. بەڵگەدار کردنی باسەکە دەتوانێ ئەم بابەتە دەوڵەمەندتر بکا.

نووسەرێکی فارس کتێبێک لەسەر داستانی زوحاک و فەرەیدوون بڵاو دەکاتەوە و لەم کتێبەدا بە تەوس و پلار کوردان دەدوێنێ و دەڵێ ئەرێ گەلۆ لە شۆڕشی فەرەیدوون بە دژی زوحاکدا بۆچی جەماعەتی کوردان دیار نەبوون و دوایەش ئەم برا کوردانە فیزماڵکیان دایە و هەر ڕۆیشتن و نەهاتنەوە. نووسەری گۆڕین بە تەوس، کوردان بە "برادران رفتە و بازنیامدە" ناو دەهێنێ. یوونسی بەبیانووی وڵام دانەوەی ئەم نووسەرە فارسە زۆریەک لە بۆچوونەکانی خۆی لەسەر ئەم بابەتانەی باسیان لێ کرا، دەهێنێتە گۆڕ. هەر وەکوو نموونە ئاماژەیەک بە هەندێک لە بۆچوونەکانی یوونسی دەکەم.

**. لەمەڕ پێوەندی نێوان زمانی کوردی و زمانی فارسی و ڕەخنە گرتن لەو نووسەرە کوردانەی زمانی کوردی بە لقێک لە زمانی فارسی دەزانن:**

"در کار زنده یاد رشید یاسمی هم همین نقص هست. او نیز، با اینکه خود کرد است چیزهایی در همین مایه می‌گوید: وی برای اینکه شبهه‌ای در کار نباشد و کرد و فارسی در بین نباشد حتی از این حد هم فراتر می‌رود و می‌گوید که زبان کردی در واقع وجه کج و کوله شده زبان فارسی است؛ فارسی‌ای از شکل افتاده، چنان که فارسها مثلا میگویند، برف، کردها میگویند بفر، فارسها می‌گویند روز کردها میگویند روژ، فارسها میگویند ماه، کردها میگویند مانگ ـ چه کنند بیچاره‌ها کوهی‌اند زبانشان نمی‌گردد... (جنبش ملی کرد ص ١١)

دەبێ سەرنج بدەینە ئەم تێبینیە کە ئایرۆنی و تەوسێک کە لە ئایرۆنی نزیک دەبێتەوە، یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی شێوازی نووسینی یوونسییە. ئەم شێوە نووسینە یەکێک لە کەرەستەکانی یوونسی بۆ ڕەخنە گرتن لەو نەریت و بۆچوونانەیە کە لە ڕوانگەی ئەوەوە جێگای ڕەخنەن. ئەم شێوە تەشەرە لە گشت ئەم دەقەی سەرەوەدا دەبیندرێ.

**. دەربارەی ئەدەبی بەرەنگاری کوردی:**

"دربار سلطان محمود یا امیر نصری بیخ گوش ما نبود. آنچه بود کردستان بود و کردستان و فرهنگ مقاومت، و مبارزه او همین ابیات حماسی است که به‌نام حیران و لاوژ و جز اینها دهان به دهان می‌گردد و همین نامهایی که تحریف می‌شوند"



سەرچاوە Serchawe

(جنبش ملی کرد ص ١٥)

### . ڕەخنە لە ڕووناکبیرانی فارس:

"بنده یک سؤال دیگر هم دارم: کدام شاعر یا نویسنده یا درس خوانده‌ای از این برادران [مەبەستی فارسەکانە] کوششهای آن برادران [مەبەستی شۆڕشە نەتەوەییەکانی کوردە] را ستود و به آنها دلگرمی داد؟ [دوویات کردنەوەی وشەی برادر تەوسێکە لەبەرانبەر تەوسی ئەو نووسەرە فارسەی وا کوردەکانی بە (برادران رفته و بازنیامده) ناو هێنابوو] چند روشنفکر و شاعر از همانها که شب شعر ترتیب می‌دهند و انجمن ادبی درست می‌کنند یا جز آنها در این مورد قلم زدند یا شعر سرودند؟ پس از قرارداد ١٩٧٥ الجزیره دیدیم و خواندیم که ضحاک چه کرد و چگونه روستاهای کردستان را کوبید و چشمه‌ها را با تزریق بتن کور کرد و مردم را از شهر و دیارشان کوچاند و به جنوب عراق تبعید کرد. ... شما می‌شناسید کسی را که در این مورد حتی یک تک بیت، یک نیم بیت گفته باشد که مثلا "چشمه را با تزریق بتن کور نکنیم" (جنبش ملی کرد، ص ١٦)

### . دەنگ هەڵبڕین لە بەرانبەر کۆچ پێکردنی کوردان و بە تورک کردنی کوردستان:

" راستی برادر دانشمند، هیچ به این حفره‌های ترک نشین موجود در دل سرزمین کردستان توجه فرموده‌اید؟ هیچ از خودتان پرسیده‌اید این کردهای کنار تجن یا خراسان یا حتی جزایر و بنادر از کجا آمده‌اند؟ . اینها را حکام برادران دیگرشان آورده‌اند تا خیال افراسیاب‌ها و ضحاکهای زمان آسوده باشد. [مەبەستی حاکمانی تورکیا و عێراقە] ترکیه کردها را به آناتولی تبعید می‌کرد و به جایشان ترک می‌آورد؛ شاه ایران کردهای جوانرود را تبعید می‌کرد، عراق هم کردهای کرکوک و سایر مناطق را تبعید می‌کرد و به جایشان عرب می‌نشاند" (جنبش ملی کرد، ص ١٥)

### . قسە کردن و خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی

### دیالۆگێک لە ڕۆمانی "دعا برای آرمن":

"بابا گفت: 'پس چه؟ او که به کردهایش اجازه نمی‌دهد به کردی صحبت کنند، به کردی آواز بخوانند - حالا خواندن و نوشتن پیشکش شما... شما چطور مثل گاو ملاعلی سرتان را می‌اندازید پایین و به حرف یک باش چاوش پاپتی راه

می‌افتید؟' " (دعا برای آرمن، ص ٩٧)

. با ئاماژە بەو بابەتەش بکەین کە یوونسی لە زۆر شوێندا ڕەخنەی لە خۆشمان گرتووە. بەڵام لە کوێ ڕەخنەی لە کورد گرتووە؟ کاتێک بەدژی شەڕی براکوژی دەوەستێتەوە. کاتێک باسی چەوساندنەوەی ژنان دەکا، کاتێک باسی فەرهەنگی عەشیرەتی و ڕمێنی کەلتووری دەرەبەگایەتی دەکا؛ کاتێک باسی نەخوێندەواری و بێکاری و جیددی نەبوون دەکا و ...

. بابەتێک کە وەکوو ڕەخنەیەک ئاراستەی یوونسی کراوە، بریتی‌یە لە شێوازی یوونسی لە ڕۆمانەکانیدا و بۆچوونی ئەو بە نیسبەتی نووسەرانێکی گەورەی وەک جۆیس و پرۆست و کافکا. ئەم بابەتە بابەتێکی بەربڵاوە و خۆزگە لە شوێنێکی متمانەپێکراو و ئاکادێمێکدا وەک پرۆژەیەک یان وەک پایان‌نامەیەک کاری لەسەر بکرێ.

**دکتۆر یوونسی لە هەندێک نووسراوە و دیمانەدا بۆ نموونە گوتوویە:"من ئیرادەتم لە خزمەت نووسەرانێکی وەک کافکا و جۆیس نییە" لەم بارەیەدا چەند خاڵێک جێگای وە بیر هێنانەوەیە:**

ـ یوونسی لە کارنامەی وەرگێڕانەکانیدا جگە لە وەرگێڕانی بەرهەمی نووسەرانێکی وەک دیکێنز و هاردی، وەرگێڕانی "تریسترام شندی"ی لارێنس ستەرنیشی هەیە. شارەزایانی ئەم بوارە دەزانن ڕۆمانەکەی ستەرن، ڕۆمانێکی پۆست مۆدێرنی پێشوەختە. ڕۆمانێکی پۆست مۆدێرنی پێش‌وەخت کەزۆربەک لە ڕۆمانە پۆست مۆدێرنەکانی سەدەی بیست نەیانتوانی خۆیانی لە قەرە بدەن. خاڵی گرینگ ئەوەیە کەسێک کە خۆی لە چوارچێوەی ڕیالیسمی سۆسیالیستی بەستبێتەوە بە هیچ کلۆجێک ناتوانێ بچێتە وێزەی ڕۆمانێکی وەک "تریسترام شەندی"یەوە.

ـ دکتۆر یوونسی لە جەریانی عەمەلیی نووسینە ئەدەبییەکانیدا، لەچاو ئەو قسانەی دەیکردن زۆر کراوەتر بوو. دەکرێ ئەم قسەیە بەتاقی بکرێتەوە. یوونسی کە ئاوا باسی جۆیس دەکا، دیارە خۆی ڕۆمانی ئەوتۆی نییە کە بەگشتی بە شێوازی شەپۆلی زەین نووسرابێ بەڵام لە زۆر شوێندا کە یوونسی هەستی پێکردبێ ئەو شێوە گێڕانەوەیە یان گێڕانەوەیەکی نزیک لەم شێوازە دەتوانێ جێگای خۆی بکاتەوە، وەستایانە و بێ‌دڕدۆنگی کەڵکی لێ وەرگرتووە. نموونەیەک لە ڕۆمانی "شکفتن باغ" دەهێنمەوە:

"صحنه را به‌یاد می‌آورم و نمی‌آورم... باور نمی‌کنم... انگار خواب می‌بینم خوابی آشفته، وحشتناک و پر از درد و تقلا. کله‌ام دارد می‌ترکد... خواب و بیدارم... خواب می‌بینم، ولی دیدم مختل شده است. خوب نمی‌بینم اشیاء را... همه را

می‌بینم، ولی نمی‌بینم. تصاویر می‌آیند، مکثی کوتاه یا بلند و پر از درد می‌کنند... و می‌گذرند یا همین طور به پس کله‌ام می‌چسپند و می‌خشکند و مخم را می‌چلانند... (شکفتن باغ، ص ۳۲)

یوونسی نموونی گێڕانەوەی ئاوای زۆرە. بەڵام لەوە سەرنج ڕاکێشتر ئەوەیە جار جار یوونسی بە شێوەیەکی نزیک لە مێتافیکشێن لە ڕۆمانەکانیدا باسی ئەو شێوە گێڕانەوەیەش دەکا. ئەم بەشەی خوارەوە هەر لەم ڕۆمانە دەتوانێ ڕوونکردنەوەیەکی باش لەسەر شەپۆلی زەین بێ:

"یادها پراکنده و جمع - تک‌تک، چند چند، با فاصله، بی‌فاصله می‌آیند، به دیواره مغزش می‌خورند و چون زنبورهای رانده از کندو و مانده بی‌کندو برمی‌گردند... صدای برخوردشان را با دیواره کندو می‌شنود...گاه یکی دوتایی ازجایی به درون راه می‌یابند، اما از خانه سابق اثری نمی‌یابند... گیج‌وار به دور خود می‌گردند، وزوز می‌کنند... کله‌اش پر شده است از وزوز زنبور، از چرخیدن و چرخش... دهنش خشک شده است" (شکفتن باغ ص ٤٩)

ئەوانە بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی دەقی یوونسی بوون کە ئاماژەیان پێ کرا.هەر وەک پێشتریش ئاماژەم پێ کرد ڕەنگە یەکێک لە پێداویستییەکانی دانانی خەڵاتێک بەناوی ئیبراهیم یوونسییەوە، ناسین و ناساندنی شێوازی نووسینی خودی ئەم نووسەرە بێ و ئێمە ئەم هەلەمان بۆ ئەم مەبەستە قۆستەوە. ئەوەی لە دوایـیدا دەتوانین هیوای بۆ بخوازین ئەوەیە کە خەڵاتی یوونسی ببێ بە نەریتێکی سەرکەوتووی ئەدەبی کە خۆی لە چوارچێوەی دامەزراوە مەدەنییەکاندا دەبینێتەوە.

# زمان و گەمەی ناسێنە لە بەر تیشکی بیر و بەرهەمی ئیبراهیمی یونسیدا



ڕێبوار کەریمی

دەقی - بڕێک کورتتری- ئەم وتارە لە کۆڕێکدا کە ڕۆژی ١١ - ٣ - ٢٠١٢ لە شاری ئۆسلۆ، ئەنجومەنی قەڵەمی کوردستانی ئێران بۆ یادکردنەوە لە د. ئیبراهیمی یونسی پێکی هێناوبوو، پێشکەش کرا. ئەو نووسراوەی خوارەوە، بەشی یەکەمی ئەو بابەتەیە کە لەپێوەندی لە گەڵ کار و ئەفکاری د.ئیبراهیمی یونسیدا دامڕشتووە. لە ڕۆژانی دادێ دا بەشی دووهەمی ئەم بابەتەش بڵاودەبێتەوە. وەک تێبینییەکی سەرەتایی بڵێم کە؛ لەم نووسینەدا "ناسێنە" بە مانای شوناس، هویت یان ئایدێنتیتی بەکارهاتووە.

---------

کوردبوون و بە فارسی نووسینی نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا برایم خانی یونسی، حەسرەتێکی لای زۆر لە هۆگرانی کوردزمانی ئەو کەسایەتییە بلیمەتە پێک هێناوە. لەو ساڵانەدا کە برایمی یونسی لە کونجی زینداندا شاکارەکانی چارلزدیکێنزی بۆ سەر زمانی فارسی وەردەگێڕا، لە بەری باشووری کوردستان، برایم ئەحمەد خەریکی وەرگێڕانی چیرۆکەکانی گیدومۆپاسان بوو بۆ سەر زمانی کوردی. هەڵبەت نە برایم ئەحمەد شێلگیرانە درێژەی بە وەرگێڕان دا و نە برایمی یونسیش هەرگیز، ئاوڕێکی لە نووسین و وەرگێڕان بە زمانی کوردیدایەوە. خوێنەری کوردیش دەبێ بۆ تاهەتایە لەگەڵ ئەو حەسرەتە بژی کە گەلۆ، ئەگەر هەر هیچ نەبێ ئەو دو ئیبراهیمە، ئیبراهیم ئەحمەد و ئیبراهیمی یونسی، لە ٥٠ - ٦٠ساڵی ڕابردووەوە

بەهرەی خواپێداوی خۆیان بۆ خزمەتی شێلگیرانە بە زمانی کوردی و پاشخانی فەرهەنگیی مرۆڤی کورد تەرخان کردبایە، دۆخی کتێبخانەی ئێمە ئێستا لە کوێ دەبوو. ئیبراهیم ئەحمەد، باهۆزی سیاسەت هەڵیگرت، بردی و کردی بە یەکێک لە شائەکتەرەکانی بزووتنەوەی سیاسیی هاوچەرخی کورد لە باشووری کوردستان - بە هەموو سوود و زیانەکانییەوە-. ئیبراهیمی یونسیش لە نێو بۆتەی زمانی فارسیدا قاڵ بووەوە و بوو بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی کتێبخانەی فارسی لە بواری خزمەت بەو زمانە و ناساندنی ئەدەبی جیهانی بە خاوەنانی ئەو زمانە. ئەگەر لە روانگەی فارسی/کوردییەوە بۆ دیاردەکە بڕوانین، قووڵایی ئەو حەسرەتەی لە سەر دڵمان دەمێنێتەوە، ئەو کاتە دیاری دەدا کە بە ناوی هاوقەتارەکانی ئیبراهیمی یونسی، ناوەکانی محمد قازی، ذبیح‌الله منصوری، علی‌اشرف درویشیان، منصوری یاقوتی، علی‌محمد افغان، ئەحمەدی مەحموود و تاد. زیاد بکەین. چۆن لە رەفتار و هەڵوێستی ئەم کوردیزمانە فارسی نووسانەمان تێبگەین؟ ئایا بە کەمترەخەمیان بزانین یان بە تەواوەی ناو بۆتەی کولتووری فارسی؟ بە قوربانیی پەروەردەنەکران بە زمانی دایکی لە قەڵەمیان بدەین یان بە بەرهەمی سروشتیی هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە تێیدا بەدیلەکانی بەردەم ئەو کەسایەتییانە یەک دانە زیاتر نەبووە؟ دواجار ئایا ئەوان لە سەر ئاستی لاوازی وشیاری بەرامبەر بە ئەهەمیەتی زمانی دایکی سەرکۆنەبکەین، یاخود ئاستی وشیاریی ئەوان بەرامبەر بە زمانی دایکی بە رەنگدانەوەی ئاستی گشتیی هەستیاریی کوردی بەرامبەر بە بایەخی کولتووری نەتەوەیی لە قەڵەم بدەین؟

لەم نووسینە بینکورتەدا من هەوڵ دەدەم بەگوێرەی توانا، شێوەی رەفتاری برایم خانی یونسی لە گەڵ زمان بەگشتی، شێوەی مامەڵەکردنی ئەو لەگەڵ ناسێنەی (هویت) کوردی و نرخ و بایەخی زمان لەو پێکهاتەیەدا، بخەمەڕوو. هەڵوێستە دەربڕاوەکانی برایم خان لە نووسین و وتووتێژەکانیدا، بنەمای لێکدانەوەکانی من پێک دێنن.

کاتێک چەند ساڵێک پێش ئێستا لە تاران بۆنەیەک بۆ رێزگرتن لە کەسایەتی ئەدەبی و فەرهەنگیی دکتۆر ئیبراهیمی یونسی پێک هات، یەکێک لەو کەسایەتییە ئێرانییانەی لە پەسنی برایم خاندا باسیان پێشکەش کرد، وتی "یونسی گەرچی بۆ خۆی کوردە، بەڵام بەردەوام بە زمانی فارسی تەرجەمەی کردووە، ئەمەش هێمای باوەڕی ئەو بە گرینگی و گشتگیریی زمانی فارسییە". ئەم وتەیە بڕێک لە راستی تێدایە؛ تەرجەمە و نووسینی پتر لە نەود کتێب، دەیان هەزار لاپەڕە بە زمانی فارسی لە ماوە پتر لە نیو سەدەدا، شتێک نیە بە ئاسانی لە تەنیشتییەوە تێپەڕ ببین. بەڵام ئایا هەموو راستییەکە هەر ئەوەندەیە؟ بە بڕوای من نا. واوەتر دەچم و دەڵێم؛ سەرەڕای هەموو نرخ و بایەخێکی زمانی فارسی بە هەموو پاشخانە کولتووری و مێژووییەکەیەوە، زمان لە لای برایم خانی یونسی دواجار شتێک نەبووە جگە لە ئامرازێک بۆ دەربڕین. واتە یونسی مامەڵەیەکی ئەرزشیی لە گەڵ زمان نەکردووە. گرینگ بە لای ئەوەوە پەیام و ناوەرۆک بووە نەک زمانی پێ دەربڕدراو. ئەوەش کە بۆچی ئەو راست بە زمانی فارسی نووسیویەتی، بەبڕوای من وەڵامەکەی "نرخ و بایەخی زمانی فارسی"



سەرچاوە
Serchawe

نیە. من ئەمە زیاتر ڕوون دەکەمەوە: چەند ساڵێک بەر لە ئێستا لە وتووێژێکیدا، لە باسی ئەو نووسەرە ئێرانییانەی هەڵوەدای هەندەران بوون، یونسی وتبووی "من پێم سەیرە کەسانێک کە ساڵەهای ساڵە لە هەندەران دەژین و ژینگەی دەوروبەریشیان ژینگەیەکی جیاواز بە زمانی جیاوازەوەیە، هێشتا هەر بە زمانی فارسی دەنووسن" ئەو تەنانەت وتبووی؛ "ئەگەر من لە وڵاتێکی تر ژیابام، بە زمانی ئەو شوێنە دەمنووسی کە لێی دەژیم". لەم دەربڕینە دەتوانین ئەوە بفامینەوە کە برایم خان مامڵەیەکی ئەرزشی لە گەڵ زمان ناکا. زمان لای ئیبراهیمی یونسی ئامانج نیە و، جۆری هەڵبژاردنیشی وەک ئامرازێکی دەربڕین، تابعێکە لە دوو پێوەر: ئاستی شارەزایی لەو زمانەدا لە لایەک و زەروورەتی پێوەندی دروستکردن لە گەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتیی دەوروبەر، لە لایەکی دیکەوە. دەبێ ئەوەمان لە بەر چاو بێت کە یونسی کار وەک "پرسێکی کۆمەڵایەتی" پێناسە دەکا و، نووسین لەپێوەندی لەگەڵ کارکردە کۆمەڵایەتییەکەی دا دەنرخێنێ. لێرەوە دەشێ ئەوە بفامینەوە کە یونسی وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی دەوروبەر بە ئەرکی سەرەکیی سەرشانی خۆی دەزانێ. زمان و کارکردی سەمبولیکی زمان، خاڵی جێی سەرنجی وی نەبووە، شتێک کە لە پێوەندی لە گەڵ پرسی ناسێنەدا، پاڕادۆکسێک لە نێوان کار و ئامانجی ناسێنەخوازانەی یونسیدا پێک دێنێ. من دواتر دەگەڕێمەوە سەر ئەم باسە. لێرەدا بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ هەڵبژاردنی فارسی وەک زمانی کارکردنی یونسی بۆ سێ هۆکار بگێڕینەوە:


**یەکەم**، بینینی زمان پێش هەموو شتێک وەک ئامرازێکی دەربڕین و هاوپێوەندی.

**دووهەم**، گۆشبوون بە زمانی فارسی و بەهێزبوونی ئەو زمانە وەک زمانی یەکەمی برایمی یونسیی وەرگێڕ و نووسەر(وەک دەزانین، یونسی هەر لە مێرمنداڵییەوە لە شاری تاران خوێندوویەتی و زمانی پەروەردەی زانستی و پەروەردەی سیاسیشی هەر فارسی بووە) و،

**سێهەم**، کاریگەریی ژینگەی کۆمەڵایەتیی دەوروبەر (یونسی پەروەردەی جڤاکێکی فارسیزمان بووە. لەوەش بترازێ ئەو، ساڵانی زیندان-ی لە گەڵ هاوبیرانی خۆی لە فەزایەکی فارسیزماندا تێپەڕاندووە. ناکرێ کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی لە سەر ڕەفتاری زمانی، بە کەم بگرین).

لێرەوە دەگەین بەو ئاکامەی کە هەڵبژاردنی زمانی فارسی بە زمانی کار-ی ئیبراهیمی یونسی، ئەوەندەی کردەیەکی دوور لە دەمارگرژی و شیاوی دەرک لە دۆخێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا بووە، ئەوەندە زادەی تەرجیحدانێکی ئەرزشی زمانی فارسی بۆ وێنە بەسەر زمانی دایکیدا نەبووە. ئەمەش هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە دکتۆر یونسی لە خزمەتکارە بێوێنەکانی زمان و وێژەی فارسی بووە.. لێرەدا بەڵام لە جێی خۆیدا دەبێ بپرسین؛ باشە ئاخۆ هەستیاریی سەرنجڕاکێشی

خزمەتکارێکی وەها بێوێنەی زمان و وێژەی فارسی، بەرامبەر بە پرسی کورد لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ و، بەو هەستیارییە سەرنجڕاکێشەوە، ئێمە دەبێ چ قەزاوەتێک لە سەر جۆری رەفتاری یونسی لە گەڵ زماندا بکەین؟



لە راستیدا نرخی زمان وەک ئامرازێکی کارو و دەربڕین لای ئیبراهیم خان شتێکە و بایەخی زمان وەک فاکتەرێکی ناسێنەیی لای ئەو شتێکی ترە. وەک دەزانین بەشێکی بەرچاو لە چالاکییەکانی یونسی لە ماوەی چارەکە سەدەی کۆتایی ژیانیدا بۆ وەرگێڕانی ئەو دەقانە تەرخان کرابوو کە راستەوخۆ پێوەندییان بە کوردەوە هەبووە. ئەمەش بێگومان هەڵگری کۆمەڵێک هێمای جیدی سەبارەت بە کەسایەتی و روانگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دکتۆر یونسییە. خاڵێکی گرینگ لێرەدا کە هەق وایە سەرنجی بدرێتێ ئەوەیە کە، "نەتەوەخوازیی" ئیبراهیمی یونسی پێش ئەوەی زادەی هەڵوێستێکی سیاسی و ناسیۆنالیستی بێت، ئەنجامی هەستکردن بە جیاوازییەکی ئێتنیکی خۆرسک و حاشاهەڵنەگرە کە تەنانەت یونسیی ئینسانگەرا و دوور لە دەمارگرژیش نەیتوانیوە خۆی لێ ببوێرێ. یونسی خۆی دەگێڕێتەوە کە "لە خوێندنەوەکانمدا لە گەڵ خاڵێکی سەرنجڕاکێش و دەردناک بەرەوڕوو بووم: هەر لە ساتەوەختی وەرگێڕانمەوە لە دەبیرستانی نیزام، هەر بە یەقین تێگەیشتم کە من لە گەڵ ئەوانی دی جیاوازم. من کوردم ئەوان فارسن، من کوردم ئەوان ئازەرین و تاد.." لەوەش زیاتر ئەوەی کە "ئەم خەڵکە لە یەک وڵاتدا دەژین بەڵام یەکتر ناناسن". ئەمە دیدی ئیبراهیمی یونسیی مێرمنداڵ لە ساڵەکانی ١٣٢٠ی هەتاویدایە؛ وشیاریی سەرەتایی بەرامبەر بە جیاوازیی ناسێنەی ئێتنیکی چ کاردانەوەیەکی نێگەتیڤ لای یونسی بەجێ ناهێڵێت. وادیارە یەکەم سەرنج کە ئەو دۆخە لای یونسی بەجێی هێشتووە، تەنها تێبینیکردنی ئەو راستییە بووە کە هۆیەکی سەرەکیی کێشەکان لە نێو ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ یەکتر نەناسینی گەلانی ناو ئەو جوغرافیایە..

رەوتی رۆژگار، چاوکرانەوە و چوونەسەری ئاستی زانیاری، وشیاریی یونسیی بەرامبەر بە رەهەندەکانی جیاوازیی ئێتنیکی و ئاسەوارە کارەساتبارە مێژووییەکانی ئەو دۆخە بۆ حاڵی مرۆڤە هاوخوێنەکانی یونسیی لە چوارچێوەی ئێران و دەرەوەی ئێراندا، زەقترکردۆتەوە. یونسی دواجار لەم دۆخە دێتە دەنگ؛ وەدەنگ هاتنێک بە شێوەی "ڕووناکبیرێکی ویژدان بریندار"

و نووسەر و وەرگێڕێکی بەدەربەست: بەخشینی بەرگی ماددی بەو خولیایانەی کە وشیاری بەرامبەربە دۆخی ستەملێکراوی پێکی هێناون. تەباری کار و تێکۆشانی یونسی لەو پێوەندییەدا کە خۆی لە چوارچێوەی دەیان هەزار لاپەڕە نووسین و وەرگێڕانی رۆمان و دەقی مێژووییدا، نیشان داوە، قولایی "ویژدانی برینداری" ئیبراهیمی یونسی دەنوێنن. رەنگە هیچ تەعبیرێک ئەوەندەی شوبهاندنی کوردستان بە "سەرزەمینی سوورپێستەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست"، قووڵایی تووڕەیی ناخی ئەو مرۆڤە ویژدانبریندارە بەرامبەر بە چارەنووسی تاڵی هاونەتەوەکانی، دەرنەخات.

هەرچەند بەهۆی دۆخی سانسۆر لە ئێراندا، بە ڕواڵەت رووی رەخنەی یونسی زۆرتر لە "تورک" و لە "عەرەب"ە، بەڵام راستی ئەوەیە کە گلەیی ناوبرا لە فارسەکان، بگرە زۆر زیاتریشە. یونسی کورد بە گەلێکی ئێرانی دەزانێ؛ گەلێک کە شیرەی بیری باشترین کەسایەتییە فەرهەنگسازەکانی بە قورگی کەلەپووری فارسیدا کراوە و چ پاداشتێکیشی جگە لە نابەرابەری و ستەم و چەواشەکاری پێ نەبڕاوە. یونسی بەڵام خەون بە پێکەوەژیانی دادپەروەرانەی گەلانی ناوچەی ئێمەوە، لە سەر بنەمای رێزگرتن لە کەرامەتی دوولایەنە و چەند لایەنە، دەبینێ. پێکەوەژیانێک کە لە گوێن ئەو، لە حاڵی حازردا بە قووڵی نادادپەروەرانەیە. هەرلێرەشەوەیە کە یونسی جەخت لە سەر پێویستیی کارکردن بۆ "ناسینی یەکتری" و دەستەبەرکردنی زەمینە ماددیەکانی ئەو یەکتر ناسینە بە پێویست دەزانێ. بەڵام ناسین چۆن و بەچ شێوەیەک؟

## لەپێناوی پێکەوەژیانێکی دادپەروەرانەدا

لە گەڕان بە دوای چارەسەری دۆخی نادادپەروەرانەی نێوان گەلانی ئێراندا، یونسی باس لە پێویستیی هاوپێوەندی و لێکتێگەیشتن دەکا، پێویستی ئاشنابوونی دروستتر لە گەڵ یەکتری و فێربوونی رێزگرتن لە یەکتر. بەلای یونسییەوە گەیشتن بەو مەرامە جوهدی هاوبەشی هەموو لایەنەکانی پێ دەوێ. لەمەشدا پێشمەرجەکانی دیالۆگی نێوان گرووپە ئێتنیکییەکان، وەک دەشێ لێرەولەوێ لە وتەکانی یونسی هەڵیان بهێنجین، زۆر لەو شتە دوور نیە کە فیلسووفی ئاڵمانی یورگن هابرماس بە "دۆخی ئایدیال بۆ هاوپێوەندی (کۆمۆنیکاسیۆن)" ناوی دەبات.

یورگن هابرماس لە باسی دۆخی ئایدیال بۆ هاوپێوەندیدا، باس لە دوو پێشمەرج دەکا: لە لایەکەوە ماف و مەودای بەرابەر و یەکسانانەی لایەنەکان بۆ بەشداری لە گفتوگۆیەکی کراوەدا و، لە لایەکی دیکەشەوە پێویستیی تەیارکردنی گفتوگۆ بە بەڵگە و ئارگیۆمێنتی ئەقڵانی. یونسیش هەر لەو مەنزوومەیەدا بە دوای پێشمەرجەکانی هاوپێوەندیی نێوان گەلانی ناوچەی ئێمەدا دەگەڕێ. لە ڕاستیدا هەوڵی یونسی رێک بە ئاقاری بەرهەمهێنانی بەستێنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری بۆ ئەو پێشمەرجانەیە. کاتێک باس لە پێشمەرجی یەکەم واتە ماف و مەودای بەرابەر بۆ گفتوگۆی نێوان گرووپە

ئیتنیکییەکانە، یونسی ئامادەنەبوونی ئەو پێشمەرجە بە زادەی "دۆخی ستەمکاری" دەزانێ، دۆخێک کە لە گوێن ئەو "بەرنگاربوونەوەی بەرپرسانە"ی پێدەوێ. ئالێرەوە یونسی دەبێتە "خەباتکارێکی فەرهەنگی". واتە لە پێناوی پێکهێنانی شۆڕش و گۆڕانێکی رادیکاڵ لە دۆخی مەوجووددا، یونسی پێی وایە دەبێ خەبات بۆ پانتایی کولتووری پێوەندییە سیاسی و روناکبیرییەکان بگوازرێتەوە. یونسی پێی وایە، بەشێک لە خراپ لێک تێگەیشتنی "ئێمە" و "ئەویدی" زادەی پێکهێنانی بەربەستی سیاسیی ساختەیە لە لایەن دەسەڵاتی حاکمەوە؛ ئەو پێی وایە دەسەڵاتدارێتی ستەمکار بۆ خۆی بە لێزانییەوە نانی خراپ حاڵی کردنی گەل یان گەلانی بەرامبەری کورد دەخوا. هەڵبەت یونسی پێی وایە بەشێکیش لە "بەدحاڵی بوون"ی ئەویدی زادەی "خراپ حاڵی کردن"ی لە لایەن ئێمەوەیە. یونسی پێی وایە ئێمە قسووریی زۆرمان لە خۆناساندنێکی بەهێزدا کردووە. نووکی رمی رەخنەی ئەو لەم پێوەندییەدا، بەتایبەتی رووی لە هێزە سیاسییەکانمانە. بەبڕوای ئەو، هێزە سیاسییەکانمان لە بایەخی "خەباتی فەرهەنگی" لە گۆڕەپانی پێکدادانی ناسێنەکاندا تێنەگەیشتوون و، تێگەیشتنێکی پڕکەمایەسییان بۆ چەمکی خەبات هەیە. یونسی چەندی لەویدی بەگلەیی‌یە هێندەش رەخنە لە خۆمان دەگرێت. وادیارە رەخنەی یونسی لە لایەنی خۆماڵی لە دوو لایەنەوەیە؛ لە لایەکەوە کەم کاری بۆ پێکهێنان یان هیچ نەبێ قۆزتنەوەی دۆخی دیالۆگ لەگەڵ ئەویدی (لێرەشدا، مەبەست تەنها دیالۆگی لایەنە سیاسییەکان نیە!) و لە لایەکی دیکەشەوە کەمکاری لە بردنەسەری پتانسیەلی دیسکورسسازی لە دۆخێکدا کە ئێمە دەمانەوێ و دەبوایە توانایی بەهێزمان بۆ کۆمۆنیکاسیۆن لە گەڵ لایەنی بەرامبەر لە سەر ئاستی جڤاکی و بەکۆمەڵ هەبێت.

یونسی زۆر بە ڕاشکاوی، دەست لە سەر کەمایەسی لایەنی خۆماڵی دادەنێت. ئەو پێی وایە کە کورد پێویستیی بە بەرهەمهێنانەوەیەکی خۆڕەخنەکارانەی "ئێمە"ی نەتەوەیی هەیە، ئەمەش هیچ نەبێ بە دوو مەبەست: یەکەم، بەرگرتن لە دووپاتبوونەوەی هەڵەمێژووییەکان و دووهەم، زەمینەسازی بۆ خۆناساندنێکی جیددیتر بە "ئەویدی".

یونسی پێی وایە کە، بۆ ئەوەی لایەنی بەرامبەر نەتوانێ لە سەر بنەمای بەرژەوندیی سیاسیی جیاواز، تاکتیکی لەبیربردنەوە، کلێشە نارەوکان یا خود زانیاریی چەواشە ئێمە پێناسە بکا، دەبێ ئێمە بۆ خۆمان پێناسەی راستەقینەی خۆمان بەرهەم بهێنین، درِ بە سیاسەتی کۆلۆنیالیستییانەی دەسەڵاتدارانی حاکم بدەین و "رێژیمی هەقیقەت"ێکی نوێ بهێنینە ئاراوە. یونسی پێ لە سەر ئەو ڕاستییە دادەگرێ کە وێناندنەوەکانی representation ئێمە لە لایەن ئەویدی‌یەوە هیچ کاتێک وێناندنەوەیەکی دڵپاکانە نەبووە و، بەردەوام ژێرپرسیارخستنی رەوایەتیی ناسێنەی ئێمەی کردووە بە ئامانج. کاتێک یونسی دۆخی ئێمە بە دۆخی سوورپێستەکانی ئەمریکا دەچوێنێ، نرخاندنێکی رادیکاڵ بۆ سیاسەتی ناسێنەکوژی ئەویدی دەکا.

## خەباتێکی ناسێنەخوازانە، روانگەیەکی پۆزەتیڤ

ئەگەر تێکۆشانی بێ پسانەوەی یونسی لە پێوەندی لە گەڵ پرسی کورددا، وەک خەباتێکی پۆزەتیڤی ناسێنەخوازانە ناودێر بکەین، هیچ لە هەقیقەت دوورنەکەوتووینەتەوە. خەباتی پۆزەتیڤ بەو مانایەی کە یونسی لەگەڵ دانپێدانان بە حزووری ئەویدی دا - تەنانەت وێڕای خزمەتکردن بە ئەویدی - دەیەوێ بەشێوەیەکی داهێنەرانە و سازێنەرانە، کار بۆ پارێزگاری لە ناسێنەی گەلی خۆی و بردنەسەری زەرفیەتەکانی پێکهێنانی هاوپێوەندی لە لای هاوناسێنەکانی خۆی بکات.

رەنگە پێناسەیەک کە برایم خان بۆ ستایلی رۆمانەکانی و ئەو بەرهەمە مێژووییانە دەیکا کە لە پێوەندی لە گەڵ کورددا وەریگێڕاون، بە جوانترین شێوە خەباتی پۆزەتیڤی ناسێنەخوازانەی برایم خانی یونسی بنوێنێت: لە پێوەندی لە گەڵ رۆمانەکانی دا، برایم خان خۆی بە نوێنەری ستایلێک لە رۆماننوسی لە ئێراندا لە قەڵەم دەدا کە خۆی "رۆمانی ئێتنیکی" پێ دەڵێ (لە بەرامبەر دوو ستایلی "رۆمانی گوند" و "رۆمانی شار" دا.) ئەو، دەڵێ لە کاتی هەستکردن بە جیاوازییە ئێتنیکییەکاندا یەکەمین بەرپرسیاریەتی کە هەستم پێکرد "ناسین و ناساندنی گەلان بەیەکتری بوو.. ئەمەش چۆن؟ لە رێی گێڕانەوەی چیرۆکەوە". یونسی دەڵێ؛ " هەوڵم دا لە رێی ناساندنی خەڵکی کورد بە گەلانی دیکەی ناو وڵات-ەوە، خزمەتێک بە هەردوو لایان بکەم". ئەو دەڵێ "من رۆمانم بە ئامرازێکی گونجاو بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکەی سەرشانم هەڵبژارد". یونسی دەڵێ من "لە رۆمانەکانمدا هەوڵ دەدەم تایبەتمەندییەکانی تاکەکانی گەلەکەم لە چوارچێوەی چیرۆکدا نیشان بدەم. بەدەر لە هەر جۆرە دەمارگرژییەکی ئایینی و ناوچەیی." (یونسی، رۆمانی "نزا بۆ ئارمین" بە نموونەیەکی نیشاندەری روانگەکانی خۆی دەناسێنێ).

جگە لە نووسینی رۆمان، یونسی لە بوارێکی دیکەشدا کاری لە سەر پرسی "ناسین و ناساندنی ئێتنیکی"کردووە: بواری وەرگێڕانی دەقە مێژووییەکان لە سەر کورد. لە وەرگێڕانی دەقە مێژووییەکاندا برایم خان دەڵێ بە دوای مەبەستێکی تایبەتییەوەم: "پێکهێنانی ئارشیڤێک بۆ گەلەکەم". یونسی لە ئارشیفسازیدا بە دوای دوو مەبەستەوەیە؛

**یەکەم**، ناساندنەوەی بە ئینسافانەی کورد بە دەوروبەر لە چاوی بەئینسافتری رۆژاواییەوە و،

**دووهەم**، وشیارکردنەوەی گەلەکەی بەرامبەر بە رابردووی خۆی، "بۆ ئەوەی ئەزموونی لێ وەربگرێ و ناوشیارانە دووپاتی نەکاتەوە". "ئارشیف" لە پێناسەی یونسیدا تەعبیر لە "زەینی بەکۆمەڵ" (حافظە یان زاکیرەی دەستەجەمعی) دەکا. ئەو پێی وایە، گەلانی دەسەڵاتبەدەستی دەوروبەری کورد، هەوڵێکی سیستماتیکیان داوە بۆ شێواندن و کوێرکردنەوەی زەینی

بەکۆمەڵی ئێمە. لێرەوە، "ئەوان" شێواندنی رابردووی "ئێمە"یان کردووە بە بەشێک لە سیاسەتی خۆیان بۆ پەراوێزخستن و سڕینەوەی ناسێنەی کورد.

## کاری یونسی و کاردانەوەی "ئەویدی"

وادیارە یونسی وێکچوونێکی تراژیدیک لە نێوان چارەنووسی ژیانی فەرهەنگیی خۆی و چارەنووسی گەلەکەیدا دەبینێ. یونسی هەم خۆی و هەم گەلەکەی بە قوربانیی یەک سیاسەتی سیستماتیک دەبینێ: سیاسەتی فەرامۆشکردن و شێواندن. هەقیقەتێکی تاڵ لەم روانگەیەدا دەبیندرێ. ئەو دەڵێ لە بەرامبەر رۆمانەکانی من هەڵوێستێ بێدەنگی و لەبیرخۆبردنەوە گیراوەتە بەر. خۆی دەڵێ "گرفتی من ئەوەیە کە بە داخەوە کارەکانی من وەک کاری بێگانەیەکی دوور لە بنەماڵە دەبینن". بنەماڵەیەک کە هەمان "هویت مجاز ملی" یە لە ئێراندا. واتە سەرەڕای بەفارسینووسینەکەش، ناوەرۆکی بەرهەمە نووسراوەکانی یونسی، دەکەونە دەرەوەی بازنەی ناسێنەی رێپێدراو لە چوارچێوەی دەسەڵاتدارێتیدا. هەڵبەت ناسێنەی رێپێدراو یان ناسێنەی فەرمیش لە ئێراندا هیچ نیە پێکهاتەیەک نەبێ لەو بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتی و سیاسییە دەرهاوێژەرانەی exclusive لە بەستێنی مێژووی گرووپی ئێتنیکیی فارسدا خەملێندراون.

بەڵام "ئەویدی"ی ناحەزی یونسی تەنها حاکمیەت نیە. ئاراستەی ناسێنەخوازانەی کار و ئەندێشەی یونسی (ئەو بەشەی پێوەندی بە پرسی ئێتنیکییەوە هەیە) لە ناو دەوروبەرە رووناکبیرییە ناوەندگەراکانیشدا لە گەڵ سیاسەتی بێدەنگەلێکردن، چووککردنەوە (تقلیل‌دادن) و حاشا لێکردن بەرەوڕووبوە. لێگەڕێن با ئاماژە بە دوو نموونە بدەین:

نموونەی یەکەم پێوەندیی هەیە بە شێوەی هەڵوێست وەرگرتن لە سەر رۆمانەکانی یونسی. یونسی بە جەختەوە باس لە گۆشەنیگای ئێتنیک-سەنتەری خۆی بۆ نووسین دەکا. واتە ئەوەی کە دەیەوێ رۆمان بکاتە ئامرازێک بۆ پێکناساندنی گرووپە ئێتنیکییەکان بە یەکتری. ئەوە لە کاتێکدا کە ئەوەندەی نووسەری ئەم دێڕانە تێبینیی کردبێت، روانگەی ناوەندگەرا لە باشترین حاڵەتدا "رۆمانی ئێتنیکی"ی یونسیی بە رۆمانی خۆجێی و گوندی ناودێر کردووە و هۆی بێدەنگەلێکردن و بایەخنەدان بە رۆمانەکانی یونسی بۆ خۆجێیبوون و گوندیبوونی ناوەرۆکەکانیان دەگێڕێتەوە. هەڵبەت ئێمە نابێ لە خوێندنەوەی چەمکەکاندا ئەو بەستێن یان کۆنتێکستە فەرامۆش بکەین کە تێیاندا بەکاردەهێندرێن. راستییەکەی ئەوەیە کە لە روانگەی پرسی ناسێنەخوازیی ئێتنیکییەوە، کاتێک دەوترێ "خۆجێی" و "گوندی"، ئەو دوو چەمکە پێش هەموو شتێک دوو مێتافۆڕن، کە دەکەونە خزمەت بەرهەمهێنانەوەی هێژمۆنیی ئێتنیکگرووپی زاڵی ناو ئێران: چەمکی "خۆجێی" لە گوتاری ناوەندگەرای ئێرانیدا، بەهەموو ئەو دیاردە کولتووری و کۆمەڵایەتییانە دەوترێ کە دەکەونە دەرەوەی جەغزی فەرهەنگ و


کەلەپووری فارسییەوە. فارس ناوەندە  و ئەوانی دی پەراوێز. ئەوەی فارسی بێت گشتی و "میللی"یە و ئەوانی دی خۆجێیی و لۆکاڵ. دابەشکاریی "سەنتەر - پەراوێز" هێندێک جار رەهەندێکی تەواو چەواشەکارانەش بە خۆیەوە دەگرێ، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە "پەراوێز" و "گوندی" لە پاڵ یەکتریدا دادەندرێن. لێرەوە، سەنتەر و ئەو شتانەی دەلالەت لە سەنتەر دەکەن دەبنە هێمای مۆدێرنە و ئەوانەی دەکەونە پەراوێزەکانەوە دەبنە میراتگری نەریت و هێمای پێشمۆدێرن یان تەنانەت دژەمۆدێرن (بۆ وێنە ئەو کاتەی کە ناسێنەخوازیی "قومگرا" لە بەرامبەر ناسێنەخوازیی تاک-سەنتەری هاوولاتیخوازنە دادەندرێت). ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەستێنسازییەکی مەترسیداری دیکەیە بۆ خۆگێلکردن لە دۆخی نابەرابەرانە و نادادپەروەرانەی هەنووکە؛ بەرهەمهێنانەوەی دۆخی ستەمکارانەی فارسخوازانە و شەرعیەتدانەوە بە ئیخلاقیاتی کۆلۆنیالیستیانەی زاڵ لە گەمەی ناسێنە ئێتنیکییەکاندا.

نموونەیەکی رووهەڵماڵدراوانەی دیکە، هەڵوێستی بەناو دۆستی ئیبراهیمی یونسی، ، سیمای ناسراوی رۆماننووسی فارسیی واتە مەحموودی دەوڵەت ئابادی بوو کە لە شەوی کۆچی دوایی یونسی، لە بەرنامەکانی بەشی فارسیی تەلەفزیۆنی بی‌بی‌سی‌دا، لە وەڵامی پرسیارێک سەبارەت بە رەنگدانەوی کوردبوون لە سەر ئاسەوارەکانی ئیبراهیمی یونسی، هەر بەجارێک حاشای کرد لەوەی کوردبوون "هیچ" رەنگدانەوەیەکی لە کارەکانی یونسی‌دا بووبێت. هەڵوێستێک کە تەنیا دوو راڤە هەڵ دەگرێت: یان ئاغای دەوڵەت ئابادی، ۱۱ رۆمان و ۱۲ بەرهەمی وەرگێڕدراوی برایم خان لە پێوەندی لە گەڵ "ناساندنی کورد" لە ئێراندا بە شتێکی لادەر لە نۆرمی جێی‌پەسند، بێ بایەخ و ناشیاو بۆ ئاماژەپێدان بزانێ، یان ئەوەتا سیاسەتی فەرامۆشکردن و شێواندن بەشێوەیەکی سیستماتیک چ لە ئاستی حکومی دا و چ لە ئاستی روناکبیری‌دا هێشتا کار لە سەر بەرهەمهێنانەوەی تۆتالیاریسمی زمانی، فەرهەنگی و ئێتنیکی، دەکا.

ئا لێرەوە بەبڕوای من لە جێی خۆی‌دایە کە پێداچوونەوەیەکی دووبارە بۆ شێوەی مامەڵەی ئیبراهیمی یونسی بۆ زمان و کارکردی زمان بکەین. ئایا دەکرێ نرخی بەکارهێنانی زمان لە دەرەوەی کارکردی زمان وەک فاکتەرێکی گرینگی ناسێنەدا بنرخێنین؟ ئایا دەکرێ بەرهەمهێنانی یەک کتێبخانە تێکستی کەم وێنە بە زمانی فارسی، لە دەرەوەی "هەڵسەنگاندنی سیاسی" رابگرین؟ ئایا دەکرێ لە پانتایی گەمەیەکی ناسێنەخوازانەدا کە تێیدا هێژمۆنی زمانی فارسی لە سەر بنەمای پەراوێزخستنی زمانی گەلانی دیکەی ناو جوغرافیای ئێراندا، بەرهەم دەهێندرێتەوە، "داهێنان و بەرهەمهێنان" بە زمانی فارسی، لە دەرەوی گەمەی ناسێنەخوازانە و شەڕ لە سەر مەشرووعیەتی ناسێنەکان ببینین؟ ئایا دەتوانین هێشتا ئەفسانەی "بە سروشتی لە قەڵەمدانی رەسمی بوون و گشتگیربوون و بانئێتنیکی بوونی زمانی فارسی" بە واقعێکی بەڵگەنەویست بزانین و بەرهەمی بهێنینەوە؟ ئایا چیتر دەکرێ لە ئێرانیبوونەوە بگەین بەو ئاکامەی کە زمانی فارسی دەبێ بۆ هەتاهەتایە وەک زمانی فەرمیی "خەڵکی ئێران" مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت؟

## کەلەپوری فارسی وەک تەختی پرۆکۆست-ی ناسێنەی نەتەوەکان

پـڕۆژەی نـەزۆکی دروسـتکردنی دەوڵـەت-نەتـەوەی ئێرانـی کـە بنـەمای لـە سـەر "فارسـاندن"ی ئێـران دانـاوە، بەجەوهـەر نادادپەروەرانـە، نادیمۆکراتیـک و دژە ئیخلاقیـیە. لـە پێوەنـدی لەگـەڵ ئـەو پڕۆژەیـەدا، ئێتنیککـوژی ETHNOCID و زمانکوژییەکی linguicide رووهەڵماڵدراوانەی جارجار هاوتەریب و جارجار یەک لـە دوای یـەک، بەشێکی جیانەکراوەی سیاسەتی بە کردەوەی هەموو ئەو حکومەتانە بووە کە لە ئێرانـی سـەد سـاڵی رابـردوودا لەسـەر کـاربوون. هـەر لـە جێدا بـە "کاردانەوەیی" لە قەڵەمدانی ناسیۆنالیسمی گەلانی نافارسی نـاو ئێران، داننانـە بـە ئـاکتیڤبوونی سیاسـەتێکی ناسێنەکوژی ناوەندگەرا لە ئێراندا. ئەوەی کە گرووپە ئێتنیکییەکانی ناو ئێران هەر ماون و رۆژبـەڕۆژ زیـاتر پێوەندییـەکانیان رەهەنـدی سیاسی بە خۆیەوە دەگرێت، نـەک نیشـانەی لەئاڕادانـەبوونی هـەوڵێکی سەدسـاڵەی لێبڕاوانە بـۆ فارسـاندنی ئێران، بـەڵکو ئاکامی رەنج بە خەسارbوونی ئەندازیارانی ئەو سیاسەتەیە. لەو نێودا و لە پێوەندی لە گەڵ باسەکەی ئێمەدا یـەک ڕاستی هەیە کە دەبێ لەبەرچاومان بێت: لە ماوەی نزیک بە سەدساڵی رابردوودا، زمانی فارسی نەک هەر ئامرازێکی سەرەکی بگرە سەرەکیترین ئـامرازی بردنـە پێشی پرۆسـەی ناسێنەکوژی فارسـاندنی ئێـران لـە چوارچێـوەی پـڕۆژەی دروسـتکردنی دەوڵـەت-نەتەوەیی ئێرانیدا بووە. هەر ئەمەش وا دەکا، کە زمانی فارسی لە ئامرازێکی نیـوترال (خنثـی و بێلایـەن) بـۆ ئاخاوتنـەوە هەڵبکشێ بۆ ئاستی ئامرازێکی کوشندەی ناسێنەی گەلانی نافارسی ناو ئێران.



زمـان خـاوەنی دوو رەهەنـد و دوو کـارکردی جیـاوازە کە لە پێوەنـدی لە گەڵ پرسی ناسێنەدا نـابێ لەبیـر بکرێن؛ یەکەم، رەهەندی ئامرازی بۆ پێوەنـدی و ئاخـاوتن. دووهەم رەهەنـدی سـەمبوولیک. لە ئـاستی رەهەنـدی ئـامرازیدا زمـان ئـامرازێکی

نیوترالّ و بێلایەنی پێوەندیکردنە. لە ئاستی سەمبولیکدا بەلّام، زمان بەشێکە لە شتێکی گەورەتر، فاکتەرێکە بۆ ئیفادەی کولتووری و سیاسی. زمانی فارسی لەم پێوەندییەدا نموونەیەکی زۆر زەق، بگرە تایبەتیشە. زمانی فارسی تەنها ئامرازێکی دەربڕین نیە، زمانی فارسی لە راستیدا گرینگترین پاژ لە پێکهاتەی ناسیۆنالیسمێکی مەزنیخوازی ئێرانی‌یە کە خۆی لە سەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی گروپی ئێتنیکیی فارس بنیات ناوە. بۆ ئەوەی لە روانگەی دادپەروەریی ئێتنیکی‌یەوە لە قووڵایی کارەساتەکە تێ بگەین، هەر ئەوەندە بەسە کە حیسابێکی سەرپێی ئەو هەموو سەروەت و سامانە "هاوبەشە میللی" یە لە ئێراندا بکرێت کە لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا بەشێوەی سیستماتیک لە رێگای دامودەزگاکانی پەروەردە، فەرهەنگستانەکان، مێدیا و تاد.ەوە بۆ خزمەتکردن و گەشەدان بە زەرفیەتەکانی زمانی فارسی تەرخان کراوە. رێک هاوتەریب لە گەڵ ئەوەشدا لە ماوەیەکی ئاوا دوور و درێژی زەمەنی‌دا زمانەکانی دیکەی وەک زمانی کوردی نەک هەر لە هەموو مافێکی بەرابەر بۆ پێڕاگەیشتنان مەحرووم بوون، بەڵکو ئاماجی گەلێک پلانی زمانکوژانەی جیاجیاش بوون. ئا لێرەوەیە کە ناتوانین خۆ لە قەزاوەتی ئیخلاقی سەبارەت بە هەڵسوکەوتە زمانییەکان ببوێرین.

ئەوەندەی پێوەندیی بە دکتۆر ئیبراهیمی یونسی‌یەوە هەبێت، راستییەکەی ئەوەیە کە یەکمێژوو خزمەت بە زمانێک کە زمانی فارسیی پێ دەڵێن؛ دواجار پارادۆکسێک لە نێوان کار و ئامانجی دادپەروەرانەی خودی یونسی لە پێوەندی لەگەڵ گروپە ئێتنیکییەکانی ناو ئێراندا، پێک دەهێنێ. یونسییەک کە هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو لە رێی ناساندنی گەلان بە یەکترییەوە زەمینەی هاوپێوەندی و پێکەوە ژیانی بەرابەرانە و دادپەروەرانەی ئەو گەلانە پێک بهێنێ، لە رێی بەشداری لە فراوانکردنەوەی زەرفیەتەکانی زمانی حاکمەوە، بەشێوەیەکی نەخوازراو بەڵامی چارنیاچار، بەشداری لە درێژەدان بە دۆخی نادادپەروەرانە و ناسروشتیی ئەو زمانە لە بەرامبەر زمانەکانی دیکەی ناو ئێراندا کردووە.

ئەگەر لە روانگەی وەدیهێنانی پێشمەرجەکانی دۆخی ئایدیال بۆ هاوپێوەندیی و کۆمۆنیکاسیۆنەوە بڕوانین، راستییەکەی ئەوەیە کە شێوەی هەڵوێست و تێڕوانینی "ئەویدی- حاکم" بۆ زمانی فارسی یەکێک لە کۆسپەکانی سەر رێی گەیشتن بە لانیکەمەکانی دۆخی ئایدیالی هاوپێوەندی نێوان گەلانی ناو ئێرانە: رەفتاری مەزنیخوازانە بەرامبەر بە زمانی فارسی، هەم زمانەکانی دیکە لە پێگە و مافی رەوا و بەرابەر مەحرووم دەکا، هەم پەرە بە هەڵوێستی نائەقەڵانیی ئەویدی-ی پاوانخواز لە بەسووک سەیرکردنی هەقیقەتی لایەنەکانی بەرامبەردا، دەدا. لە دۆخێکدا کە رەهەندی سەمبولیکی زمانی فارسی، فاکتەرێکی ستراتیژیکیی ناسێنەی پاوانخوازی ناسیۆنالیسمی ئێرانی‌یە، بەشداریکردن لە گەشەدان و فراوانکردنەوەی زەرفیەتەکانی ئەو زمانەدا، دواجار هاوکێشەی پێوەندییە ناسێنەییەکانی نێوان گروپە ئێتنیکییەکانی ناو ئێران بە ئاقارێکدا دەباتەوە، کە ناسێنەی زاڵی دەسەڵاتدار، پاساوی بەردەوام بوون لە سەر دۆخی ستەمکارانەی خۆی لێ هەڵبهێنجێ.



سەرچاوە
Serchawe

هەڵبەت لە دوا داوەریدا بەرامبەر بە رەفتاری زمانیی کەسایەتییەکی وەک ئیبراهیمی یونسی، ناڕەوایە ئەگەر لە ئینساف لا بدەین و قەزاوەت بەرامبەر بە رەفتاری زمانی-ی یونسی لەو کۆنتێکستە تایبەتە مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتییە جیابکەینەوە کە کەسایەتی وەرگێڕ "ابراهیم یونسی" تێدا خەملیوە. مرۆڤەکان بەرهەمی هەلومەرجە جیاوازەکانن، نابێ ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسییە و، ئەو ژینگە پەروەردەییە لە بەرچاونەگرین کە برایمی یونسی لە مێرمنداڵییەوە و لە دەرەوەی ئیرادەی خۆی، تێی کەوتووە و تێیدا گۆش بووە. تەنانەت ئەگەر لە روانگەیەکی نەتەوەپەرەستانەی دەمارگرژانەشەوە بۆی بچین، هێشتا ناتوانین لە ئاست رەنجی تاقەتپڕوکێنی دەیان ساڵەی برایم خان بۆ نووسین لە سەر کورد و وەرگێڕان سەبارەت بە کورد، بێدەربەستانە تێپەڕ ببین. رەنگە لەوەش گرینگتر؛ لەبەرچاوگرتنی نیازی پیرۆز و ئامانجی بەرزی برایم خانی یونسی بۆ بردنەسەری ئاستی وشیاریی سیاسی-مێژوویی هاونەتەوەکانی بێت. هاوتەریب لە گەڵ ئەو ئامانجەشدا کاری بێ پسانەوە بۆ کاریگەریدانانی فکری و رۆشنبیری لە سەر لایەنی بەرامبەری کورد، بە مەبەستی چاوخشاندنەوەی ئەویدی بەخۆی و هەڵوێستی نادادپەروەرانەی لە ئاست گەلانی دیکەی ناو ئێراندا، ئاستی بەرزی هەست بە بەرپرسیاریەتیکردنی ئیخلاقیی دکتۆر برایمی یونسی بەرامبەر بە پرسی دادپەروەریی ئێتنیکی و بەرەنگاربوونەوەی دۆخی بێدادگەری بەرامبەر بە کورد، دەنوێنێت.

ئێمە دەبێ و دەتوانین لە برایم خانەوە فێر ببین، بەڵام مرۆڤی هاوچەرخی کورد چ پاساوێکی ئیخلاقی و کۆمەڵایەتی بۆ خۆتووشکردنەوە بەو پاڕادۆکسە ئاماژەپێکراوە نیە کە جەبری رۆژگارێکی بەسەرچوو تووشی برایم خانی یونسیی کردبوو.
لە بەشی دووهەمی ئەم نووسینەدا، لە ژێر سەردێڕی "لە دیسکورسی ئامۆزاگیانەوە تا پاڕادایمی برایم خان" ئاوڕێکی وردتر لە هێندێک لە روانگە سیاسییەکانی دکتۆر ئیبراهیمی یونسی دەدەمەوە.

گی دێ مۆپاسان (١٨٩٣-١٨٥٠) نووسەری بە ناوبانگی فەڕانسەیی بوو، کە بە یەکێک لە باشترین کورتەچیرۆکنووسانی سەدەی نۆزدەهەم دێتەئەژمار. برایم ئەحمەد بۆ یەکەمین جار نموونەی وەرگێڕدراوی چیرۆکەکانی گیدێمۆپاسانی لە گۆڤاری گەلاوێژ، لە ساڵەکانی کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوودا بڵاوکردۆتەوە. بەداخەوە لە کاتی نووسینی ئەم دێڕانەدا نموونەی ئەو گۆڤارانەم لە بەردەستدا نەبووە.

بڕوانە راپۆرتی پێوەندیدار بە "شب ابراهیم یونسی" لە بنکەی گۆڤاری بخارا

http://bukharamag.com/1386.05.1776.html



سەرچاوە
Serchawe

لە نووسینەوەی ئەو وتانەدا پشتم بە زەینی خۆم بەستووە. مخابن ئێستا لە بیرم نەماوە کە ئەو وتووێژەم لە کام گۆڤار یان سایتدا خوێندۆتەوە.

حاجی صادقی امیر، یکی از ما (خاطرات و دیدگاەهای استاد ابراهیم یونسی)، ١٣٨٣، ل. ٣٥

بحاجی صادقی امیر، یکی از ما (خاطرات و دیدگاەهای استاد ابراهیم یونسی)، ١٣٨٣، ل. ١١٣

کینان، درک: کردها و کردستان، وەرگێڕانی ئیبراهیم یونسی.بڕوانە، پێشەکیی وەرگێڕ.

کندال و ئەوانی تر، کردها، ١٣٧٩، وەرگێڕانی ابراهیم یونسی. بڕوانە پێشەکی کتێب بە قەڵەمی وەرگێڕ.

حاجی صادقی امیر، یکی از ما (خاطرات و دیدگاەهای استاد ابراهیم یونسی)، ١٣٨٣، ل ١١٤

لە روانگەی هابرماسەوە، تایبەتمەندیی دۆخی هاپێوەندیی ئایدیال ئەوەیە کە لایەنەکانی هەڤپەیڤینی ئەقڵانی تاکەکەسانێکن کە لە بواری مۆراڵییەوە بە سەربەخۆ (ئاوتۆنۆم) دێنەئەژمار. هەڵبەت روونە کە دواجار مەبەست لە هاوپێوەندییەکی ئەوتۆی نێوان تاکەکەسەکان مسۆگەرکردنی مەشروعیەتی بڕیارە دەستەجەمعییەکانە. هەر ئالێرەشەوەیە کە مسۆگەربوونی دۆخی ئایدیالی هاپێوەندی لە روانگەی هابرماسەوە دێمۆکراتیکبوونی پرۆسەی بڕیاری سیاسی دەستەبەر دەکات بڕوانە Maija Setälä, Demokratian arvo. 2003،

دۆخی غیابی پێشمەرجەکانی هاوپێوەندییەکی ئایدیال، بەو شێوەیەی یونسی لە نووسراوەکانیدا باسی لێوە کردووە، زۆر وەک ئەو دۆخەش دەچێ کە فیلسووفی ئەمریکایی فەلسەفەی سیاسی، جان راوڵز بە "دۆخی کشانی پەردەی نەزانی" ناوزەدی دەکات. هەڵبەت لێکدانەوەی ئەندێشەکانی د.یونسی لە روانگەی "تیۆری دادپەروەریی سیاسیی" جان راوڵزەوە، پەل و پۆی دیکە بەم باسە زیاد دەکا، بۆیە لێرەدا بەناچاری خۆی لێ دەبوێرم. لەو پێوەندییەدا بڕوانە دوو کتێبی پڕبایەخی ڕاوڵز؛ "تیۆری دادپەروەری" و "مافی خەڵکان".

Rawls, John (1988), oikeudenmukaisuusteoria و The Law of Peoples, 1999

شری لیزر، گشتی در کردستان ترکیه، ترجمه ابراهیم یونسی. ١٣٨٢. بۆ خوێندنەوەی نموونەیەک لە روانگەکانی یونسی لە پێوەندی لە گەڵ ئەم باسە بڕوانە پێشەکی وەگێڕ.

لە ڕاستیدا هەر ئەم جۆرە رەخنە ڕاشکاوانە بەزمانی فارسی، ئەو پرسیارەی لای هێندێک دروست کردووە کە ئایا دروستە کە بە زمانی فارسی و لەبەرچاوی "غەریبە"دا کورد رەخنە لە کورد بگریت؟! ئایا بۆ وێنە رەخنەگرتن لە ئەزموونی سیاسی کوردەکانی باشوور و باکووری کوردستان، بەزمانی فارسی، دەتوانێ چ ئەنجامێکی سوودبەخشی بۆ ئەوان هەبێت؟ ئەم روانگەیە پشت بەو لۆژیکە دەبەستێت کە "خۆدارکاریکردن" لە بەرچاوی ئەویدی ئێتنیکیدا، تەنها ئاو بە ئاشی ئەوانەدا

دەکا کە بۆ خۆیان سەبەبکارێکی سەرەکیی گرفتاربوونی ئێمە لەم دۆخە دژوارەی ئێستادان.

برزوی مجتبی، اوضاع سیاسی کردستان (از سالّ ۱۲۵۸ تا ۱۳۲۵ ه.ش)، ۱۳۷۸، با مقدمەای از: دکتر ابراهیم یونسی. بڕ. پێشەکی ئەو کتێبە بە قەڵەمی د. یونسی.

هەرچەند یونسی لەم کۆنتێکستەدا ئەوەی دەرنەبڕیوە؛ بەڵام هەقیقەتی تاڵ ئەوەیە کە وێکچوونێکی زۆر تراژیدیک لە نێوان پرۆسەی پاکتاوی کولتووری deculturation سوورپێستەکانی ئەمریکا و پرۆسەی ناسێنەکوژی (هویت زدائی) پەیڕەوکراو لە سەر گروپە ئێتنیکییەکانی ناو ئێران، لە ڕەوتی فارساندنی ئەو وڵاتە لە ماوەی نزیک بە سەد ساڵی رابردوودا، بەدی دەکرێت. کورد لەم پرۆسەیەدا پشکی شێری پێ براوە. هەڵبەت ساویلکەییە ئەگەر واقعی ناسێنەخوازانەی بەهێزی کورد و زۆر لە گروپە ئینتیکییەکانی دیکەی ناو ئێرانی ئێستا، بە پاساوی حاشاکردن لە بوونی پرۆسەی ناسێنەکوژیی سیستماتیک لە ئێراندا بهێندرێتەوە. بڕوانە رۆلان برتون، قوم شناسی، ل.۱۹۸

حاجی صادقی امیر: یکی از ما (خاطرات و دیدگاەهای استاد ابراهیم یونسی)، ۱۳۸۳، ل ۱۱٤. هەڵبەت ئەگەر بڕێک ورد تر لێی بڕوانین، لەو دیوی ستایلی رۆماننوسیی یونسییەوە هەوڵێکی بەبڕشتی نووسەر بۆ ژیاندنەوەی چیرۆکەکانی رابردوو دەبینین. ئەمەش دەشێ، سەرەڕای ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییەی یونسی دەیخاتە سەر شانی رۆمانەکانی خۆی (بەیەکدی ناساندنی گەلان)، هێمای خولیایەکی دیکەش بێت لای نووسەر. خولیایەک کە دەکرێ ناوی بنێین، "ناسێنەپارێزیی ئێتنیکی لە ڕێگای ژیاندنەوەی حەکایەتەکانەوە". ئانتۆنی گیدێنز دەڵێ، "بەرهەمهێنانەوەی ناسێنە بەستراوەتەوە بەتوانایی مرۆڤەوە بۆ وێناکردنەوەی ئەو حەکایەتانەی پێوەندییان بەوەوە هەیە". لەم روانگەیەوە، رۆمانی یونسی، وێنای ناسێنەپارێزێکی کارامە لە نووسەرەکەیان بەدەستەوە دەدەن.

یونسی دەڵێ؛ "من نانی ئەو گەلەم خواردووە و لە داوێنی ئەو خەڵکەدا گەورەبووم. دەبێ خزمەتێکیان پێ بکەم و ئەرشیفێکیان بۆ چێ بکەم تا هیچ نەبێ بزانن کێن، لە کوێیوە هاتوون و پێوندییان بەچ خەڵکانێکەوە هەیە." بڕوانە، حاجی صادقی، امیر: یکی از ما (خاطرات و دیدگاەهای استاد ابراهیم یونسی)، ۱۳۸۳، ل ۱۳۲.

بۆ وێنە بڕوانە، حاجی صادقی امیر، یکی از ما (خاطرات و دیدگاەهای استاد ابراهیم یونسی)، هەروەها؛ برزوی مجتبی، اوضاع سیاسی کردستان (از سالّ ۱۲۵۸ تا ۱۳۲۵ ه.ش) پێشەکی کتێب.

حاجی صادقی امیر، یکی از ما (خاطرات و دیدگاەهای استاد ابراهیم یونسی)، ١٣٨٣، ١١٦ - ١١٥ .یونسی دەڵێ حکومەت بە هەموو شێوەیەک گرفت بۆ بڵاوبوونەوەی کارەکانم دروست دەکا. تەنانەت وا دیارە بڵاوبوونەوەی تەرجەمەی "تزا بۆ ئارمین" لە دەرەوەی ئێرانیش، لە گەڵ کۆسپی حکومەتی ئێران بەرەوڕووبووە. کتێبێک کە دەیەوێ وێنایەکی جیاواز و جوان لە هاوپێوەندیی مێژوویی نێوان کوردەکان و ئەرمەنەکان بەدەستەوەبدا.

بۆ ێنە بڕوانە عەباسی، کاوە. http://khabarfarsi.com/ext/2039966 ناوبراو بە بێ ئەوەی مەبەستی کەمکردنەوە لە پێگەی یونسی بێت، شێوازی نووسینی یونسی سەر بە "ژانێری ئەدەبیاتی گوند" لە قەڵەم دەدا کە "لەباری مێژووییەوە سەردەمی بە سەر چووە". ئەوە لە کاتێکدا کە ئەگەررۆمانی یونسی بۆ وێنە بە "رۆمانی ئێتنیکی" یان سەر بە ژانێری ئەدەبیاتی مێژوویی لە قەڵەم بدەین، هیچ نەبێ لەو بەستێنە فرە ئێتنیکییەدا کە ئێرانی پێدەوترێ، دەکرێ خوێندنەوەی تەواو جیاواز بۆ ناوەرۆک و نرخی راستەقینەی کارەکانی یونسی بکرێت.گرفتی سەرەکی لە شێوەی تێڕوانین دایە.

نموونەیەکی پێکەنیناوی لەم جۆرە لەبەریەکدانانەی ناوەند/پەراوێز یان مۆدێڕن/پێشمۆدێڕندا، ئەو رەخنانەیە کە گۆرانیبێژێکی فارس سەبارەت بەو فیلمانەی بەهمەنقوبادی دەریبڕیبوون کە بە زۆری دەربڕی واقعی پاڕادۆکسیکاڵی ژیان کوردەکان لە ناوچە سنوورییەکان دایە. گلەیی ئەو بەڕێزە بۆ وێنە ئەوەبوو کە ئەو فیلمانە "پاڕادۆکسی ژیانی مۆدێڕنی ئێرانی دەرنابڕن"! هەڵبەت، زەرافەتێک لە "واقعی سنوورنشینەکان"دا هەیە کە بەداخەوە "چاوی فارسی" ناتوانێ بەجوانی بیبینێت. راستییەکەی ئەوەیە کە گەورەترین پارادۆکسی سەردەمی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێک لە ژیانی سنوورنشینەکانی کوردستاندا خۆی دەنوێنێتەوە. گەورەترین "شاکار"ی سەردەمی مۆدێڕن، هەر ئەو سنوورانەی "دەوڵەت-نەتەوە" دەسکردەکانی رۆژهەڵاتی ناوڕاستە کە سەرزەمینی یەک نەتەوەی بەپێچەوانەی ویستی خەڵک و خاوەنانی مێژوویی ئەو سەرزەمینە، لەت و کوت کردووە. کارەساتی ژیانی سنوورنشینەکان لە راستیدا هیچ نیە، دەرکەوتی عەینیی ئەو پاڕادۆکسە نەبێت کە دەوڵەت-نەتەوەی "مۆدێڕن"ی ئێرانی و ئێراقی و تورکیی، لەسەر بنیات نراوە. سەیر ئەوەیە کە ئەو دیاردە تراژیدیکە کەمترین رەنگدانەوەی لە ناو مێدیا و بیروڕای گشتی و بەرهەمی هونەرمەندان و نووسەرانی ناوەندگەرای ئێراندا نەبووە و نیە. وا دیارە پاڕادۆکسەکانیش کاتێک بە مۆدێڕن لە قەڵەم دەدرێن کە بەستێنی شکڵگرتنیان "واقعی کۆمەڵایەتی" مرۆڤی نیمچە مۆدێڕنی فارس/فارسگەرا بێت. هەڵبەت نووسەری ئەو رەخنانەی ئاماژەی پێکرا، گلەیی خۆی لە "کوردی"بوونی زمانی فیلمەکانی قوبادیش ناشارێتەوە! هەموو ئەمانەش ئەو راستییە دەنوێننەوە کە هەر واقعێکی نافارس لە ناو ئێراندا، بە مێنتالیتەی فارسگەرا/ناوەندگەرای ئێرانی نامۆیە و دەکەوێتە دەرەوەی مێژووی هەنووکە و فەرمیی ئێرانەوە. بڕوانە.

http://www.mohsennamjoo.com

دەوڵەت ئابادی کاتی خۆی ئەوەشی وتبوو کە "دەبێ پتانسیەلی زمان و زاراوەکانی ناو ئێران بخرێنە خزمەت پەرەپێدانی زمانی فارسییەوە". من ئەم بۆچوونەم ساڵانێکی زۆر پێش ئێستا لە نووسینێکی رەخنەگرانەی رەخنەگر و نووسەری ناوداری بەرەگەز ئازەربایجانی، رەزا بەراهەنی دا بینیوە.

پرۆکۆست یان بە یۆنانییەکەی Prokroustês یەکێک لە کەسایەتییە ئۆستوورەییەکانی یۆنانی کەونارایە. پرۆکۆست چەتەیەک بوو کە خەڵکی لە سەر رێگاکان بە دیل دەگرت و بە شێوەیەکی سەیر ئەشکەنجەی دەکردن. ئەشکەنجەکانی پرۆکۆست لە رێی دوو تەختەوە ئەنجام دەدران: موسافیرە باڵابەرزەکانی لە سەر تەختێکی بچووکتر دادەنا و قاچەکانیانی بە قەدەر تەختەکە کورت دەکردنەوە. موسافیرە کورتەباڵاکانیشی بە پێچەوانە، لە سەر تەختە درێژەکە ڕادەکێشا و بەقەدەر تەختەکە دەیکێشان.


بۆ ئەوەی بە جوانی ئاکامەکانی کارەساتی یەک سەدە پشتگوێخرانی زمانێک یان یەک سەدە کارکردنی سیستماتیک بۆ خزمەتکردن بە زمانێکمان بۆ روون ببێتەوە، هەر ئەوەندە بەسە کە بڵێم زمانێکی وەک زمانی فینلاندی کە بە هەموویەوە دوو سەد ساڵێک دەبێ پێی دەنووسرێ و لەو دوو سەد ساڵەش تەنها نیوەی ئەو ماوەیە، بە سیستماتیک کاری بۆ کراوە، ئێستا لە ئاستێک دایە کە بۆ نووسینی دەقی سەنگینی زانستی، بگرە زۆر لە زمانی فارسی خۆشەتر و پڕزەرفیەتترە. بەدڵنیاییەوە زەرفیەتە پتانسیلییەکانی زمانێکی کۆن و دەوڵەمەندی وەک زمانی کوردی، لە زمانی فینلاندی کەمترە نیە.

بڕوانە وتووێژی خالیدمحەمەدزادە لە گەڵ یونسی

http://www.dimane.com &
http://rojhelattimes.org/read.php?id=4891

١١ - ٣ - ٢٠١٢

## ئیبراهیم یونسی



لە ساڵی ۱۳۰۵ هەتاوی لە شاری بانە بەدنیا هات. لە ساڵی ۱۳۳۳ تاکو ۱۳٤۱ بە هۆی تێکۆشانی سیاسی کەوتە بەندەوە. دوکتور برایيم کاری وەرگێڕان و چیرۆک نووسی خۆی لە بەند دەست پێ کرد و کتێبی "هونەری چیرۆک نووسین" کە لە بەند نوسیبوی، بڵاوی کردەوە.

دوای ئازادی لە بند لەسەر خوێندن بەردەوام بوو و لە بواری ئابوریدا بلگەی دوکتوری لە زانکۆی سورین وڵاتی فەرانسە لە ساڵی ۱۳٥٦ هەتاوی وەرگرت.

دوکتور برایيم لە کاتی زیندوو بوونی لەبارەی بنەماڵەی خۆی نوسیویەتی کە: دوو ساڵانە بووە کە دایکی خۆی لە دەست داوە و دایەگەورە و باوەگەورەی بەخێویان کردوە .

باوەگەورەی زۆر زەحمەت کێش بووە و لە پیشەکانی بەرگ دوو، و کاریگەری هونەری بووە.

دایکی رەعیەت بوو و باوکی خان زادە لە خانەکانی خۆماڵی سلێمان خان، زازی یونس خان، حاکمی بانە بووە. ٥ خوشکی بووە و ۳ زر دایک، ۳ برا، یەک دانە برازا. کۆڵێک کۆڵفەتی هەبووە. هەر کات دەچوو بۆ ماڵی باوکی، گاڵتە و شۆخیان



سەرچاوە
Serchawe

پێ دەکرد و دایەگەورەی نەی دەهێشت بچێت بۆ ماڵی باوکی.

دوکتور برایم لە ساڵی ۱۳۱۷ لە خوێندنگای پۆلی سەرەتایی پەهلەوی بانە بڵگەی شەشەمی سەرەتایی وەرگرت و چون لە بانە پۆلی دواناوەندی نەبوو باوکی دەیباتە شاری سەقز. لە ساڵی ۱۳۲۰ بڵگەی سیکل یەکەمی دواناوەندی وەر دەگرێت. لە ساڵی ۱۳۲۰ هەتاوی ئێران لە لایەن هێزەکانی مۆتەفەقین داگیر دەکرێت و وڵات دەبێتە وێرانە و خوێندنگاکانیش وێران دەبن و دوکتور تا ساڵی ۱۳۲۲ بێکار دەبێت. لە ساڵی ۱۳۲۲، ئەرتشی ئێران بانگەوازی ناو نوسین دەکات و دووکتور برایم لە ساڵی ۱۳۲۲ دە چێتە تاران و لە خوێندنگای "نظام" ناو نوسینی کرد.

لە سالی ۱۳۲٤ بڵگەی دیپلۆمی وەرگرت و بۆ زانکۆی ئەفسەری داخل بوو و لە ساڵی ۱۳۲۷ دەرەجەی ستوان دوهەمی رستە سواری دوی وەرگرت. لە زانکۆی ئەفسەری بە سەرکەوتن تەواو بوو و لە لەشکەری چواری رەزاییە سەرقاڵی خزمەت بوو. دوای چەند ساڵ تەحەمۆلی سەختی، بە ناوبژی دۆستێکی خۆی بە ناوی دوکتور رۆح الله عەباسی لە خوێندنگای ئابوری ناو نوسینی کرد و هەر لەو خوێندنگایە بڵگەی لیسانسی ئابوری وەرگرت و دوکتورا کەشی لە ساڵی ۱۳٥٦ لە زانکۆی سورین وڵاتی فەرانسە وەرگرت.

عەبدولقایەری بەهرامی و خوا لێ خۆش بوو ئەحمەد تەوەکۆلی لە هاوڕێکانی دوکتور برایم لە سەقز بوون. دوکتور برایم دۆستی زۆر بوو و لە سیاوەش کەسرایی، محەمەد رە زا شە فیعی کدکنی، هوشەنگ ئیبتیهاج، ئەحمەد مەحمود و مەحمود دەوڵەت ئابادی بە چاکی یادی دەکرد.

برایم یونسی لە رۆژەکانی کۆتایی ساڵی ۱۳۲۸ ژنی هێنا و ئەنجامی ئەم ژن هێنانە ۳ کچ و یەک کوڕ بوو.

لە ساڵی ۱۳۳۳ دوبارە کەوتە بەندەوە و دو هاوڕێ خۆی بە ناوەکانی سەرهەنگ مۆبەشێری و سەرهەنگ سیامەک لە سێدارە دران بەڵام برایم یونسی لەبر ئەوی کە لە کاتی خزمەتی سەربازی قاچێکی لە دەست دابوو لە سێدارەدان خۆش بوون و زیندانی هەتا هەتایی بۆ دەر چوو بەڵام دوای هشت ساڵ ئازاد کرا.

دوکتور برایم لە نێوان ساڵەکانی ۱۳٤۰ تا ۱۳٤۱ لە زیندان ئازاد کرا. چوار ساڵێک بێکار ماوە. دکتر برایم هاوڕێ لەگەڵ محمەد قازی و بەآزین لە بەشی وەرگێڕان لە کۆمپانیای کامساکس (کۆمپانیای دانمارکی کە لە ئێران رێگای قەتاری دروست کرد) هاوکار بوون.

دوکتور براییم لە ساڵی ١٣٣٦ هەتاوی بەهۆی وەرگێڕانی کتێبی "آرزوهای بزرگ" (ئاواتە گەورەکان) لە چارلز دیکێنز لە ژێر سەرپەرشتی سیروس پەرهام بڵاو دەبێتەوە و لە زانکۆی تاران خەڵات وەردەگرێت. دوای ئەوە لە ناوەندی ژمێریاری (ئامار) دەست بەکار بوو.

دوای ئینقلابیش(شۆڕشیش، ماوەیێکی کەم پارێزەری پارێزگای کوردستان بوو.

لە ساڵی ١٣٨٢ هاوڕێ لەگەڵ مەحمود دەوڵەت ئابادی لە رێو رە سمێکدا رێزیان لێ گیرا.
و بەداخەوە لە رێبەندانی ساڵی ١٣٩٠ کۆچی دوایی کرد و یەکێک لە رۆناکیەکانی شارەکەمان لە دەست دا بەڵام رووناکی دوکتور براییم هەتایە بە بەرهەمەکانی بەردەوام دەبێت و لە خوای گەورە داوای لێ خۆش بوونی لێ دەکین و سەرخۆشی خۆمان ئاڕاستەی بنەماڵەی بەرێزی دووکتور براییم یونسی و خەڵکی با فەرهەنگی شاری بانە دەکەین.

دوکتور براییم ٧٣ کتێبی لە بوارەکانی مێژوی ئەدەبیات، سیاسی، مێژوی شەر و رۆمان داوەتە دەرەوە کە یان خۆی نوسیویەتی یا وەرگێرانی کردوە. لە خوارەوە بەرهەمەکانی دوکتور براییم یونسی مان بڵاو کردوتەوە کە دەتوانن وەیخوێنن.

١- ئاواتە گەورەکان - نووسین : چارلز دیکێنز وەرگێران لە دووکتور براییم بڵاوکردنەوە لە ساڵی ١٣٣٧
٢- آسیاب کنار فلوس –نووسینی جۆرج ئلیوت وەرگێڕان ساڵی ١٣٦٨
٣- آشیان عقاب نووسینی کۆنستانس هون وەرگێڕان ساڵی ١٣٦٩
٤- ئاغا شێخ دەوڵەت نووسینی مارتین وان بروئن سن، وەرگێڕان ساڵی ١٣٧٩
٥- ئامریکا و بزوتنەوەکانی نەتەوەیی- نوسینی بلانچ ویسن کوک،وەرگێران ساڵی ١٣٦٥
٦- ئیسپارتاکوس نووسینی هوارد فاست وەرگێڕان ١٣٣٧
٧- ئەگەر بیل ئستریت زمانی بوو وەرگێڕان لە دوکتور براییم
٨- ئامریکای دیکە (فەقیری لە ولایەتە یەک گرتوەکان) نووسینی مایکێل هنرینگتن وەرگێڕان ساڵی ١٣٥٣
٩- بازگشت بومی، نووسینی تامس هاردی، وەرگێڕان ساڵی ١٣٦٩
١٠- به دور از مردم شوریده نووسینی تامس هاردی، لە ساڵی ١٣٦٥
١١- پشەی بینیدراز، وەرگێڕان
١٢- پنماریک (رۆمان)،نووسینی سوزان هوواچ، وەرگێڕان
١٣- مێژوی ئەدەبیاتی ئافریقا نووسینی دی تورن، ساڵی ١٣٦٨



سەرچاوە
Serchawe

١٤- مێژوی ئەدەبیاتی روسیە نووسینی میرسکی، بڵاو کردنوە لە ساڵی ١٣٥٥

١٥- مێژوی ئەدەبیاتی ینووسینی اچ جی،ساڵی ١٣٥٨

١٦- تام جونز نووسینی هنری فیلدینگ ساڵی ١٣٦١

١٧- تاماس هاردی نووسینی آر.ای. اسکات جیمز و سی.دی لوییس، ساڵی ١٣٧٢

١٨- تجارت اسلحە ورگێڕان راپۆرتی مەکۆی جیهانی لێکۆڵینەوە لە سۆڵح ئستۆهکۆلم ساڵی ١٣٥٣

١٩- تکیە گاە نووسینی تئودور درایزر، وەرگێڕان ١٣٧٩

٢٠- تیس دور بروپل نووسینی تامس هاردی، ساڵی ١٣٨٢

٢١- جنبش ملی کرد نووسینی کریس کوچر، وەرگێڕان ١٣٧٣

٢٢- جنبەهای رمان نووسینی،ای. ام. فورستر، وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە

٢٣- جنگ کبیر میهنی وەرگێڕان ١٣٦١

٢٤- جوان و جوانی نووسینی خۆی (ئامادەی بڵاو کردنەوە)

٢٥- جود گمنام نووسینی تامس هاردری، وەرگێڕان ١٣٦٢

٢٦- خاطرات دوران خبرنگاری در بالکان نووسینی تروتستکی وەرگێڕان

٢٧- خاطرات نیکیتا خروشچف وەرگێڕان ١٣٦٩

٢٨- خانە قانون نووسینی چارلز دیکنز - وەرگێڕان ١٣٤١

٢٩- خوش آمدی نووسینی خۆی

٣٠- خیاط جادوشدە نووسینی سولومن رابینوویچ، وەرگێڕان ١٣٤٠

٣١- دادە شیرین نووسینی خۆی

٣٢- داستان دو شهر نووسینی چارلز دیکنز، وەرگێڕان ١٣٥٥

٣٣- در ستایش فراغت نووسینی برتراند راسل، وەرگێڕان ١٣٤٩

٣٤- دعا برای آرمن نووسینی خۆی بڵاوکردنەوە لە ساڵی ١٣٧٩

٣٥- دفتر یادداشتهای روزانە یک نویسندە نووسینی،فئودور داستایوسکی، بڵاو کردنەوە ١٣٧٠

٣٦- دلدادەها نووسینی خۆی١٣٧٢

٣٧- دن کیشوت، وەرگێڕان

٣٨- دنیای کوچک دن کامیلو نووسینی جووانی گوارسکی، وەرگێڕان ١٣٦٩

٣٩- دورە راهنمای دایرکت متد نووسینی خۆی بڵاوکردنەوە ١٣٤٣

٤٠- روابط ایران و ترکیە و مسالەی کرد نووسینی رابرت امن، وەرگێڕان



سەرچاوە Serchawe

٤١- زمستان بیبهار نووسینی خۆی لە ساڵی ١٣٨٢ بڵاو کرایەوە. ئەم کتێبە خاوەن بەسەرهاتەکانی دئکتور براییمە لە منداڵی تا ئازادبوون لە زیندانە

٤٢- زنانشویی و اخلاق نووسینی باربارا هاردی، بڵاوکردنەوە ١٣٧٢

٤٣- سگ شمال: وەرگێڕان

٤٤- سە تفنگدار: وەرگێڕان

٤٥- سە رفیق نووسینی ماکسیم گورکی، وەرگێڕان ١٣٤٣

٤٦- سیاهان آمریکا را ساختند نووسینی بنجامین کوارلز، وەرگێڕان ١٣٥٥

٤٧- سیری در ادبیات غرب نووسینی جی بی پریستلی، وەرگێڕان ١٣٥٢

٤٨- سیری در نقد ادب روس نووسینی اندروفیلد، وەرگێڕان ١٣٦٩

٤٩- شکفتن باغ نووسینی خۆی

٥٠- صیهونیسم نووسینی یوری ایوانف، وەرگێڕان ١٣٥٦

٥١- طوفان نووسینی ویلیام شکسپیر، وەرگێڕان ١٣٥١

٥٢- عیدآمد و بهار نیامد نووسینی خۆی

٥٣- فتنە های بیدار(کیوان بر فراز اب) نووسینی جی بی پریستلی، وەرگێڕان ١٣٤٣

٥٤- فردا نووسینی خۆی

٥٥- فرهنگ کوچک انگلیسی - فارسی نووسینی خۆی

٥٦- کاشتانکا نووسینی انتوان چخوف، وەرگێڕان ١٣٥٣

٥٧- کچکلاە و کولی نووسینی خۆی ١٣٧٩

٥٨- کردها نووسینی وانلی، کندال وەرگێڕان ١٣٧٠

٥٩- کردها و کردستان نووسینی درک کینان، وەرگێڕان

٦٠- کردها،ترک ها و عرب ها نووسینی سی.جی. ادموندز، وەرگێڕان ١٣٦٧

٦١- کسی شبیە خودم نووسینی خۆی، هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە

٦٢- گورستان غریبان نووسینی خۆی ١٣٧٢

٦٣- لارنس استرن نووسینی خۆی ١٣٧٩

٦٤- لینمارا،عشق و آرزو نووسینی کاترین گاسکین، وەرگێڕان ١٣٧١

٦٥- مادرم دوبار گریست نووسینی خۆی ١٣٧٧

٦٦- ماکسیم گورکی نووسینی خۆی ١٣٥٧



سەرچاوە
Serchawe

٦٧- مرده ها نووسینی خۆی (ئامادەی بڵاو کردنەوە)

٦٨- مردی که خورشید را دوست می داشت،زندگی و نسان وانگۆگ به هاوکاری ئەنساری نووسینی خۆی

٦٩- مشتی غبار نووسینی ۆولین وو، وەرگێڕان ١٣٧٩

٧٠- موسیقی و سکوت نووسینی رز تره مین، وەرگێڕان

٧١- میراث شوم(توده) نووسینی جورج گیسینگ، وەرگێڕان ١٣٧١

٧٢- هنر داستاننویسی نووسینی خۆی ١٣٤١

٧٣- یەک جوت چاوی شین، وەرگێڕان

(ئەڤ بابەت ب زمانا) کوردیی ناوەڕاست) هاتیە نڤیساندن، کلیک ل ئایکۆنا بکە ژ بو ڤەکرنا ڤی بابەتی ب ڤی زمانا کو پی هاتیە نڤیساندن!

(ئەم بابەتە بەزمانی) کوردیی ناوەڕاست) نووسراوە، کلیک لە ئایکۆنی بکە بۆ کردنەوەی بابەتەکە بەو زمانەی کە پێی نووسراوە!

سەرچاوە: کوردیپیێدیا

# ئەو دەریا خوێنەی قەت هەڵناچۆڕێ



**برایم یونسی/ و: ڕەسووڵ سوڵتانی**

منداڵ لەملاولا وێستاون و بە چاوی جوان و بێگەرد و ترساویان سەیری تەرمەکان دەکەن. جگە لە ژاندارمەیەک کەس لە دەوروبەر نییە. دیارە ساواک حەز ناکا ناسنامەیان ئاشکرا بێ. ژنەکان لە دوورەوە، لەبەر دەرگای ماڵانەوە لە سینگی خۆیان دەدەن و دەڵێن: "دایکی بمرێ. دایکت بمرێ". پیاو تاک و تەرا، هەر بۆ ئەوەی بزانن چ بووە، لادەدەن و بەوێدا ڕادەبرن، خۆیان بەلای تەرمەکاندا خوار دەکەنەوە و ئاوڕ لە تەرمەکان دەدەنەوە. وەک چناری بەردەم ڕەشەبا، سەر دەچەمێننەوە و سەر دەچەمێنن و سەر و سینگیان بەرەو تەرمەکان دەچەمێننەوە.

وەکوو فەرمانبەرێکی پلەنزم کە بەلای سەرۆکەکەیدا ڕادەبرێ. کە قۆپچەی چاکەتەکەی دادەخا و بە ترسێکی تێکەڵ بە ڕێزەوە خۆی بەرەو لای وەردەسووڕێنێ. لە ژێرەوە سەیریان دەکرد. وەک شەرمەزار بن و بەو سیمایەوە داوای لێبوردن بکەن. بەڵام چار چییە. ڕاستیی ژیان -کردەوە نەک خەیاڵ- ناچاری کردوون، کە تەنانەت لەگەڵ خۆشیان ڕاستگۆ نەبن. لێرە، ئێمەی بە پێچەوانەی ڕووناکبیران بەشوێن ڕووداوەکانەوەین. وەشوێن مەنتق ناکەوین. بیرکردنەوە؟ نەخێر، بیرکردنەوەیەک نەبوو ڕێنوێن بێ. ئەوەی وا ئەو، ئەوان ئێستا لە دەم حەوزی مزگەوتەکە خەوتبوون، بۆخۆیان، بۆخۆیانیان دروست کردبوو. لە هزر و خەیاڵیاندا نەبوو، نەیاندەدی. ئەگەر بیرێکی ڕێنوێن هەبوایە، کاریان لە چاو و گوێیان دەکرد. هزر نەبوو،

کردەوە بوو. بەڵام ئەی ئێستا کە بۆخۆیان دەیاندی؟ هەڵبەت ئەو شتانە، یانی لەڕاستیدا نەبوونیان پێویست بوو، چونکە ئەگەر تەرمی ئەوانە و کەسانی وەک ئەوانە نەبوایە، لەبیریان دەچۆوە کە زیندوون، هێندە لەگەڵ ئەو ڕەوتە ڕاهاتبوون. ڕاوەستاوم. چاوم لەسەر چاوە خێلەکەی عەولا و ڕوخساری گەنج و خەولێکەوتووی مامە ئاوارەیە. نازانم. یانی فەلسەفەی دەزانی؟ لەوانەشە زانیبێ، چووزانم. یانی دەیزانی کە بنیادەمەکان هۆگری یەکن و لە ناخەوە وابەستەی یەکترن و هەر کەسە و لەوی دیکەدا دەژی و ئەوانی دی لەودا دەژین؟ پێم وا نییە. بەڵام باشە ئەگەر نەیدەزانی، ئەی بۆچی خۆی بۆ خەڵکەکەی تەرخان کرد و ئەگەر ئەوە ڕاست بوو کە خەڵک لەودا دەژیان، ئەی بۆچی هەمووان لەگەڵ ئەو وەڕێ نەکەوتن و ئەو بۆچی بەڕواڵەت لەنێو دەگمەن هەڤاڵەکاندا تەنیا بوو؟ بەڵام ئەگەر تەنیا بوو، ئەی چ شتێک بوو کە ئەوی بەرەو پێشەوە پاڵ دەنا؟ هەر ئەو تاک و تەرا هاوڕێیانە؟ دەی خۆ ئەوە بەس نییە. بەڵام ئەگەر ئەو خەڵکە بوون وا ئەویان بەرەو پێشەوە دەبرد، ئەی بۆچی لەگەڵی نەبوون. بۆچی ئاوا خۆیان لار دەکردەوە و خێرا خێرا، وەک بڵێی لە ترسی لۆمە، دوور دەکەوتنەوە؟

بەڵام مەگەر پێویست بوو، پێ بەپێی لەگەڵی بن؟ هەم لەگەڵی بوون و هەم لەگەڵی نەبوون... بوون. چونکە ئەویش ئەوانی لە ناخی خۆیدا دەدی، هەبوون، چونکە هەر جارێکی تووشی دەبوون، لەخۆیاندا باوەشیان بۆ دەکردەوە. کەچی هەر کام لەگەڵ خۆیەکانی دیکە بوو. لەگەڵ هەزارانی وەک وی. بە دەردی دەڵێن، هەر بزنەی بە ڕێی خۆیدا دەڕۆیشت، کەچی هەر لەگەڵ مێگەلیش بوو. ئەگەر جووڵەیەک هەبوو، کە بە دڵنیاییشەوە هەبوو، هەستپێنەکراو بوو، بەڵام ئەو هەر دەڕۆیشت، بەو هەستەوە کە تەنیا نییە. جوان لێم ڕوون نییە، لەوانەشە نەیزانیبێ. لەوانەشە نەیزانیبێ کە چ کارێکی گرینگ دەکا، بەو هەنگاوەی بەرەو نەمان دەینێ. دیارە لەبەر ئەوەی دایمە بەو خەیاڵەوە دەژیا، هەستی پێ نەکردووە و نەیدیتووە. بە دەردی پیاوچاکە مەسیحییەکە، ماسی لە دەریادا بوو و دەریا لە ماسیدا و ماسی ئاوەکەی نەدەدی. لەوانەیە چۆنایەتیی "سرووشتی" ڕەوتەکە لە سیمای سروشتی و ڕاستەقینەی خۆیدا پاساوی ئەو شتە بووبێ. ئا هەر کەسە و هەر شتە، دەیەوێ و دەبێ بەگوێرەی هەلومەرجەکانی خۆی بژی. وەختێک ئەو مەرجانە نەبن، ناژی. نەک بڵێی ناژی، ژیان لەگەڵی نایە و دەمرێ. ئەو دەیەوێ ژیان لەگەڵ خۆی پەلکێش بکا، لەحاڵێکدا ژیان دەبێ ڕێی خۆی ببڕێ، ئەرک و مەبەستێکی دیکەی هەیە، بەڵام دوایی، بەپێچەوانەی هێندێکان، کە بەواتایەک، بنەمای هەموو نەگبەتی و نەهامەتییەک دەبەنەوە سەر ناتەبایی لەگەڵ ڕاستی و باوەڕیان وایە ئەو شۆڕش و سەرهەڵدانانە بەرهەمی لاوازبوونی بیروباوەڕن. بەڵام من باوەڕم وایە شۆڕش و ڕاپەڕینی عەبدوڵلاکان و شەریفزادەکان، بەرهەمی ئەوپەڕی باوەڕمەندییە بە بەها و بایەخەکانی بیروباوەڕیان. شەریفزادە باش ناناسم، بەڵام تا ڕادەیەک ئاشنای بنەماڵەی عەبدوڵلام. دەزانم بەها و بایەخەکانی ژیانی چین. باپیرەیان کوشتبوو. براکەیان پاش ساڵانێک ئاوارەیی کوشتبوو، باوکی لە عێراق حوکمی سێدارەی بۆ دەرچووبوو، لە ئێران چووبووە بەر سێدارە، لەژێر چاودێریدا بوو، بۆخۆی بەرچاو بوو.

هەست و ئەخلاق چیی لێی دەویست؟ ئەخلاقی مەڵبەند و بنەماڵەکەی چیی لێ دەویست؟ هەر ئەوەندە، ئەگەر منداڵ و نانخۆرێکی هەیە، تێریان بکا و دوایی تۆڵەی خوێنی کوژراوان و مردووەکانی بکاتەوە و نەریتی بنەماڵەکەی بەزیندوویی ڕاگرێ. بە دەردی خەڵکی ئێستا خستبوویانە دۆخێکەوە، کە دەبوو بەرگری لە کوردبوونی بنەماڵەکەی بکا. ڕێگەی دیکەی نەبوو. ئەو وەشوێن بیروباوەڕی خەڵک نەکەوتبوو. بیروباوەڕی خەڵکی هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نەبوو. هەوساری بیروباوەڕی بەدەست خەڵکییەوە نەبوو و چاویلکەی خەڵکی لە چاوی نەکردبوو. دەیویست کورد بێ و کورد بمێنێ. یانی دەبوو بمێنێ.

جەنازەکان خەوتبوون. مێش و مەگەز لە دەوری زارە نێوەدا پچڕاوەکەیان دەهاتن و دەچوون و من نوقمی ئەو خەیاڵانە بووم، کە زریکەیەک دڕی بە هەواکە دا. ڕاچڵەکیم. ژاندەرمەی پاسەوانیش ڕاچڵەکیبوو. منداڵ بێدەنگ بوون. پشووەبایەک دەنگی زریکەکەی پێش کەسەکە گەیاندبووە کۆڵانەکەی بەر مزگەوتێ. پوورە ڕابیی ژنی مامەقالە بوو. منداڵ ڕێیان بۆ کردەوە. ژنە بە شین و گریان خۆی بەسەر تەرمەکان کێشا. پرچ و ڕوومەتی خۆی دەڕنی و بە بانگی بەرز دەیگوت: "ڕووڕەش خۆم کە بەتەنێم جێ هێشتی پووری. پوورت مری. پوورت ئاوارەی چۆل و چیایان بێ. ئەی ڕۆ، وەی ڕۆ".

ئای چ شینێک، چ فوغانێک. قوڕی وەسەر کردبوو. دادە شیوای کچی و یەک دوو ژنی دیکەی لەگەڵ بوون. هەمووان بە بانگ و سەڵا دەگریان. لە سەر پلیکانەکانی بەرانبەر کۆڵانی مزگەوتەوە دەنگی شینی ژنێکی دی دەهات. خزمی مامە ئاوارە بوو. مامە ئاوارە لە ئەسڵدا خەڵکی شارۆچکەکەی ئێمە بوو. ئەو ژنانەی لە بەر دەرگای ماڵەکانی دەوروبەرەوە تازیەیان داگرتبوو و لە سینگی خۆیان دەدا، بە هەڵەداوان هاتن. پیاو و لاو وردە وردە گەیشتنێ. پوورە ڕابی شینی دەگێڕا و هەوری سینگی دایکان خەمی دەباراند.

پیاوان قۆڵیان هەڵمالی. یەک دوو ڕیشسپی چوون ئیزنیان لە سەرۆکی ساواک وەرگرت بیاننێژن. تەرمەکانیان لەسەر کورسییە لاکێشەکەی دەم حەوزی مزگەوتەکە شوشت و بردیاننە گۆڕستان. پوورە ڕابی پێداگر بوو لە پیرسلێمان بیاننێژن. لە تەنیشت گۆڕی دایکی، دایکی خۆی. زۆربەی خەڵکی شاری لە ناشتنیاندا بەشدار بوون. ژن و پیاو. دەتگوت پێشتر تاقە کەمایەسییەکی هەبوو، ئەوە بوو کەس نەبوو خۆیان لێ بەخاوەن بکا. ئێستا کە مردوو خاوەنی بۆ پەیدا ببوو، هەموان کێبەرکێیان بوو شان وەبەر تابووتەکانیان بدەن و دەریاندەخست دژی حوکمەتن. وەکوو ئێمە، لە تاران.



سەرچاوە
Serchawe

من سەرم سووڕ مابوو. بەڕاستی بنیادەم دەبوو تا دەمرێ هەموو ڕۆژێ شت فێر بێ. سەرم لێی دەرنەدەچوو. وێدەچوو ئەوە قەڵغانێک بێ، کە بە ئیلهاموەرگرتن لە سروشت بۆ پاراستنی غروور و حەیا و هەستی خۆیان، دروستیان کردبوو. پێم وایە دەیانویست بەبێ زمان، بە ئێمەی منداڵ بڵێن، خۆ هەموو شتێکیان لەبیر نەکردووە. پێم وایە دەیانویست بەوان بڵێن، ژیان جاری وایە وا دەخوازێ کەسەکە وەکوو شلکەگیا چۆن لە هەمبەر هرووژمی ڕەشەبادا دەچەمێ و بە عەرزەوە دەنووسێ، سەر دانەوێنێ و وەختێک ڕەشەبا تێپەڕی، سەر هەڵبڕێتەوە. لەوانەبوو بۆخۆشیان نەیانزانیبێ، ئەودەم بۆچی وایان دەکرد و ئێستاش ئاوا.

***

بەشێک لە ڕۆمانی « تا فردا خدا نگهدار» لە نووسینی برایم یونسی کە بە ناوی «برایمۆک» چاپ بووە و ڕەسووڵ سوڵتانی کردوویە بە کوردی. ئەم بەرهەمە هێشتا چاپ نەبووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## دیمەنی شینگێڕیی "بەهار" بۆ "سولەیمان"ی برای



**ڕەسووڵ سوڵتانی**

برایم یونسی لە ڕۆمانی (هەتا سبەینێ ماڵاوا)دا بە کامێرای وشە، فیلمێکی لەو ساتەوەختە هەڵگرتووە، کە خوشکی شەهید سولەیمان موعینی دەگاتە سەر تەرمی پیرۆزی کاکە سولەیمانی...*

غەڵەبالییەک کەوتووەتە نێو خەڵکەکە. هێندێ بە دەنگی بەرز دەگرین. هەوێنی سەرەکیی ئەو مۆسیقایە، نالە و لوورەیەکە، کە جاروبار لە نێو دەقەکە دەگەڕێ و هەستی خەڵکەکە بەرەو بابەتی دەقەکە ڕادەکێشێ. بەو حاڵەشەوە بێدەنگییەکە بەژانە. گەنجێک لە نێو حەشامەتەکەوە بە دەنگێکی ڕەوان و ڕاوێژێکی فەرماندەرانە دەڵێ: "مەگرین." ئەفسەرەکە ئاوڕ دەداتەوە، ڕوو لە ژاندارمەکان دەکا و فەرمانێک دەدا. ژاندارم دەستەوتفەنگ دەبن.

گریان لە سینگ و کوڵ لە قوڕگەکاندا قەتیس ماوە. گوێچکەم دەزرینگێتەوە. دادە بەهار هێدی هێدی هاتووە و لەبەر تەرمەکە ئەژنۆی داداوە. دادێتەوە و لاقی برا ماچ دەکا. ئەوجار سەر بەرەو ئاسمانێ هەڵدەبڕێ و دەڵێ: "باوەڕم پێت نییە، ئیمانم بە تۆش نییە. ئەوەش بوو بە دادپەروەری؟ ئیمانم بە تۆش نییە. دادپەروەری دەبێ بەو دەستانە، بەو دەستانەی خۆمان وەدی بێنین. هەر بەو لاوانە، بەو خەڵکە".

حەشامەت سەرتاپا بێدەنگییە. ئەفسەرەکە تێی دەخوڕێ. بەڵام ئەو لە بەکرێگیراوی سووکی ڕێژیمێک کە بۆخۆی

سووکایەتیی پێ دەکا، ناترسێ. "هەر بەو خەڵکە" و دەستە مستکردووەکەی ڕادەوەشێنێ "هەر بەو خەڵکە...."

ئاااى، کوڕە خۆ ئەوە هەر ئەو منداڵەیە کە هێشتا لەدایک نەببوو، شەڕی لەسەر بوو. حاجی دەیگوت ئەگەر خوا کردی و کچ بوو ناوی بنێ بەهار. بەڵام دایە گوڵەندام بەهیچ شێوەیەک ملی نەدەدا. کوڕی دەویست. چ بکا. ئەزموونی تاڵی هەبوو. کچ لەو ساتەوە کە لەدایک دەبێ، بەسەر ڕوخساری خەمینی باب و کەسوکاریدا دەکەوێ، باب ناشادە، ئاخر ژنەکەی کچی بووە، خەسوو نارەحەتە، ئاخر بووکەکەی کچی بووە و وەجاغی کوێر بووەتەوە، خوشک ناشادە، چونکە "پشت"ـی نییە. کچ! چیی دیکە! ئەوە تەواوی ئەو تاڵی و ناخۆشییەیە کە لە ناخییەوە کەلاو دەبێ و هەڵدەڕژێتە دەرێ. هیچ شوێنێکی هەژار، کچی بەدڵ نییە. کوڕی دەوێ کە لە حەوت ساڵییەوە وەشوێن گاڕان و مێگەل بکەوێ. یان هەر نەبێ جارێک بچێ. ئاخر هەر شتێک بێ نێرینەیە. هەر کاتێکیش هاتەوە، هەر نێرینەیە. قسەی بەدووەوە نییە، کە هەر ڕێبوارێک بە تەمای میوەیەکی بەلاش بەردێکی تێ بگرێ، بنەماڵەکەی پێی سەرنەوی بن. کوڕی دەویست، بۆوەی ناوی بنێ ئازاد. یانی زۆر لەمێژ بوو وای دانابوو. لەو کاتەوە کە منداڵەکە لە هەناویدا دەستی کرد بە لینگەفرتێ، ناوی نا ئازاد. زۆربەی کات لەسەر قاوەڵتی وەک تازەبووکێکی نۆبەرەی بێ، بە حاجیی دەگوت: "بابی سولەیمان، ئەمشەو ئازاد تا بەیانی نەیهێشت چاو لێک بنێم. هەر شەق هاویشتن و لینگەفرتێ. ماشەڵڵا لە ئێستاوە ئاگرپارەیەکە. موو لێ نادا، ڕێک دەڵێی سولەیمانە. عەوڵاش هەر وا بوو".

حاجی بزەیەکی تاڵی دێتێ و چەناگەی دەخورێنێ . وەک بزر بووبێ . لە ڕاستیدا کەلێن و قوژبنی مێشکی دەخورێنێ. دادە بەهار لەدایک بوو. قەول وابوو بەهاری ماڵێ بێ، بەڵام چما زستان دەرفەتی گەشە و پشکووتنی دەدا؟

دادە بەهار دووبارەی دەکاتەوە: "هەر بەو خەڵکە... "کتوپڕ دیواری بێدەنگی هەرەس دێنێ. لە نێو حەشامەتەکەوە یەکێک دروشم دەدا: "مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆری، مەرگ بۆ شای جەللاد." و حەشامەتەکە تەقریبەن یەکدەنگ دەڵێ: "مەرگ و نەمان". ئەفسەر فەرمانی تەقە دەدا...

برادەرەکەم پێداگرە بۆ فراوین بچینەوە ماڵی ئەوان، بەڵام کێ تاقەتی نانخواردنی هەیە. دەڵێ: "نانەکەمان دەخۆین و دواییش ئەگەر ڕازی بی، دەچینە پرسە. بۆ ماڵی مامە حاجی." بەڵام من تازە لە زیندانێ بەربووم، دەزانم ئەوەی لەوێن یەکدەست نین و هیچ دووری مەبینە ڕێژیم پێی وابێ بۆ پیلانێک هاتوومە مەهاباد. هەرچۆنێک بێ برادەرەکەم تێ دەگەیەنم. ناحەقم ناگرێ. وەختێک دەزانێ لە زیندانیش بووم، ئیدی هەر بەجێم ناهێڵێ. وەک ساڵانێک بێ پێکەوە بووبێین. باسی زیندانی بۆ دەگێڕمەوە و باسی کاک عەزیزی یوسفی (کاک عەزیز) و ئازایەتی و خۆڕاگرییەکەی...



سەرچاوە
Serchawe

گەیشتووینەتە میوانخانە. دادەنیشین. پیاڵەیەک چا دەخۆینەوە و هێندێ شت. هەر ئەوەندەی بە زگی بەتاڵ سواری ماشێن نەبم. زۆرم حەز لێبوو حاجی موعینیم لە نزیکەوە دیتبایە، باوکیم لە نزیکەوە دیتبوو. بەڵام بەو دۆخەی هاتبووە پێشێ، دەمەوێ هەرچۆنێکی بووە ئەمشەو لەو شارە بچمە دەرێ. دەزانم ئێستایە کە بگرە و بەردە دەست پێ بکا، لەوانەیە دەستیشی پێ کردبێ. ڕێژیم لەو چاوقایمییەی خەڵک خۆش نابێ، ناشتوانێ خۆش بێ. ئینجا دڵیشم بەرایی نادا بەو نمایشەی ئەمڕۆ لە نێو شاری دیم ئیدی شەوێ بمێنمەوە. لەگەڵم برادەرەکەم دەچینە گەراج. دەڵێم بە ماشێنی بارهەڵگریش بێ دەڕۆم. دەمەدەمی ئێوارەیە قاسمەڕەش پەیدا بێ. دەڵێ پێشەوەی ماشێنێکی بۆ ڕاگرتووم. دەچینە گەراج، بەگەرموگوڕی ماڵاوایی لە برادەرەکەم دەکەم و بەتایبەتی داوای لێ دەکەم لەلایەن منەوە، لەلایەن هاووڵاتییەکی نەناسراوەوە سەرەخۆشی لە مامە حاجی بکا.

***

**بەشێک لە ڕۆمانی " تا فردا خدا نگهدار" لە نووسینی برایم یونسی کە بە ناوی "برایمۆک" چاپ بووە و ڕەسووڵ سوڵتانی کردوویە بە کوردی. ئەم بەرهەمە هێشتا چاپ نەبووە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١

# بۆچی ڕۆمانەکانی برایمخانی یونسی بخوێنینەوە؟



ڕەسووڵ سوڵتانی

ئیبراهیم یونسی یان بە زاراوە شیرینەکەی لای خۆمان: برایمخانی یونسی، یەکێکە لەو قەڵەمە بەتوانایانەی کە بە زمانی فارسی خزمەتێکی گەورەی بە مێژووی میللەتی کورد کردووە و بەشێکی زۆری ئەو کتێبە بەنرخانەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی، ئەو بەرهەمانەن کە بیانییەکان بە زمانی ئینگلیزی لەبارەی کورد و مێژووی کوردستانەوە نووسیویانە. ئەگەرچی چەقۆی سانسۆڕی ئێران بەردەوام لەو بەشانەدا کە پێوەندییان بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوەیە، بێبەزەییانە و ڤینلەدڵانە؛ سەروگوێی کردوون، بەڵام بەو حاڵەشەوە کتێبە بەنرخەکەی “مەک داول”، “جاناتان ڕەندڵ”، “دیرک کینان” و “مارتین ڤان برۆیین سێن” وەکوو گەنجینەیەک لەبارەی مێژووی کوردەوە، بە زمانی فارسی و بە قەڵەمی گەوهەرڕێژی برایمخانی یونسی کەوتنە بەر دەستی خوێندەواری کورد و بوونە هۆی بەرچاوڕوونیی خوێندەواران و بەتایبەتییش چونکە وەرگێڕدرانە سەر زمانی فارسی، دەکرێ بەشێکی باش لەو پەیامە مێژووییانەی بەو نەتەوەیەش گەیاندبێ، کە لەسایەی دەسەڵات و سیستمەکەیانەوە بەسەر بەشێک لە خاکی کوردستاندا زاڵن.

ڕۆمانەکانی برایمی یونسی، ڕەنگدانەوەی کولتوور و لایەنی تراژیک و کۆمیک (خەمنامە و گاڵتە)ی کۆمەڵگەی کوردەوارین و بە زمانێکی خۆش و بە شێوازی ڕیالیستی نووسراونەتەوە. یونسی لە ڕۆمانی “بەخێرهاتی”دا کە دەکرێ لە ڕیزی “ڕۆمانە مێژوویی”ەکاندا دابنرێ، ئاوڕ لە چەند وێستگە و قۆناغێکی مێژوویی ڕاپەڕینەکانی کورد دەداتەوە، بەتایبەتی لە زمانی ڕۆستەمبەگ (کەسایەتیی یەکەمی ڕۆمانەکە) و ئەستێرەکانەوە؛ تیشک دەخاتە سەر شۆڕشی شێخ سەعید و شێخ مەحموود و



سەرچاوە Serchawe

کۆماری ئاگری (ئارارات) و لەوێدا ئەستێرە یان هەندێ جار ئەستێرەکان دەوری ڕەخنەگرێکیان خراوەتە ئەستۆ، کە لە دواندنی ڕۆستەمبەگدا دەکەونە شەنوکەوی مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی کورد و تیشک دەخەنە سەر خاڵە لاوازەکانی شۆڕشەکان و تەنانەت لە هەندێ شوێن ڕێگەچارەش دەخەنە ڕوو.

ئەستێرە کە لە خەباتی ڕزگاریخوازیی کورددا هەم هێمای ڕێنوێن و ڕێ‌پیشاندەری شەوە و لە جووڵەی سەربازیدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگە بەتایبەتی لە شەوە ئەنگوستەچاوەکاندا باشترین هێمایە، لەلایەکیشەوە کورد ئەستێرەی کردووەتە هێمای شەهید، کە لەم ڕۆمانەشدا بەشێکی زۆری ئەو ئەرکانەیان خراوەتە ئەستۆ، بەبێ ئەوەی نووسەر بکەوێتە داوی درووشمدان و دەمارگرژییەوە.

## برایمخان وەک وەرگێڕێکی هەرەباش

ئیبراهیم یونسی لە ئێراندا زیاتر وەکوو وەرگێڕ ناسراوە. فارسەکانیش هەرگیز نەیانویستووە جگە لە وەرگێڕێکی باش، بەهیچ شێوەیەک وەکوو نووسەر بناسرێ و ئاوڕی لێ بدرێتەوە. ئەو زمانەی یونسی ڕۆمانەکانی پێ نووسیوە، پێی دەگوترێ "زبان پسا استعماری" و زمانی کەمینە. کەمینەیەک لە بندەستی زۆرینەدا. زۆرینەیەکی خۆسەپێنی ئەویتر بەکەمگر.

**یونسی لە دوازدە ڕۆمانەکەی خۆیدا، جگە لەوەی هەر کام لەو ڕۆمانانەی لە ڕووی فۆڕمی گێڕانەوەوە شتێکی تایبەتن و تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە، ئاوڕی لە دوو ڕەهەندی زۆر گرینگ داوەتەوە:**

**یەکەمیان**: کەشی سیاسیی کوردستان و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتداران و زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی خەڵک لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە.

**دووهەم**: پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان و سەرهەڵدانی بیری نوێ و بەریەککەوتنی بیری نوێ بەتایبەتی بیری چەپ لەگەڵ سیستەمی دەرەبەگایەتی و زوڵم و زۆری ئاغا و بەگ و شێخ و مەلا لە خەڵک و نوقمبوونی خەڵکی کوردستان لە خورافات و هەژاری و شتی پڕوپووچدا.

لەو نێوەدا ئاماژەی بە شۆڕشەکانی کوردیش داوە و ڕەخنەی زۆر جیددی و وردی لێ گرتوون و لە هەندێ شوێن لە زمانی کاراکتەرەکانەوە ڕێوشوێنیشی بۆ داناون.



سەرچاوە
Serchawe

ڕۆمانەکانی یونسی، ڕۆمانی ئاسۆیی و یەک هێڵی نین. ڕۆمانی کلاسیک نین، بەپێچەوانەوە لە نوێترین تەکنیکەکانی گێڕانەوە کەڵکی وەرگرتووە. بۆ نموونە لە "پشکووتنی باخ"دا سێ هێڵی گێڕانەوە هەیە. لە "گۆڕستانی غەریبان"دا دوو هێڵی گێڕانەوە هەیە. لە "دایکم دووجار گریا"دا دوو هێڵی گێڕانەوە هەیە. جگە لەوەی شەپۆلی هۆش یان گەڕیانی زەین لەو ڕۆمانانەدا زۆر وردبینانە و شارەزایانە کاریان لەسەر کراوە.

## بەڵام یونسی بۆچی وەکوو نووسەر نەناسراوە؟

یونسی لەلایەکەوە کەوتووەتە بن بارستی ئەو هەمووە شاکارەی وەریگێڕاونەتە سەر زمانی فارسی و لە ئێراندا پێشوازییەکی گەرمیان لێ کراوە. لەلایەکی دیکەوە، نوخبەی ئەدەبیی فارس پێیان خۆش نەبووە و نییە کە خوێنەری ئێرانی بەگشتی یونسی وەکوو نووسەرێکی لێهاتوو بناسن، چونکە ڕۆمانەکانی ناوبراو، تۆێکاری و شیکاریی هەموو ڕەهەندە دەرەکی و دەروونییەکانی کۆمەڵگەی کوردین و لە ڕێگەیانەوە خوێنەری ناکورد ڕوانگەی بەرانبەر ئەو میللەتە دەگۆڕدرێ و خوێنەری کوردیش چاوکراوەتر دەبێ. یونسی، لە نێو فارساندا تەنیا وەکوو وەرگێڕێک ناسراوە. فارسەکان بۆیە نایانەوێ وەکوو نووسەر ناوی بێنن و ئیعترافی پێ بکەن، چونکی ئەگەر وەکوو نووسەر باسی بکەن، دەبێ ئاماژە بەکوردبوونی یونسی بدەن، ئەوەش بەلای ئەوانەوە بڤەیە. کە وەکوو وەرگێڕ باسی دەکەن، دەتوانن ئاسانتر ئەو لایەنەی لەبەرچاو نەگرن. لێرەدایە نووسەری کوردزمانی فارسی‌نووس دەیدۆڕێنێ. لەولاوە فارس نووسینەکانی ئەو نووسەرە ناخەنە نێو ڕیزی ئەدەبیاتی فارسییەوە، لەولایەشەوە بەرهەمەکانی وەکوو بەرهەمی ئەدەبیاتی کوردی لەقەڵەم نادرێن. کوردەفارسینووسەکانی ئێستا تێ بگەن.

## جیاوازیی ئیبراهیم یونسی لەگەڵ، یاشار کەمال و دەروێشیان و مەنسوور یاقووتی

نەتەوەی بێ‌دەوڵەت هەمیشە بەشێکی زۆر لە سامانە مەعنەوی و مادییەکەی تالان دەکرێ و زۆر جاریش بەشێک لەو سامانە بە دەستی خۆی دەخاتە نێو گەنجینەی نەتەوەی باڵادەستەوە، بۆیە گێڕانەوەی ئەو سامانە بۆ سەر سامانی نەتەوەکەی خۆت، کارێکی پێویستە.

لێرەدا زۆر ناچمە بنج و بناوانی ئەو بابەتەوە و هەوڵ دەگرم بۆ پێشەکییەک کە بۆ کۆبەرهەمەکەی یونسی دەینووسم. بەڵام بە پێویستی دەزانم بەکورتی چەند خاڵێکی جیاوازی نێوان یونسی و دەروێشیان و یاشار کەمال بخەمە بەر باس.

عەلی ئەشرەفی دەروێشیان و یاشار کەمال و مەنسووری یاقووتی و عەلی محەممەد ئەفغانی، ئەو نووسەرە کوردزمانانەن کە

بەشێکی زۆر لە ڕووداوەکانی زێدەکەی خۆیانیان کردووەتە هەوێنی بەرهەم و نووسینەکانیان. بەڵام ئەوان تەنیا وەکوو ڕووداوێک ئاوڕیان لێ داونەتەوە و لەو نێوەدا دەروێشیان لە هەمووان پتر ئاوڕی لە نایەکسانی و نادادپەروەری و زوڵمی چینایەتی داوەتەوە.

یاشار کەمال لە ڕۆمانەکانیدا پەنجە لەسەر زوڵم و زۆری سەردەمی عوسمانی و وێناکردنی بارودۆخی ژیانی کوردستانی ئەو قۆناغە و دۆخی کولتووری و بیروباوەڕ و دابونەریتی باکووری کوردستان دادەنێ.

ئەو کوردە فارسی‌نووس و تورکی‌نووسانە، هەرکام بە شێوەیەک لایەنێک یان چەند لایەنی کۆمەڵی کوردەوارییان کردووەتە هەوێنی ڕۆمانەکانیان. بەڵام لەو نێوەدا یونسی شتێکی جیاوازترە:

یونسی سەرەڕای ئەوەی سەردەمانێک ئەندامی حیزبی توودە بووە و لەو پێناوەدا تا بەر پەتی سێدارەش چووە، بەڵام لە هەموو نووسینەکانیدا دڵی لای نیشتمانەکەیەتی. سەرەڕای ڕەخنەی زۆر توند لە بزووتنەوەی کورد و سەرکردەکانی کورد، کە ڕەنگە زۆر کەس و لایەنمان پێشی تووڕە بین، یونسی لە زمانی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکانەوە پێشمان دەڵێ هۆکاری کەوتنەکانمان چین و ڕێگەی هەستانەوە و دەربازبوون و سەرکەوتنمان بە کام لادایە و چۆنە و دەبێ چی بکەین.

جگە لەوەش، لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا، مشتومڕێکی زۆر لە نێوان باوکێکی بەئەزموون و کوڕێکی شۆڕشگێڕی چەپدا هەیە، کە یەکەمیان باوکیەتی و دووەمیان خۆیەتی. لەو مشتومڕانەدا یونسی ڕەخنەی زۆر مەنتقی و ژیرانە لە بیری چەپ بەتایبەتی کۆمۆنیزم و سۆڤیەت و سەرکردایەتیی بەرەی چەپی ئێران دەگرێ و ئاکامی هەموو ئەو مشتومڕانەش ملکەچکردنی کوڕەکەیە بۆ بەڵگاندنەکانی باوکە بەئەزموونەکەی، بەڵام کەی؟ کاتێک کە ئیتر کوڕەکە لە پێناو ئەو بیرە چەپ و چەپڕەکەدا دەم لەپووش ماوەتەوە و دەست لە لاقان درێژتر گەڕاوەتەوەماڵێ.

### ئەوەیە جیاوازیی یونسی لەگەڵ ئەوانی دی.

### وەڵامی پرسیارێکی هەزار بارە

هەر دەست بۆ کتێبێکی لەوەپێش وەرگێڕدراو دەبەی، دەمودەست هاوار هەڵدەستێ "کاکە ئەو کتێبە لەوەپێش وەرگێڕدراوە"، لە حاڵێکدا کوردیش وەکوو نەتەوەکانی دی پێویستە فێر بێ و بزانێ کە زۆر ئاساییە دەقێک چەند وەرگێڕدراوێکی بە

زمانی کوردی هەبێت. قازانجی ئەو کارە لەچیدایە؟ یەکەم: خوێنەری کورد لەنێوان دوو یان سێ سەلیقەی وەرگێڕاندا سەرپشک دەبێ. جگە لەوەش، ئەگەر یەکێک لەو چەند وەرگێڕانە لەوانی دیکە باشتر بوو، ئەوا خوێنەری کورد فەرق و جیاوازیی نێوان وەرگێڕانی باش و خراپی بۆ دەردەکەوێ و لەمەودوا فێری ئەوەش دەبێ کە هەموو وەرگێڕانێک نەخوێنێتەوە، مەگەر متمانەی تەواوی بە وەرگێڕەکە هەبێت. ئێستا لە ئێران کە تۆ گوتت فلانە کتێب "محەممەد قازی"، "نەجەف دەریا بەندەری"، "عەبدوڵلای کەوسەری..." وەریگێڕاوە، ئیتر خوێنەر بەبێ هیچ دڕدۆنگی و پرینگانەوەیەک دەیکڕێ و بەمتمانەشەوە دەیخوێنێتەوە. ئێستا زۆر کتێب لەنێو کتێبخانەی کوردیدا هەن، شاکاری ئەدەبیی جیهانین، بەڵام مخابن وەها خراپ وەرگێڕدراون کە خوێنەر بە خوێندنەوەیان؛ نەک چێژیان لێ وەرناگرێ و هیچ سوودێکیان لێ نابینێ، بگرە لە کتێبخوێندنەوە و زمانە زگماکەکەی خۆیشی بێزار دەبێت.

من نامەوێ کۆشکی وەرگێڕانی خۆم لەسەر داروپەردووی وەرگێڕانی هیچ وەرگێڕێک هەڵبچنم، بەڵام بەداخەوە کاتێک وەرگێڕدراوە کوردییەکەی بۆ وێنە ڕۆمانە بەنرخەکەی "بەخێر هاتی"ـیەکەی "برایمخان یونسی"م دی، کۆمەڵێک هەڵەوپەڵەی خراپ تێگەیشتنم تێدا بەدی کرد، کە پێم حەیف بوو ڕۆمانێکی وا باش بەو هەمووە کەموکوڕییەوە لەبەردەستی خوێنەری کورد بێت، بەتایبەتی ئەم ڕۆمانە بەڕوونی و لە زمانی کەسایەتییەکانیەوە تیشک دەخاتە سەر هۆکارەکانی شکست و نسکۆی شۆڕشەکانی کورد و بەڕوونی پێمان دەڵێ کە ئەگەر دوژمنانی کورد زەبرێکیان لە کورد دابێ، کورد وێڕای ئەو؛ خۆی سەد تەوری لە ڕەگی خۆی داوە.

**هەژار لە وەسفی قەڵای سەرداری بۆکاندا دەڵێ:**

ئەو قەڵایەی کە بەرز وەستاوە
دوور لە ئێستاکە هەوارگەی پاوە

سەرسەرا و کۆشکی گەلێک سەردارە
بۆتە بەر دار، چ خودا بەردارە

پیاو نەمان و ئەوی مان خوێڕی بوون
هێڕ و وڕ، فێری خڕەی زێڕی بوون

کوردە نامووسی فرۆشرا بە چڵە
گای شڵە گشتی لە خۆ بوونە مڵە

## یادێک لە برایم یونسی، وەرگێڕ و نووسەری پڕ بەرهەم و بێدەنگ

۲۰۱۲ - ۱۹۲۷

هەر کەسەی بوونە کەوی دەست دوژمن
ئەیەویست خزم و کەسی خۆی قڕ بن

دان دران، تا لە چیا کەو دەفڕی
کاتێ تاران، سەری وانیشی بڕی


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۸ی ئۆکتۆبەری ۲۰۲۱

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕەزبەری ۲۷۲٤ی کوردی = ئۆکتۆبەری ۲۰۲٤ی زایینی**

---




سڵاو لە دوکتور برایم یونسی، گەورە وەرگێڕ و نووسەری پڕ بەرهەمی کورد



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو نووسەران  بۆ نووسین و ئامادەکردنی  وتار، و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe